# ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك

## لە بەشە نادیارەکانی سەفەری دوایەمین نەوەی ئەفسانە

رۆمان

عەتا محەمەد



PDF4Kurd

بۆ عەزابەکانی ئاسیا...

شانشینی تاریکیو رامان فەرەیدون حەسەن...

قل لن يصيبنا الا ما كتب الله لنا... "سوره التوبه"

يا غلام انى اعلمك كلمات احسب الله يحسبك، احسب الله تجده تجاهك اژا سئلت فسأل الله واژا استعنت فستعن بالله واعلم ان الامه لو اجتمعت على ان ينفعوك بشىو لم ينفعوك الأبشىو قد كتبه الله لك ولو اجتمعوا على ان يچروك بشىو لم يچروك بشىو الأ قد كتبه الله عليك..جفت الاقلام ورفعت الصحف... "حديپ نبوى"

ان الله تحت جبتى.... "الشيخ جنيد البغدادى"

رايت ربى بعين قلب فقلت من انت قال انت
"الحلاج "

دنيا بە تەحقيق هەمووی مەجازە
رازو نيازی تيادا مەخوازە
سينەت قەڵغانی تيری قەزا بێ
قەڵەم چی نووسی تێ پەڕی تازە
"خەيام"

ژيانم ڕێك ئەوەندە دەبێت كە خوا بڕياری لەسەر داوە
"دۆن كيشۆت"



## بەشەكانی ئەم كتێبە


-پێشەكی
-كتێبی سەفەر
-بەرەو رابردوو
-ڕێكەوتە يەكتربڕەكان
-شەوی خوێن
-حيكمەتەكانی كەناری
-خوێندنەوەی جەستە
-هاتنی ياخيان
-ئەفسانەی براكان
-بەرەو پەندەكانی بيابان
-لە بازنەوە بۆ سێگۆشە
-چيرۆكی ئاوێنە
-دەروازەی هەڵهاتن
-بەناو كتێبی بياباندا
-بەرەو ناديار
-فريو دانەكانی لەزەت
-ئاكام

له كتێبه كۆنەكەدا ئاوا نووسرابوو :

پاش ئەوەی پەیكەرتاشەكە دەستی تەكاندو كەمێك لە پەیكەرەكە دوور كەوتەوە كە هەر ئەو كاتە دوا لێدانو سرِینی ویست، بۆ یەكجاری دەستی لێهەلگرت. پەیكەرتاشەكە رووبەرِوی پەیكەرەكە سەرسامانە وەستا وەك ئەوەی باوەرِ بەو جوانیە ئەفسانەییە نەكات كە لە پەیكەرەكەدا دەیبینیو دەستەكانی لە ئەندێشەیەوە دەریانهێنا. ئەوە دەستی ئەم بوو پەیكەرێكیان بە هەموو ناسكیو جوانیەكەوە لە بەرد خولْقاند.. لەبەردەم جوانیدا پەیكەرتاشەكە بێئاگا رامابوو، بێئەوەی بتوانێت بیر لە شتێكی تر بكاتەوە جگە لەوەی خولْقاندوویەتی، وەك ئەوەی لەسەر چێژی جوانی بژی. بەلاٚم ئەو چێژە لەوە بێهێزتر بوو بتوانێت رووبەرِووی مردن بێتەوە. ئەوەبوو بەیانیەك پەیكەرتاشەكەیان لە شوێنی خۆیداو بە دیار ئەو پەیكەرەوە كە لە ئەندێشەوە خولْقاندی، بە مردوویی دۆزیەوە.

پاش ئەوەی سلێمان بە قولّی بیری لەم حیكایەتە كردەوە كە لەبارەی پەیوەندی نێوان خولْقێنەرو خولْقێنراوەوە بوو، قەلّەمی بە دەستەوە گرتونووسی:

من سلێمان، وەجاخزادەی ئەو بنەمالّە پیرو كەنەفتەم كە خوا بۆ هەتا هەتایە لێیان زویر بووەو لەو پەرِی گۆشەگیریو تەنیاییەوە سەیری ژیان دەكات. ئاماژەكانی پێیدەوتین كە ئێمە نەوەیەكی پەراوێزكراوی ئەوینو هەموو دەرگاكانی بەرِوومان‌دا داخستووە. من لە خۆرگیرانە گەورەكەدا كاتێك خەلّكی بە پیرو ئیفلیجو منداڵەوە بەرەو مزگەوتەكان بەپێی پەتی رایان دەكردو نوێژی



قولْیان دەبەست، بەدەم گریانو دادوفیغانەوە رووەو تەكیٚو قسنە پیرۆزەكان دەرِۆشتنو بەدەم پارِانەوەوە دەكەوتن بەسەر گۆرِەكانداو خۆلّی سەریان دەخواردو دەچوونە قولْترین زیكرەوە، بەدەم وەشاندنی زرگو شمشێرەوە قورئانیان بەرەو سنگی تاریكیەكە بەرزدەكردەوە.. من لەوكاتەداو لەناو ترسو لەرزی تەنیاترین ژنی بەدبەختو چارە رەش كە بەدەم ژانەوە لە گۆشەی ژورێكی چۆلْدا دەتلایەوە، لە دایكبوومو بووم بە تاقانەی تەنیاییو تاریكی وەك دواتر دایكمو خزمانم پێیان دەوتم، بێئەوەی كەس ئەو سەفەرە ئەندێشەییە لە سیمامدا بخوێنێتەوە كە دواتر بە دوای چارەنووسی خۆمو بنەمالّە پەژمووردەكەمدا كردم.

لەگەلْ ئەوەی من بەو كورِە خەیالْئامێزە ناسرابووم كە دەیتوانی زۆرترین كات بە ئەندێشە كردنەوە بەسەر بەرێتو سەراسیمە بەناو وێلْگەكانی خەیالْدا برِوات كە مۆلْگای چێژو ئارەزوویەكی بێبرِانەوەیە، كەچی دەبوومە مایەی گالْتەو ترسی خزمە بێچارەكانم كاتێك دەیانبینیم چێژ لە رامانی ئاورنگی سەر چلّە گیایەك تا لە هۆشخۆچوون، دەبینم. یاخود دەمتوانی بە دالْغەقولّەكانم، بگەرِێمەوە سەر یەكەمین خانەی خەلیقەت، ئەو دەریایانە ببینم كە تەمەنێك لە رۆشتنی كاروانەكانیان دەوێت، ئەو بوونەوەرانەش ببینم كە تەنها لە خەیالّی خۆمدا دەیانخولْقێنمو ناوی سەیرو نامۆیان لێدەنێم. من لە بیرەوەریمدا دوو جار ژیاومو لە چارەشم نووسرابوو كە هەرگیز گۆرِی باپیرەم نەبینم كە خەونی بە داگیركردنی هەموو پێدەشتو كانییەكەوە دەبینیو لە چارەشم نووسرابوو كەس نەوێرێت هیچ ناوێكم لێبنێت تا خۆم گەورە بوومو خۆم ناونا. چونكە ئەوان سامی ئەو ساتە ترسناكو شوومەیان بیرنەدەچووەوە كە تیایدا لە دایك بوومو نەدەزانرا بە شەو یاخود بە رۆژ ناوی بەرن. هەربۆیە ناوێكیان نەدەدۆزییەوە دەرەقەتی ئەو ساتە بدات كە تیایدا دایكم شێت بوو، بە زنجیر دەیانبەستەوەو

چەندین شێخو پیاوچاكیان دەگێڕاو منیش شیری ئەو ئافرەتەم خواردو منداڵیشم بە بێناو بەسەر برد.

لە دوای ئەو خۆرگیرانەوە بوو كە بنەماڵەكەمان وەك گوڵەباخێكی پەشمووردەو سەرگەردان زەردو سیس هەڵگەڕاو نیشانەكانی زویر بوونی خوا بەدەركەوت، ئەویش لەو منداڵە كوێرانەوە كە دیاربوو خوا نایەوێت دیمەنە رەنگینەكانی ببینن‌و ئەو كەڕانەی خوا بێباكە لەوەی ئایەت‌و ویردەكانی ببیستن، ئەو لالأنەش كە خوا ئامادە نیە گوێ لە نزاو پاڕانەوەیان بگرێت. لێشاوی ئەو منداڵە ئیفلیجانەش كە لە نوێژدا كڕنووشیان دەبووە مایەی پێكەنین‌و خەونەكانمان شەیتان دزەی كردبووە ناوی.. هیچ نەبوو جگە لە بێباكی ئەو.. لە زویر بوونی. ئێمەش دەمانزانی ئەوە نیشانەكەیەو بنەماڵەكەمان لە ناودەچێت، باپیرەمان بە ئازارێكی سەختەوە كە لە سیمایدا بە چەشنی بێدەنگییەكی كوشندە بە دەردەكەوت، سەیری دەكردین. ئەگەرچی ئەو لە دەستەكانیدا سەرسەختی‌و لە چاویدا سەركەشی رۆژانێك دەبینرا كە وەك تارمایی لە پشت شانازیمانەوە بوو. ئەو پیاوە دڵڕەقەی وەك شمشێر بەناو جەنگەڵی ژیاندا رێیدەكرد. لە دوای ئەو رەشەبایەوە كە لە خوێنی وەچەكانیدا هەڵیكرد، بە ئازارەوە دەیوت:

-خۆزگە گڵ بوومایە نەك ئادەمی*..

ئەو پیاوە پیرە وایدەوت كە نەدەبوو بمرێت‌و بۆ هەتا هەتایە دڵنیای كردین لەوەی گۆڕی نابینین، بەوەی ئەو بوونەوەرێك بوو لە سەرو مەرگەوەو دەبوو شایەتی عەزابەكانمان بێت‌و ئازاری لەناوچوونی بنەماڵەكەی هەڵگرێت‌و لەسەر پێخەڤی مردنەوە بە دوو چاوی غەمبارەوە لە ئێمەو كرانەوەی دەروازەكانی ئاشوب‌و ئەو مەملەكەتە بڕوانێت كە بە خوێنی خۆی دروستی كرد. كاتێكیش ئەو

* سورەتی النباء ئاەتی 40



موڵكدارە خاكستەریە كە چەندین دۆنم‌و گردو كانیاوو پێدەشت بە بوونەوەرو گوندیەوە لە ژێر بەزەیی ئەودابوون‌و لەو خاكە بەیارانەدا ئاڵتونی بە خوێن دەدورییەوە، بەدەم حەسرەتی تەنیایی بنەماڵەكەیەوە لە جێگادا كەوت‌و چاوەڕوانی مردنی دەكردو دەبوایە دوا وەسێتی بكات.

لە وەسێتكردنەكەیدا هەموو خزمان‌و حەكیم‌و ئەو بەختگرەوەیەش ئامادەبوو كە پێشتر ساڵانی پڕ لە نەهامەتی لە تەوێڵی باپیرەمدا خوێندبوەوەو چەندین شەویان بە پێ بڕیبوو تا لە سەرەمەرگدا لە ژوور سەریەوە بن. ئەوكاتە باپیرە لەناو ئەو پێخەفە ئاوریشمیەیدا راكشابوو كە ساڵانێكی زۆر لەوەوبەر لە رێگایەكی پڕ لە مەترسی رۆژهەڵاتەوە بۆیان هێنابوو تا شایەنی مردنە پڕ لە شكۆكەی بێت. بەڵام وەك چاوەڕوان دەكرا باپیرە هەرگیز نەمردو هەرگیز وەسێتەكەشی تەواو نەكرد، ئەمەش ئەو نهێنیە بوو كە تا ئەو كاتە كەس نەیدەزانی‌و لەپشت زیندوێتی باپیرەمانەوە بوو. چونكە ئەو رۆژە بەختگرەوەكە پێیوتین كە ئەو پیاوە مردن لە چارەی نەنووسراوەو دەبێت عەزابی بنەماڵەكەی هەڵگرێت. ئیتر لەو رۆژەوە باپیرەمان بەردەوام وەسێتی دەكردو زەوی‌و موڵكەكانی دابەشدەكرد بێئەوەی بێبایەخترین شت لەیاد بكات كە لە سنووری ئەمدابوو، هەر لە پەلكی مێوێكەوە بۆ تاوێری سەر رێگاو جۆگا كوێرەوەبووەكان‌و رەزو.. بەردەوام ئەو پیاوە دڵڕەقەی جگە لەكار هیچ حیكمەتێكی تر نەبوو لە ژیانیدا تا سنووری زەوی‌و زارەكانی فراوان‌و فراوانتر بكات، وەك حیكایەتخوانێكی شارەزا بە هەموو پەنهانیەكانی ئەو حیكایەتەی دەیگێڕێتەوە، بە وەسێتەكەیدا رۆدەچوو كە بەردەوام لە مردنی دوور دەخستەوە. ئەمەش نهێنی زیندوومانەوەی بوو. بەڵام هەرجارەو بە جۆرێك دەگەڕایەوە سەر وەسێتەكەی‌و شت‌ومەك‌و نازناوو پەیوەندی ژنوژنخوازی دابەشدەكردەوەو رێكیدەخستنەوە. دەنگی بەناو ماڵەكەدا بڵاودەبوەوە كە هەر بە كاروانسەرا دەچوو، بەوەی وەك شارە مێرووڵە تێیدا

لەدایك دەبووینو بێئەوەی کەس بتوانێت ئەو ماڵە جەنجاڵە بەجێبهێڵێت کە پڕبوو لە حەسرەتو کار. باپیرەش بەوردی چاودێری هەموو سووچو کەلەبەرێکی کاروان سەراکەی دەکردو ئاگاداری خەونو خەیاڵەکانیش بوو.

ئەم حیکایەتە جار لەدوای جار بەردەوام دەبوو کە هەمووانی دڵنیاکرد بۆ ئەبەد تاتەشۆرو دارەمەیتو خامی کفنو هەموو تەدارەکی پرسەکەی دووربخەینەوە بە مەنجەڵە گەورەکانو بارە داری چێشتلێنانو بامێ قنچککراوەکانو برنجە بژێراوو بەرەو پشتیە پەڕەکانەوە.. ئەویش لەناو بێدەنگیو چاوەڕوانیی نەوەو نەوەزا کەنەفتەکانیدا بەردەوام وەسێتی دەکردو هەموو بینیمان هێواش هێواش گەنج دەبێتەوە تا توانی بۆ جارێکی تر بە حەوشەکەدا بڕوات، هەموو شتێك بەسەر بکاتەوە. ئیتر بۆ یەکجاری دڵنیای کردین کە مردن لەو ناوە دوورکەوتۆتەوە وەك ئەوەی پەیمانێکی نهێنی لەگەڵ بەستبێت.

ئەوەبوو دوای چوار ساڵ لە خۆرگیرانەکە باوکم لەم وەسێتە بێکۆتاییانە بێزاردەبێتو دەست لە میراتیەکەی هەڵدەگرێتو لە شەوێکی کپوخامۆشدا رووەو شار، ئەو زەویە نەفرەتیانەی باپیرەمان بە چاوی ترسەوە سەیری دەکرد، هەڵدێت. ئەگەرچی دەیزانی ئەم یاخی بوونو سەرهەڵگرتنە بە چەشنی برین لە دڵی ئەو پیاوە پیرەدا کە مردن زەفەری پێنەبردوو منداڵ بووەوە، بەرجەستە دەبێتو هەرگیز ساڕێژ نابێت.

منیش کە نەوەی ئەو پیاوە ئەفسانەییەمو خوێنی ئەو لە دەمارەکانمدا قولپەدەدات، دوای گەڕانەوەم لەو گەشتە سەیرە کە تەنها خەیاڵ دەرەقەتی دێتو چارەنووس هێنایە سەر رێگام، بڕیارمدا وەك خۆی بینووسمەوە. ئەو گەشتە بنووسمەوە زەنگۆڵ زەنگۆڵ تاڵیو لەزەتی لێدەچۆڕا، بە چەشنی خەونێك بوو کە خەوبینی تێدا نەبێت تا تۆ ئەی تاقە کوڕی من دەروازەکانی ئایندەت بەڕودا بکەمەوە، ئەگەرچی منیش پێڕانەگەشتم هیچ ناوێکت لێبنێم. چونکە دەمویست



هەڵگری ناوێك بیت کە هەموو ناوە زانراوو نەزانراوەکانی لە خۆیدا حەشاردابێتو نهێنی پیتەکانی لە خۆگرتبێت، ئەگەر ئەو نەخۆشیە سەیرەت نەبووایە کە وردە وردە کاڵدەبیتەوەو دیارنەدەمایتو هەر بە جادووی جادووگەرێکی ئاشوفتە دەچیت.

لە کۆتایی ئەو سەفەرە ئەندێشەییەداو پاش ئەوەی تۆ بە بینراوی لە دایك بوویتو وردە وردە کاڵدەبوویتەوە، بێئەوەی کەس بتوانێت بووبینێتو دەبوو هەر بە نادیاری گەورەببیت، زانیم هێشتا رەهێڵەی ئافات لە خوێنماندا هەڵدەکات. ئەمەش قەدەری ئەو نەوەیە بوو کە لە وەسێتێك هەڵهاتن تا وەسێتێکی تر بیانووسێتەوە، نەوەیەك رەچەڵەکیان دەچووەوە سەر رەشەباو باران، پشتاو پشت دەچوونەوە سەر موڵکدارو ئەو چەتەو چەکدارانەی بە خوێن زەویان ئاوەدان دەکردەوەو بۆنی باروتیان لێدەهاتو هەرجارێك دەچوونە لای ژنەکانیان تفەنگەکانیان لە ژوور سەریانەوە دادەناو فیشەکدانو خەنجەرەکانیشیان لە خۆیان نەدەکردەوە تا کوڕیان ببێت. ئەفسانەی ئێمەش دەچێتەوە سەر ئەم حیکایەتەو وەك دەڵێن ئەو پیاوەی تۆوی ئێمە لە پشتیدا بووە لەبەرامبەر تفەنگێکی دەسك ئاڵتونیدا دوو خوشکی خۆی بەخشیوە.

من واز لە دوژمنایەتیە سەختو شەڕو شۆڕو بەسەرهاتی ئەو بوونەوەرانە دەهێنم کە لەم بنەماڵەیەدا ژیان، بێئەوەی هەست بە ژیان بکەن. چونکە لێرەدا کەس بەفریای نووسینەوەی خۆی ناکەوێت. بەڵکو تەنها دەبێت لە گەرداوی حیکایەتو سەربووردەکانی پێشیناندا وێڵ بێت. بەلآم من دەمەوێت لەو حیکایەتانە بێمە دەرەوە کە لە شێوەی قەفەس چنراون تا حیکایەتی خۆمت بۆ بنووسمەوە. ئەگەرچی ئێمە لەو نەفرەتە دەربازنابین کە بە تەوێڵمانەوەیەو لە شێوەی جۆگەلەیەك خوێن دەڕژێینە مێژووەوە. هەرچەندە من هیچ ناوێکم لێنەنایت چونکە نەمدەویست بە تەنها ناوێکەوە بمریت کە تۆ دوا وەجاخو

چارەنووسی ئێمەیت، من دەمەوێت حیکایەتی پەژمووردەیی خۆمت بۆ بنووسمەوە تا نەك وەك شنەبایەك گوزەر بکەم‌و لە چاوەڕوانی دوا سەفەردا کە پێدەچێت مردن بێت، دانیشم‌و بۆ هەتا هەتایە لەبیربچمەوەو تۆش دەتوانیت وشە بە وشە گوێم لێبگریت تا ئازارو حەسرەتی ئەو دیارنەبوونەت بیربچێتەوە ئەویش بە چوونە ناو ژیانی ئەو پیاوەوە کە سنوورەکانی شوێن‌و کاتی بڕی‌و مانای قەتیس بوونی نەدەزانی، توانی سەفەرێکی جادووییانە بە دوای چارەنووسیدا بکات ئەویش پاش ئەوەی توانی بگەڕێتەوە ساڵی 1820 و جارێکی تر لەو ساڵانەوە بەدوای مێژووی خۆیدا بگەڕێت، هەرچۆن دەبێت تۆش بەدوای خەونی خۆتدا بڕۆیت.

* * *



کتێبی سەفەر

لە ئێستاوە بەرەو رابردوو

دواجار قەدەروابوو لە شوێن هەڵبێمو نەبمە کوڕی جێگا. ئەم قسەیە دوای سالآنێك لەو گەشتە جادوویە ئەو پیاوە کردی کە کتوپڕ لە چاو ون بوو بێئەوەی جارێکی تر ببینرێتەوە یاخود کراسە خوێناویەکەی بهێننەوەو بە سلێمانی وەجاخکوێر ناسرابوو کە تەنها کەس بوو وەك دەیان وت هەمیشە لە خەونەکانیدا خۆی لە شێوەی ئافرەتدا دەبینی. بەلآم گەشتی ئەو گەشتێك بوو بە خەیاڵداو لەو دیو سنوورەکانی ئێستاوە دەستی پێکرد کە هەموو پەڕەیەك نەیدەتوانی لە خۆیبگرێت. ئەو پیاوە بە مێرگێکی خەیاڵ دەچوو کە دەیتوانی لە یەك کاتداو لەو شوێنەی لێیەتی بپەڕێتەوە ناو چەند ساتێکی جیاوازو تیایاندا بژی بێئەوەی گرفتی لەگەڵ شوێندا هەبێت. ئەگەرچی شوێن زیندانێکی تەلآیی کراوبوو بە ئارامی لەلایو وەك نەفرەتێك دەیبینی کە دەرباز بوون مەحاڵ بێت لێی. بەلآم سەرئەنجام توانی لە کۆتەکانی شوێن هەڵبێت تا بەدوای زەمەنی خۆیدا بگەڕێت. لێرەوەو لە رێگای ئەم گەشتو سۆراخە جادووییەوە سلێمان توانی مێژوویەکی تر لەناو مێژوی بنەماڵەکەیدا بخولقێنێتو جوغرافیایەکی تر لە نەخشەکاندا بدۆزێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی حیکایەتی ئەو خەونە سەیرانەی هەردەم وەك ئافرەت خۆی تێدا دەبینیو ئەو کانیاوە درەوشاوەیەی خەیاڵ کە لەمدا تەقیوە، یەکێك بوو لە ئەدگارە سەیرو نامۆکانی، تەنانەت لەناو بنەماڵەکەشیدا. بەلآم تەنها شتێك کە لە توانایدا نەبوو ئەندێشەی بکات، ساتی مردنی خۆی بوو وەك ئەوەی دەربازبوونی باپیرەی لە مردنو هەڵهاتنی یەکجاری لێی، ئەو خەونە ترسناکە بووبێت کە چێژی ئەندێشەکردنی ئەو ساتە ئەفسوونیەی تێدا کوشتبێت. چونکە ئەو وەك



نغرۆیەك لە مێرگی خەیاڵداو بێباکانە لە قەدەری خۆی رادەماو بە خەیاڵ دەچووەوە ناو ئەو کۆشکانەی، بە خۆیانو حەوزی شیریانەوە کە کەنیزەکە چاو خومارەکان بە مەمك سوڵتانو دەستو پێوەندەکانیان تێدا دەشێلاو حەرەم سەراکان کە چاو کۆتاییەکانیان نابینێتو لە هی سوڵتانەکانی عوسمانی بە رەونەقترن.. دەیتوانی بە ئەندێشەوە بچێتەوە سەر رۆحی ئەو بۆنانەی عەتارەکان لە گەنجینەکانیاندا دەیشارنەوەو ئەو بۆنانەش کە تا ئێستا بۆن نەکراون.. ئەو پارانە بەکاربهێنێت کە نەبینراونو فەتحی ئەو شارو زەویانەش بکات کە نەخشەکان پەیان پێنەبردووە.. ئەو دەیتوانی بن دەریاو ناو گڕکانەکان بگەڕێتو بگاتە چێژێك لەودیو چێژە زانراوەکانەوە. بەلآم تەنها شتێك کە بێتوانا بوو لە بەردەمیداو نەیدەتوانی ئەندێشەی بکات، کاتی سەرەمەرگی خۆی بوو وەك ئەوەی ئەم ساتە لە دەرەوەی چێژکردندا بێت. ئەو دەیویست لەو دیو ئازارەوە بە دوای چێژێکدا بگەڕێت کە ژیان فەرامۆشی دەکات. ئەم پەیوەست بوونە سەیرەی سلێمانیش بە خەیاڵەوە زۆر کەس وا لێکیان دەدایەوە کە لەو ساتە شوومەی ئەمی تێدا لەدایك بووە، رۆحە نەگریسو شەڕانگێزەکان تێیدا بەرەڵآدەبنو لە لەشی ئەمدا خۆیان حەشارداوە. بەلآم سلیمان تا دەهات زیاترو زیاتر بە ئەندێشەدا بە چەشنێك رۆدەچوو کە ژیان رەنگدانەوەی ئەندێشە بوو لەلای. تەنانەت کاتێك چووە حوجرەو لەگەڵ لەبەرکردنی قورئاندا پەی بە چێژی خەتو نووسین برد، دەیتوانی کاری سەرسووڕهێنەر لە نووسینی ئایەتەکاندا بکات بەوەی وێنەو دیمەنی سەیریان پێدرووست بکات کە لەو ئەندێشە فراوانەیەوە سەرچاوەی دەگرت.

سلیمان بەوپەڕی بێبایەخیەوە سەیری شوێنی دەکرد، هەرچۆن سەیری هەموو شتە بینراوو فانیەکانی دەکرد. بەلآم زەمەن تا ئەو پەڕی سەرسامی پەلکێشی دەکردو وەك کۆیلەیەك بەدووی سەفەرە وێڵکەرەکانیدا دەڕۆشت. ئەو دەیزانی

سەر بە وەجاخێکە کە رەگیان لە شوێندا داکوتاوەو لە دەرەوەی زەمەن‌و ئەو گۆڕانکاریانەدا دەژیان کە وەك ئافات بەسەریاندا تێدەپەڕی. هەربۆیە ئەو لە بەرامبەر زەمەن‌و ئەو ساتانەی تێدەپەڕن‌و ئەوانەش کە دێن، هەستی بە نامۆیی دەکرد. هەر لێرەشەوە بوو کە نەیدەتوانی ئەو چرکە ساتەی سەرەمەرگ ئەندێشەبکات کە لەش بەرەو عەدەم دەخزێت‌و شتێك نامێنێت پێیبووترێت کات. بەڵکو دەبینەوە بە کوڕی هەمیشەیی شوێن. هەربۆیە ئەو هەوڵی دەدا ساتێك‌و هەموو ساتەکانیش بێت، خۆی‌و هەمووانیش بێت. کاتێك بە ویقارەوە بە بازاڕدا دەڕۆشت لەو ساتەدا گەڕابوەوە بۆ یەکێك لە رووداوە بێشوومارەکانی رابردوو، دەگەڕایەوە بۆ ساتە جادوویەکانی فیرعەون‌و خەریکی راکێشانی تاوێرەکان بوو.. ئەو ساتە پڕ درەوشانەوەو تیوارانە چەند زۆر بوون کە سلیمان لە ئەندێشەیدا وەك نەخشی دڵڕفێنی سەر مافورێکی ئارەزو بەخش دەینەخشاند. بەڵام لەبەردەم چێژی مردندا خۆی وەك لمی بیابان دەهاتە بەر چاو کە رەشەبای قەدەر یاری پێبکات، هەرگیز نەیدەتوانی وێنای ئەو چێژە بکات کە دواجار کاتێك دەیگاتێ دواین هەناسە وەك قرخەیەکی سامناك لە گەرویدا گیردەبێت یاخود کە وێنەی شتەکان لەسەر بیلبیلە بە فرمێسك تەڕەکانی کاڵ‌و کاڵتر دەبنەوە. ئەو دەیویست بزانێت ئەو ساتانە پڕ ئازارن یاخود خۆشنوودی، نەشئە بەخشن یاخود بە چەشنی تاڵاو دەڕژێتە ناومانەوە. بەخۆی دەوت ئەگەر مردن پڕ ئازارو قێزەونە بۆ هەوڵنادەین جارێکی تر ژیان هەڵبژێرینەوە، ئەگەر لە رێگای ئەندێشەشەوە بووە. بەڵام مردن شتێك بوو لەودیو سنوورەکانی چێژەوە.

سلێمان پێش ونبوون‌و لە بەرچاو نەمانە یەکجاری‌و سەیرەکەی (بۆئەوەی لە هەموو سلیمانەکانی تر جیابێتەوە بە خۆشنووس یاخود ناسخ ناوی دەبەم کە شارەزابوو لە نووسینی خەتە جیاوازەکان‌و ناسینەوەی سەردەم‌و خاوەنەکانیان، رێکەوتبوو بۆ شارەزابوونی تەواو لە نووسینی پیتێك بە شێوەی کوفی چەندین



مەلاو حوجرە دەگەڕاو بۆ نووسینی سینی چەماوە بە فارسی چەندین شارو گوندی دەکردو چەندین دەستنووسی هەڵدەدایەوە تا لە رامکردنی دڵنیا دەبوو) لە گۆشەیەکی "قەیسەری نەقیب"داو لەو دوکانەی لە باوکیەوە بۆی بەجێما کە سالآنێکی زۆر هەر لە دوای راکردنی لە وەسێتەکەی باوکی، تێیدا خەریکی بازرگانی کردنبوو بە گژوگیاو خەنەو رۆحی عەترەکان، لە شامەوە بۆ بەغدادو تا دەگەڕایەوە ئەسفەهان دەڕۆشت. بەڵام سلیمان کردیە شوێنی نووسین‌و لەبەر نووسینەوەی دەستنووس‌و کتێبە بە نرخەکان کە بە زەخرەفەو نەخشە کەوانەیی‌و چوکڵە دارەکانیانەوە کە بە ئاوی ئاڵتون‌و زیو دەیڕازانەوە، ئەو زەخرەفەو نەخشانەی لە نەستەوە دەهاتن‌و حیکایەتی ئەو ئەندامانەیان لە خۆیاندا حەشاردابوو کە جێگای ئالۆش‌و لەزەتن‌و پاش حەرامکردنی وێنەو دروستکردنەوەی جەستە بە رەنگ‌و قوڕ. کە تەنها کاری خوایە، پەنایان بۆبراو سلیمان بە وردەکاریەکی سەیرەوە خەریکیان دەبوو کە ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیداکردبوو . تەنانەت زۆر جار لاسایی کردنەوەی ئەو نەخش‌و زەخرەفانەی خۆی دەبینیەوە لەلایەن خۆشنووسی ترەوە. لەگەڵ ئەوەی هێشتا کەسانێك مابوون سەرسام‌و سەراسیمەی ئەو پەرتووکانە بن بە دەست نووسراونەتەوە نەوەك بەپیتی ئاسن‌و ئامێری لەبەرگرتنەوە کە هەموو هەڵچوونەکانی نووسین‌و سیحری ئەو مەرەکەبانە دەکوژێت کە کاروانەکان لە قووڵایی ئاسیاوەو پاش بڕینی شارە تاعوناوی‌و پیرۆزو لەبیرکراوەکان‌و دوای ئەوەی دەستەویەخە لەگەڵ چیاو کرێوەو توینێتی‌و چەتەدا دەجەنگان، دەیانهێناو بۆنی ئەو گیایانەیان لێدەهات کە بە فرمێسکی کەنیزەکەکانی رۆژهەڵات ئاو دەدرێن‌و لەکاتی خوێندنەوەدا گەرمی ئەو فرمێسکانەیان لێدێت‌و خوێنەر بەدوای خۆیاندا پەلکێش دەکەن. بەڵام تا دەهات خوێنەرو کۆکەرەوەی دەستنووسەکان بە رادەیەك بەرەوکەم بوونەوە دەچوو کە ترسی پووکانەوەو فەوتانی کارەکەی هەبوو. ناچار لەبەردەم زەمەنی

قاتوقڕیو گرانیە دڵرەقەکاندا کە کەس بە فریای کەس ناکەوێت، لەبەردەم دوکانەکەیداو لەپاڵ سملّو زاخو خەنەو ئاوی زمزم کە حاجیەکان لەو سەفەرە دورانەی مانو نەماندا دەیانشاردەوەو وەك بەنرخترین یادگاریی ئەو سەفەرە دەیانهێنایەوە، هەندێك داوودەرمان کە لە گژوگیا دەرهێنرابوونو بۆنی سەیریان لێوە دەهات، گوڵی وشککراوەو سوورەتە کورتەکانی قورئانو ئایەتە ئارامبەخشەکانو چاوەزاری لەسەر کاغەزی رەنگاورەنگ دەنوسییەوەو جزوبەندی کتێبی کۆنی دەکردو نامەو ئەرزوحاڵیشی دەنووسیو بە کەڵە شاخیش خوێنی پیسی لە پشتو رانو قۆڵی ئەوانە دەردەکرد کە بەدەست ژانەوە دەیانناڵاند. جارجارەش ئەگەر داوایان لێبکردایە خەتەنەی دەکرد کە زۆر جار ئەو کوڕو کچە عازەبانەی دەناسیەوە بە بەردەم دوکانەکەیدا رەت دەبوونو ئەم ئەو پارچە گۆشتو پێستە نەفرەتیەی بڕیبوون. لەگەڵ ئەو سەرقاڵیەی وا بەدەردەکەوت تێیدا دەژی، هێشتا رۆژانە کاتێکی زۆری بۆ دەمایەوە تا بە داڵغەلێدانو قسە کردن یاخود بە نووسین لەو کەشکۆڵەدا دەیبردە سەر کە شیعرو رووداوە واقعیو ئەندێشەییەکانی تێدا دەنووسیەوە.

قەیسەریەکە دەکەوتە ناوەڕاستی شارەوەو شاریش بە شێوەی تەونی جاڵجاڵۆکە بە دەوریدا خۆی دەتەنی. رۆژانە ئەو چوار دەرگایەی رووەو هەر چوار رەوگەکە هەیبوون، دەخرایە سەر پشتو لێیەوە دەڕوانرایە جیهانو چاوەڕوانی کڕیارو ئەو کاروانانەی دەکرد کە لە ماوەیەکی دوورەوە زڕنگەی زەنگۆڵەکانی دەگەشتە شار. هەر یەکێك لەو دەرگایانە سەرەتا بوو بۆ چوونە ناو وێڵگە چێژاویەکانی بازاڕەکەوە کە بریتی بوو لە تووناوتوونی کۆمەڵێك کۆڵانی باریكو پێچاوپێچی لەناو یەکدا کە دووکانە بچوكو رازاوەکان بە چرا دەکەوتنە ئەم بەرو ئەو بەری ئەو کۆڵانە تەسکانەوە. دەشێت دواجار هەموو شتێکی ئەو بازاڕە بە ئاسایی ببینرێت، هەر لە کۆڵانە ونکەرو کەلوپەلە سەرسوڕهێنەکانیەوە لە زەنجەفیلو



کاژی مارو قەترانی نووشتە کوشندەو رەشکەرەکانو خۆڵی مردوو داری عودەوە تا ئەو بۆنانەی تەنها لە سنگو بەرۆکی پیرێژنەکان دەنیشنو شیری شەمشەمەکوێرەو ئاوریشمو گولاوو ژەهری مارو داڕویەوە. بەلاّم ناکرێت گومەزی قەیسەریەکە لەیادبکرێت کە لە شێوەی ئەو گەرماوە رۆژهەلاّتیانەدایە کە زۆرێك لە گەڕیدەکانی فریوداوەو وەك رەنگدانەوەی گەردوون وان. لە ترۆپکی گومەزەکاندا پەنجەرەیەکی بچوك هەبوو کە تەنها بۆ گۆڕینی هەوای پەنگ خواردوی بازاڕەکە نەبوو، بەڵکو لێیەوە کاتو وەرزی بارانبارینی پێدیاری دەکرا، ئەویش بەهۆی ئاستی کەوتنی تیشك لە پەنجەرەکانەوە بۆ ناو بازاڕەکە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە رێبواران ئەو گومەزانە نابینن یاخود نایەتەوە یادیان کە لەو بازاڕەدا گومەزێکیان بەو سیحرەوە بینیبێت، چونکە کە لە دەرگاکان چوونەتە ژوورەوە ئیدی خۆیان داوەتە دەست شتە دەگمەنو سیحرئامێزەکانیو تێکەڵ بە سرووتو ئاهەنگی بۆن بوونو تا هاتوونەتە دەرەوە وا هەستیان کردووە کە جگە لە بۆن هیچی تریان نەبینیوە. تەنانەت ئەو بیانیانەی بەدوی نایابێتیدا گەڕاونو جار هەبووە چەند رۆژێکی تەواویان لەو قەیسەریەدا بردۆتە سەرو پێیان وابووە کە ئەمە چەنجەرەیەکی تری رۆژهەلاّتە، پێناچێت ئەوانیش لە ناو تەلیسمی کۆلاّنو بۆنی ئەو کەلوپەلو داودەرمانانەی لە جادووەوە وەردەگیرێنو ئەو مورووە تەزبیحانەش کە بە ئەفسانە رووپۆش کراون، سیحری گومەزەکانیان بینیبێت. چونکە کەسێکیان لە کاتی نووسینەوەی یاداشتو سەفەرنامەی جەربەزەییەکانیاندا باسی گومەزی ئەو قەیسەریەی نەکردووە کە لە شێوەی گەردوندایە.

لەناو ئەو تێکرژانو پێکاهەڵپژانەی بۆنداو لە یەکێك لە پاش نیوەڕۆ گەرمەکانی هاویندا کە بازاڕەکە نوقمی بۆنی جۆرەها گژوگیاو بەهاراتو سملّ دەبێت، سلێمان لەناو دەستنووسو کتێبە زەردو پواوەکاندا بەدوای وشەو

دەستەواژەیەکدا دەگەڕا کە لێیەوە دەرگاکانی خەیاڵی بۆ بکاتەوەو دوور لە گەرمای ئەو پاش نیوەڕۆیە بڕوات، چونکە سلێمان زۆر جار ناو کتێبو دێڕەکان دەگەڕا تا جارێکی تر لە خەیاڵی کتێبەکانەوە بگەڕێتەوە سەر مێرگی خەیاڵو گەشتە سەیرەکانی بکات. ئەو پێی وابوو شتێك نەمابووەوە چێژ لە ئەندێشە کردنی نەبینێت. ئەو کتێبانەش ئەو پیایاندا دەگەڕا مێژوویەکی درێژیان لە سەفەردا هەبوو کە لەگەڵ زەنگۆڵەی کاروانەکاندا شارەو شار گەڕاون‌و پێدەشتی چەتەکان‌و ڕێگا سامناکەکانی بیابان‌و بەناو چیانشینەکاندا ڕۆشتوون. کتێب هەبوو بەو شارانەدا تێپەڕیبوو کە تەنها لە سەفەرو یاداشتی گەڕیدەکاندا هەن یاخود لەو شارانەوە هاتبوون کە تەنها لە ئەندێشەی قەتارچیەکاندان‌و کەس شوراو قەڵاو دەرگا ڕازاوەکانی بە قووبەو ئەڵقەڕێزە پۆڵاکانیەوە نەبینیون‌و پاش ئەوەی چەند کەنیزەك یاخود غوڵامو باری چەندین حوشتر لە ئاوریشمیان دەدا لە گۆڕینەوەیدا یاخود لە بارمتەی لەبەر نووسینەوەیدا. دەستنووس‌و کتێب هەبوون بەردەوام نوریان لێهەڵدەستا یاخود بێبارانی‌و قاتو قڕیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا، هەشبوو دێڕ بە دێڕ ئافرەتی چاو بە کلی لێدەتکا.

لە ڕۆژگاری تاعون‌و نەهامەتیە گەورەکەدا کە کەسانێکی کەم وەك یادگارییەکی بەتەم داپۆشراو دێتەوە یادیان دەڵێن لەو ڕۆژگارەدا هیچ بوارێك نەمابوو بۆ ڕووداوی لەناکاوو کتوپڕ، پاش ئەوەی کۆڵان‌و حەوشەکان، ژوورو سەرتەنوورەکان پڕبوون لە لاشەو کەلاکی داڕزاوو بۆگەن کردوو، ئا لەو ڕۆژانەدا کە شار چاوەڕوانی مردن‌و لەناوچوونی دەکرد بەدەم هێڵنجەوە، کابرایەکی هیندی کە بە زمانی قورئان دەدوا خۆی کرد بە قەیسەریەکەداو پاش چاوگێڕانێکی خێرا بەناویدا بەرەو لام هات (ئەم قسانە باوکی سلێمان بە چێژێکی سەیرەوە کە چێژی ڕزگاربوویەك بوو لەو کارەساتە دەیگێڕایەوە) بە سیمایدا دیاربوو هیلاکی ڕێگایەکی دوور بوو کە دواتر زانرا ئەو بە تەنها هەموو ئەو ڕێگا



پڕ لە شەڕو کوشتارو تاعون‌و برسێتیەی لە هندستانەوە بڕیوە. دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبونەوە تا لە بارەی زۆر شتەوە پرسیاری لێبکەن‌و دڵنیابن لەوەی تاعون چەند شارو فرسەخی بڕیوە. فەلەکناسەکان پێشبینی باران دەکەن یاخود قاتوقڕی لە چارەی ڕۆژهەڵات نووسراوە. ئەویش لەسەرخۆ، بەشێوەیەك هیلاکی ڕێگای پێوە بوو وەڵامی دانەوەو وتی: زیاد لە ساڵێکە دلهیم بەجێهێشتووەو بەرەو ئێرە بەڕێ کەوتووم، ئەو شارو ناوچانەی هەواڵیان دەپرسن وەك ئێرە دەناڵێنن. شەڕوشۆڕو جەورو ستەمی فەرمانڕەواکان لەلایەك‌و قاتوقڕی‌و نەخۆشیش لەلایەکی تر. ڕێگای کاروانەکان بە چەتە گیراوەو شارەکان خۆیان خۆیان گەمارۆداوە. ئیدی دەبێ بزانین ڕۆژهەڵات تەواو بووەو لە قوڵپێکی ڕشانەوە دەچێت، خۆ ئەگەر بە خوێن نغرۆ نەبێت ئەوا خۆی بەرەو داڕزان دەڕوات.

پاش ئەوەی خەڵکە پەژمووردەکە بێهیوا دەوریان چۆڵ کرد، ئەو پێی وتم کە لەو ڕێگا دوورەوە هاتووە تا هەواڵی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بدەمێ. هەموو ئەو ڕێگایەشی بڕیبوو تا دێڕە شیعرێکی بداتەوە کە لە یەکێك لە خانەقاکانی هیندستان لێیبەجێماوە.

دوای ئەوەی لە قسەکانی تەواو بوو پێمووت: دەترسم چەرمەسەری زۆرت لەم سەفەرەدا چەشتبێت‌و نەتزانیبێت کە مەولانا شار بەدەرکراو بەیەك جاری ئێرەی بەجێهێشت. وەك بیستووشمە لە شام بە تاعون مردووە. چۆنە ئەم هەواڵەت نەبیستووە؟

پاش بێدەنگییەکی زۆر، کەمێك لەبارەی شارەزایی‌و زانایی مەولاناوە قسەی کردو ڕۆشت. بەڵام بڕیاریدا بەیەك جاری لە سلێمانی بمێنێتەوە، بێئەوەی کەس لە نهێنی ئەم بڕیارەی بگات. هەبوون دەیانوت ئەو پیاوە نیشانەکانی ئاخیرەتی بینیوەو بۆ زەویەك دەگەڕێت تێیدا بمرێت، ئەگینا دوای ئەو هەموو ساڵە لە

مەرگی مەولانا چۆن پیاوێك ڕێگا دەگرێتەبەرو هەواڵی مەولانا دەپرسێت. بەڵام ئەو بەبێدەنگی مایەوەو کاتێکیش گۆڕغەریب بوو، گۆڕەکەیان بە بەرد هەڵبەستو هەموو چوارشەممەیەك ژنان دەچوونە سەر گۆڕەکەی. چونکە ئەوانەی لەو ڕۆژگارە ڕزگاریان بوو پێیانوابوو خوا شارەکەی بەو پیاوە بەخشی یاخود ئەو دێڕە شیعرەی مەولانا بە فریایان کەوت کە ئەو لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە.

لەوپاش نیوەڕۆ گەرمەی هاویندا کە سلیمان ناو کتێبو دەستنووسەکان بۆ وشەگەلێك دەگەڕا تا لێیانەوە سەفەر بە ئەندێشەدا بکات، پیاوێکی سیما گەرم هاتە لای کە دواتر پێیوت بە فەرەیدون بانگدەکرێتو لە سەفەرێکی دوور گەڕاوەتەوە. پاش ئەوەی کەمێك بەناو دوکانەکەدا ڕوانی، دانیشتو بە ئەسپایی کتێبێکی خستە بەر دەمی سلێمانو پێیوت کە دەیەوێت نوسخەیەکی وەك خۆی بۆ بنووسێتەوە. پاش ئەوەی سلێمان هەوڵیدا سەرسامی خۆی بشارێتەوە بەوەی کە هێشتا گەنجێك ماوە چێژ لە دەستنووسەکان ببینێت، فەرەیدون وەك ئەوەی پێشوەخت ئەوە بخوێنێتەوە، وتی:

-هەوڵمداوە نوسخەیەکی بە ئامێر لەبەر بگرمەوە، بەڵام دەمەوێت نوسخەیەکم هەبێت کە هەمان تەڕی لە نەخشو نووسینەکانیدا بێت کە ئەو ئامێرانە دەیکوژن.

فەرەیدون وایوتو جگەرەیەکی داگیرساند کە نائاساییانە هاتە بەرچاوی سلێمانو وا بیری دەکردەوە ئەم کوڕە گەنجەش بازرگانێکی دەستنووسە ساختەکان بێت کە لەم سەردەمەدا کاریان بە ڕادەیەك سەخت بووە، نزیکە لەمەحاڵەوە.

سلێمان کتێبەکەی ڕاکێشایە بەردەمیو لەوبەرگە ئاوریشمیەی دەرهێنا کە دیمەنی باخچەیەکی درەخشاوە ڕازاندبوویەوو. کتێبەکە زیاد لەوە قورس بوو کە سلێمان مەزەندەی دەکرد کە پاش کردنەوەی زانی پەڕەکانی لە چەرمن. ئەمەش



وای لە سلێمان کرد وای بۆبچێت کە ئەو کوڕە گەنجە توانای خوێندنەوەی پیتو وشەکانی نەبێت. پاشان ئەم دەستنووسە دەگەڕایەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە دێڕ تەنها ئاسۆیی نەدەنووسرا. بەڵکو لە هەموو شوێنێکی لاپەڕەداو بە هەموو لایەکدا دەنووسرا، وەك ڕێڕۆشتنی کاروانێکی وێڵ بە بیاباندا. وەك کوڕە گەنجەکە وتی تەنها هەفتەیەکی لە بەردەمدایەو دەبێت دەستنووسەکەش لەم ماوەیەدا تەواو ببێت.

کاتێك فەرەیدون هەستا، بەڵێنی بە سلێماندا کە پاش نووسینەوەی، نوسخەیەکی لەبەر گیراوەی دەداتێ، ئەویش بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانەی سلێمان نا بەوەی ئەمیش یەکێك بێت لە بازرگانانی کتێب. بەڵکو لە سیمایدا ئەو سەرسامییەی خوێندەوە کە بەرامبەر دەستنووسەکە هەیبوو.

ئەو ڕۆژە وەك هەموو ڕۆژەکانی تر بە ئارامی تێپەڕی، بێئەوەی سلیمان بزانێت کە ئەوە دوایەمین ڕۆژی ئاساییەتیو ئیدی دەبێتە ڕێبوارێکی سەراسیمەو وێڵی ناو جادوو. دواتر ئەو زانی قەدەر وایکرد کە ئەو پاش نیوەڕۆیە ببینێت کە وەك تۆفان بەناو ژیانیدا هەڵیکردو وەك حەشیش ڕۆچووە دەمارەکانیەوەو خەیاڵی بە گوڵی مێخەك تەنی.. ئەو پاشنیوەڕۆیە ببینێت کە بێنەخشە بردیە ناو نهێنی حیکایەتو ئەفسانە چێژ بەخشەکانەوە. ئەگەرچی تا ئەو کاتە سلیمان بە هێمنیەکی قوڵدا ڕۆچوو بوو. بەڵام ئیتر دەروازەی ئەو ئافاتە بە ڕوویدا کرایەوە کە دەیبردەوە سەر نهێنیەکانو بەناو چێژی گەمەیەکدا دەیبرد کە بە حیکمەت کۆتایی دەهات نەوەك مردن. ئەو دوای تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر گەڕایەوە سەر ئەو ئافاتەی فڕێیدایە ناو سەفەرێکی سەختەوەو هەوڵی نووسینەوەیدا کە بە چەشنی وێڵگە کۆتاییەکەی لێدەشاردەوەو ونی دەکرد. قەدەر وای کرد ئەو پاشنیوەڕیە ببینێت کە فەرەیدون بە سیمایەکی تێکەڵ لە نورو تاریکی، سەرمەست بە خوێنساردیو جۆش کە حیکمەتو یەئسی لێدەچۆڕا بە خۆیو ئەو

دەستنووسە نەفرەتیەوە بگاتە لای کە وەك ئاگرێکی یەزدانی بەربووە خوێنی. ئەو دەبوو لە پەڕەی چەرمو نووسینە سەیرو فریودەرەکانیەوە کە بە ژمارەو شێوەی ئەندازەیی بوون، بیزانیایە ئیتر دەرگای رۆژگارو مێژوویەکی تر بە روویدا کراوەتەوە کە تەنها ئەندێشە دەکرێتو هەر لە رێگای ئەندێشەشەوە لە توانادایە بگەڕێتەوە سەری. دواتر سلیمان زانی کە لەو رۆژەوە ئەو کوڕی هێمنیەك نیە مەستی لێبچۆڕێتو ئەو رۆژگارانەش بە تەواوەتی بەسەر چوون، رۆژگارێك کە لە جەنجاڵیو کارەساتەکانیدا ئەم سەرقاڵی فێربوونی نووسینی پیتی (خ،س) بوو بە نوسخو کوفیو ئەو لقانەی لێیاندەبێتەوە، زانی کە کوڕی هیچ رۆژگارێك نابێتو رۆژگارێکیش نیە ئەم بگرێتە خۆی. بەڵکو دەبێت وەك راوچیەك بەدوای دۆزینەوەی زەمەنو مێژوی خۆیدا بگەڕێت.

بەیانی رۆژی دواتر هێشتا سلێمان بێئاگا بوو لەوەی چۆتە مێژویەکی ترەوە کە دواتر بە پاش دەستنووسەکە ناوی دەبات، وەك هەموو بەیانیەکی تر لەگەڵ دەنگی ئەو شتفرۆشانەی بە کۆڵانٲندا بلاٲودەبنەوە، بەرەو دوکان رۆشت. بێئەوەی هیچ شتێك نائاسایی بێت. هەموو شتێك وەك بەیانیانی تر ئاسایی بوو تا گەشتە نزیك قەیسەریەکەو لەو دەرگایە نزیك بوەوە کە لە دەرگاکانی تر نزیك تر بوو لە دوکانەکەیەوە. لە کۆمەڵ بوونی خەڵكو ئەو دوکاندارانەی لەوێدا کۆبووبوونەوەو بەیانیانی تر زوو دەهاتن تا ناو دوکانو بەردەمەکانیان پاکبکەنەوەو ئاوڕشێنی بکەن کە تا ماوەیەك هەوای ناو قەیسەریەکەی قورس دەکرد، دواتر خەریکی هێنانەدەرەوەو رێکخستنی کەلوپەلەکانیان دەبوون، هەستی بە رووداوێك کرد کە سوتانی قەیسەریەکە بوو تا رادەی خۆڵەمێش. ئەوانەی زوو گەشتبوون چەند چرایەکیان هەڵکردبوو هەوڵی چوونە ژوورەوەیان دەدا تا دڵنیابن لەوەی روویداوە وەك ئەوەی تا ئەو کاتەش کەس دڵنیا نەبێت لە سووتانی قەیسەریەکە. ئەوەی دەچووە ژوورەوە هەر زوو بەخۆیو روناکی چراکەیەوە



لەناو کۆلاٲنو پێچی قەیسەریەکەدا ون دەبوو. لەو ماوەیەشدا کە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاتنەدەرەوەیان دەکردن تا بە وردی ئەوەی بینیویانە بۆ ئەمانی بگێڕنەوە، تەنها شتێك کە بەردەوام باسیان دەکرد ئەوەبوو کە کەسیان هەستی بە سووتانی دوورو درێژی قەیسەریەکە نەکردووە، ئەگەر کڵپەو گڕەکەی نا ئەوا دوکەڵو قرچە قرچی سوتانی پوولەکەو زەنگیانەو تەوقەو تەقینی شووشەی عەترو گولاٲوو بۆنی بەهاراتی سووتاوو خەیارچەمەرو گژوگیاو رۆنگەرچەكو رەشکەو پوورەهەنگە نەبڕاوەکان.. زۆریان بە سەرسامیەوە ئەگەرچی بە چاوی خۆیان قەیسەریەکەیان دەبینی دەیانوت:

-شتی وا مەحاڵە، کەسێك ئاگاداری نەبووە وەك ئەوەی لە چاو تروکانێکدا سووتابێت. ئەمەش لە جادووی جادووگەرێکی دڵڕەش دەچێت یاخود دەبێت ئەم شارە مردبووبێت.

ماڵەکانی نزیك قەیسەریەکەو ئەو سەرخۆشانەی شەودرەنگان بەدەم گۆرانیەوە بەوێدا تێدەپەڕن، منداڵو سواڵکەرەکانی سەرجادە کە لەبەردەم دەرگا کەوانەییو پرتاقو نەخشەکانی قەیسەریەکەدا دەنوون، مجەوری مزگەوتی خوار قەیسەریەکە کە تا درەنگانێك بەدەم وتنەوەی ئەو ئایەتانەی لە ماناکانیان ناگات، بست بە بستی مزگەوتەکەی دەشۆرد، ئەو پاسەوانە خەواڵوانەی بە فیکە وەڕسکەرەکانیان ترسیان لە خۆیان دەتاراند.. هەموویان دەیانوت ئەمشەو شار لە هەموو شەوێکی تر فێنك تر بووەو هیچ بۆکرۆزی سووتان نەهاتووە. چەند کەسێکیش دەیانوت تا پێشکردنەوەی دەرگای قەیسەریەکە سەگە بەرەلاٲکان لەو ناوەدا خەوتبوون، خۆ ئەگەر بەراستی سووتاوە ئەوا ئەوان دووردەکەوتنەوە یاخود هەر نەبێت قورسکەو وەڕینیان دەهات. بەلاٲم هەرگیز ئەم شارە ئەوەندەی ئەم شەو هێمنو ئارام نەبووە. یەکێك دەستی بۆ درەختەکانی ئەو ناوەو گژوگیای سەر گومەزەکانی قەیسەریەکە درێژ کردوو وتی:

-خۆدەبوو ئەوانەی هەڵقرچاندایە یاخود وشكو زەردی هەڵگەڕاندنایە..

ئەوانەی وەستابوون بەردەوام قسەیان دەكردو نەیاندەویست باوەڕ بەوە بهێنن كە قەیسەریەكە بە نهێنی سووتاوە، بێئەوەی كەس شایەتی ئەم سووتانە بێت.

ئەو بەیانیە سلێمان بەدەم ڕێگاوە بیری لەو خەوە دەكردەوە كە ئەو دەمەو بەیانیە بینیبووی‌و وەك هەموو خەونەكانی تری، خۆی بە ئافرەتی بینیبوو. ئەمەش نهێنیەك بوو لەپاڵ بێتوانایی لە چێژ كردنی ساتی مردن، هەرگیز بۆی ئاشكرا نەدەبوو. كە گەشتە بەردەم قەیسەریەكەو لەناو خەڵكەكەدا پاسەوانی قەیسەریەكەی بە ڕەنگی بزركاوو شڵەژاوەوە بینی كە دواتر شێت بوو، سلێمان لێی نزیك بووەوە وەك ئەوەی هێشتا دڵنیا نەبێت، پێیوت:

-بەراست چۆن ڕوویدا..؟

بەدوای پرسیارەكەیدا هەستی بە پەشیمانی كرد لەوەی دەبوایە پرسیاری لە سەلامەتیی خۆی بكردایە. پاسەوانەكە وتی:

-وەك هەموو شەوێكی تر پاش ئەوەی دەرگاكانم داخستو نوێژم كرد، ڕاكشام. ڕاكشانێكی قورس كە هەر بە مردنی دەكردو هەرگیز وانەبووم. چونكە تا بانگی بەیانی بە ئاگا نەهاتمەوە. كە هەڵیشسام ئەو كاتە وامزانی كوێر بووم بەوەی قەیسەریەكە وەك شەوە زەنگ تاریكو بۆن سووتووی دەهات.. من دەبوایە بمزانیایە..

پاسەوانەكە كەمێك بێدەنگ بوو. پاشان لەبەرخۆیەوە وەك بۆخۆی بدوێت وتی:

-دوێنێ نیوەڕۆ لەنێوان گومەزەكانی سەرباندا بینیم تووڕەكەیەك خۆڵی پێبوو، بە چنگ دەیكرد بە سەربانەكەدا كە ئەوە جگە لە خۆڵی مردوو هیچی تر نەبووە.

سلێمان بە سەرسامیەوە پرسی:

-ئەو كێ بوو؟



-نەمدەناسی بەلاَم دەبوو لێی نەگەڕابام هەڵبێتو ئەم ئاشووبەمان بۆ بێنێت.

پاسەوانەكە قسەكانی بۆ تەواو نەكراو بێدەنگ بوو، سلێمانیش هەموو ئەو ڕوداوی جنۆكەو خێوە سامناكانەی بە بیر هاتەوە كە لەبارەی قەیسەریەكەوە دەگێڕدرایەوە. هەر لەو جنۆكەیەوە كە لە شێوەی حۆری خۆی دەگۆڕێتو تا بەیانی بە قەیسەریەكەدا دەگەڕێتو زۆرجار سەرخۆشو سەگو سواڵكەرەكانیشی ترساندووە. یاخودگۆڕینو گوێزانەوەی شتی ناو دوكانەكانو ڕێكخستنیان بەو شێوەیەی خۆی ئارەزووی دەكات، هێنانی خێرو نەهامەتی بۆ دوكانەكان یاخود ڕوخانو دارمانی لە ناكاوی تاقو ڕەفەی كتێبەكان وكەوتنیان بەسەر سلێمان‌دا پێش ساڵانێك كە باری چەند هێسترێك دەستنووسو كتێبی لەسەر بوو[†]، ئەمانە هیچ لێكدانەوەیەكی تریان هەڵنەدەگرت جگە لەوەی ئەمە لە كاری ئەوانەو دەشێ كتێبێك یاخود دێڕو وشەیەك بێزاری كردبن. بە یادی ئەو چیرۆكانەوە پاسەوانەكەی بەجێهێشت تا لەگەڵ یەكێك لە چرا بەدەستەكان بچێتە ژوورەوە.

پاش بڕینی چەند كۆلانێكی پێچاوپێچوكەوانەیی، بەدەم خەونی سامناكی ئەو بەیانیەوە بەناو قەیسەریەكەدا دەڕۆشت كە هەر بە بەشێك لە سەر زەوی دۆزەخی دەكرد. پاش ئەوەی دوكانەكەی كردەوە، لە ژێر ڕوناكی چراكەدا سەیری ئەو كتێبانەی كرد كە لە جێگای خۆیان بوونەتە سووتووو هێشتا گەرمییان تێدا ماوە، قامیشەكانی نووسینیش تێكەڵ بە خۆڵەمێشو سووتوو بووبوونو بە چەشنی تۆز با بلاَوی دەكردنەوە. بەرگە چەرمەكان بۆنی بەزی سووتاویان لێهەڵدەستاو مەرەكەبو ئاوی ئاڵتوونو زیوەكانیش لە بنی شوشەكانیاندا وشك بوو بوونەوە، كیسەی گژوگیاوداودەرمانو كاغەزی ئایەتەكان لە جێگای خۆیاندا

[†] ئەم روخاني كتێبخانەية جارێكي ترء لة شوێنء زةمانێكي تردا رويداوةء ئةو مردنة سةيرةي" جاحظ"ى لێكةوتةوة لة ذێر باري كتێبةكانيدا.

سووتابوون.. سەراسیمە سەیری ئەو لاپەڕە سووتاوو لولخواردوانەی کەشکۆڵی شەجەرە نامەکەی دەکرد کە مەرەکەبی نووسینەکەی لەسەر لاپەڕە سووتاوەکان دەبریسکایەوەو بەدەم شنەبای هێمنو لەسەرخۆی قەیسەریەکەوە کە لە دەرگاکانیەوە دەهاتە ژوورەوەو لە پەنجەرە شکاوەکانی گومەزەکانیەوە ڕێگای چوونە دەرەوەی دەدۆزیەوە، بلاۆدەبوونەوە. سلێمان لەناو سووتماکی دەستنووسەکاندا چاوی بە دەستنووسە پەڕە چەرمەکەی دوێنێ کەوت کە ئەو کوڕە گەنجە لەگەڵ خۆیدا هێنایو بە فەرەیدون خۆی ناساند، بێئەوەی هیچی لێهاتبێت.

شنەبایەك بەناو قەیسەریەکەدا دەگەڕا کە تێربوو بە بۆنی ئەو خەراباتەی مێژوویەکی لە یادەوەری داگیردەکرد، بەوەی قەیسەریەکە لەناو مێژوی شارەکەدا شەپۆلی دەداو بەشێك لە ئەفسانەکانی بوو. لەناو ئەو بۆن سووتوەی باکە بلاۆیدەکردەوە، سلێمان دەستنووسەکەی هەڵگرتو بەرەو دەرەوە گەڕایەوە بێئەوەی بزانێ کە ئیتر ئەم چۆتە ڕۆژێکەوە جیاوازە لە هەموو ئەو ڕۆژانەی پێیدا تێپەڕیوە، ڕۆژێك کە ئیتر بۆ هەتا هەتایە بە ".. پاش دەستنووسەکەو سووتانی قەیسەریەکە" ناوی دەبات.

سلێمان لەناو بۆنی قەیسەریەکەدا هەستی بە تێکچوون دەکرد، لەو دەرگا تەختەیەوە هاتە دەرەوە کە بە قووبەو ئەڵقەڕێز نەخشێنرابوو. ویستی لەناو قەرەباڵغی ئەوانەی هێشتا باوەڕیان بە سووتانی بێدەنگو خامۆشی قەیسەریەکە نەدەکردو ئەوانەش کە هاتبوون تا بزانن چی ڕوویداوە، دوورکەوێتەوە. لەناکاو دەستێك شانی گرت، دەستێك هەرگیز نیانیو کتوپڕیەکەی بیرناچێتەوەو دەستی فەرەیدون بوو بە سیمایەکی ساردەوە وتی:

-پێش کەمێك بیستم ناچار بە پەلە هاتم تا...



بەدەم قسەکردنەوە دەستی فەرەیدونی گرتو بەدوای خۆیدا ڕایکێشا تا گەشتنە چایخانەیەکی چەپەك، لەوێدا بە سەرسامیەوە وتی:

-پێموایە تەنها شت لەو قەیسەریەدا دەرباز بووبێت پاسەوانەکەو دەستنووسەکەی تۆیە.

لەگەڵ قسەکانیدا دەستنووسەکەی خستە سەر تەپڵەکەکەی بەردەمیان. پاش ئەوەی فەرەیدون لێیوردبووەوە وتی:

-منیش وایبۆچووم هەربۆیە بەپەلە هاتم تا لە ژێر قاچی ئەوانەی دەچنە ژوورەوە نەفەوتێت.

-مەبەستت چیە لەوەی دەڵێیت وای بۆ چووم؟

ئەگەرچی سلێمان سەرسامیی پێوە دیاربوو بەلاّم فەرەیدون بێگوێپێدان وتی:

-هەرچەندە من لە ڕوودانی ئەم سووتانە دڵنیا نەبووم بەلاّم شتێکی دووریش نەبوو.

سلێمان هەستی کرد لەبەردەم نهێنییەکدایە کە قەدەر فڕێیداوەتە سەر ڕێگای. بەهەمان سەرسووڕمانی پێشوویەوە پرسی:

-چۆن..؟

وایوتو بە هیوابوو نهێنی ئەو سووتانەی بۆ ئاشکرا بکات کە ڕۆژگارێکی تر سۆراخچیەکانی ڕابردوو، ئەوانەی خۆیان بە مێژووی شارەکەوە سەرقاڵدەکەن، بەدوایدا وێڵدەبن. لەوکاتەدا فەرەیدون جگەرەیەکی داگیرساند کە هەمان نائاسایی دوێنێی تیابوو کاتێك لە دوکانەکەداو بەرامبەر سلێمان دانیشتبوو، بەوەی لە کاری کوێرەکان دەچوو. سەرەتای جگەرەکەی بە پەنجە گرتو ئاگرەکەی بە ڕادەیەك لێنزیك کردەوە کە پێدەچوو پەنجەشی سووتاندبێت. ئاوڕی بەلای سلێماندا دایەوەو وتی:

-دەبێت بمبەخشیت..

-لەچی؟

-لەوەی رویدا..

پاشان بەردەوامبوو:

-عەسرێکی درەنگی سەرەتای زستان لەیەکێك لە شەقامە چۆڵەکانی مارسیلیادا بە یارمەتی خێزانەکەم پیاسەم دەکرد..

سلێمان قسەکانی پێبڕیو لێیپرسی:

-مەبەستت چیە کە دەڵێیت بە یارمەتی ئەو..

-دەبوو سەرەتا پێت بڵێم کە من بۆ چارەسەری ئەو کوێرییەی چاوەڕوانم دەکرد، رێمکەوتە ئەو شارەی لە زەمانێکدا بە چەتەکانی دەریایەوە بەناوبانگ بوو، ئەو شارەش زۆر نهێنیو شتی دەگمەنی تیا حەشاردرا بوو. دەشێت قەدەر وایکردبێت کە چاوم لەسەرخۆو هێواش بەرەو کوێربوونێکی تەواو بڕوات تا رێگام بکەوێتە ئەو شارە. لەوانەیە تۆ هەست نەکەیت کە من لە دووری دوو مەترەوە جگە لە لێڵاییو تەڵخیەکی لەبن نەهاتوو، هیچی تر نابینم.کە دەڵێم دوو مەتر لەوانەیە پاش چەند رۆژ یاخود هەفتەو مانگێکی تر چەند سانتیمێکی تر کەمبکات. تۆ دەتوانیت بە قوڵی هەست بەو سامناکیە بکەیت کە لەناو مردنی رەنگو وێنەکاندا بژیتو هەموو شتێك بەرەو خۆڵەمێشی بچێت تا دواتر هەمووی ببێتە رەش یاخود بینین بەو پێوانە کەمەی مەترو سانتیمەتر بپێورێت، وەك ئەوەی لە تەمومژێکی ترسناکدابیت. ئەگەرچی ئێستا من خۆم بۆ ئەو دنیایە ئامادە دەکەم کە پێیدەوترێت کوێری، بەڵام ئەمە هەروا ئاسان نیە. چونکە ئەو جیهانەش نهێنیو پەنهانی خۆی هەیە، بەوەی هیچ نەبێت تێیدا چێژ دەگۆڕێت. لەوانەیە من بکەومە ناو بەراوردێکی بێکۆتاو بەردەوامی ئەو شتانەی بینیومن لەگەڵ ئەو شتانەی لە کوێریدا دەیانبیستم یاخود بە دەست چێژیان دەکەم. هەندێك جار هاورێکانم پێمدەڵێن ئەو جیهانەش کاری گەورەی لێوە دەکرێت. چونکە گرنگ



هەوڵدانە بۆ گەشتن بەو خاڵەی هەموو شتەکان تێیدا کۆدەبنەوە، ئەویش رۆحی جیهان یاخود عەدەم بێتو ئێمەو مارێكو کرمێكو هەموو ئەو بوونەوەرانەی تر کۆدەکاتەوە کە بینین شتێك نیە بتوانێت ئەندێشەی بکات. بەڵکو لە رێگای هەستەوەرەکانیەوە دەتوانێت بەوپەڕی سەرسەختیەوە شەڕی ژیان بکات. ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بێت وەك غەریزە یاخود عەقڵ. دەمەوێت پێتبڵێم هەموو ئەو بوونەوەرانە بە جیاوازی پەیوەندی کردنیان بە جیهانی دەرەوە، جا لە رێگای چاوەوە یاخود هەر شتێکی ترەوە بێت، لە سنووری"ژیان"دا کۆدەبنەوەو ئەو سەفەرە درێژە بە ژیاندا دەکەن کە لای هەریەکێکیان ماناو بەهای جیاوازی هەیە. بەهەرحاڵ من بەردەوام بەرەو تاریکیەکی رەها یاخود نادیار دەخزێم کە هەوڵئەدەم لە رێگای قووڵ کردنەوەی رامانو فراوانکردنی ئەندێشەمەوە خۆمی بۆ ئامادە بکەم تا لەم سەفەرەی بە ژیان ناو دەبرێت، گەشتی خۆم بکەم. زۆرجار لەو تەنیاییە ئەبەدییەی نەبینین یاخود کوێری پێیبەخشیوم، لە ژوورە بچوکەکەمدا ئەو پەنجەرەیە دەکەمەوە کە رووەو رۆژهەڵاتەو بەدەم شنە بای شێداری ئەو دەریایەی شورای شارەکەیەو دەنگو هاواری ماسیگرو بارهەڵگرو ژاوەژاوی بەلەمو پاپۆڕەکانیەوە، لێرە رادەمێنمو دەتوانم لەو دووریەوە لە نەخشی مافوورو پەڵە خوێنی ئەو شارانە رامێنم کە لە کەللە سەری یاخیان هەڵچنراوە. جارێکی تر بەناو جغرافیای پڕ حەسرەتیدا بڕۆم..لەوانەیە تاریکی بمکاتە بوونەوەرێك کە لەسەر هەڵکۆڵینی یادگاریو بینراوەکانی بژی، بەڵام من هەوڵئەدەم رێگای تری وەك خەیاڵو رامان بدۆزمەوە تا لێیانەوە بگەڕێمەوە ناو ژیان. لەوانەیە هەموو ئەم قسانە شتێك نەگەیەنێت بۆ تۆ. بەڵام بۆ من کە لەنێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا بە چەشنی ئەو بنچکە گیایە گیرساومەتەوە کە لە درزێکی بچووکی سەرسنگی تاشەبەردێکدا رواوە، خۆم دەدەمە دەست حیکمەتەکانی تاریکی تا لەو نێوەندەدا وننەبم. ئەویش بە گەشتن بە چرایەك

ياخود نوورێك كە لەوانەیە ژیان خۆی بێت. تۆ دەتوانیت ئەندێشەی ئەو بەراوردە ئالۆزە بکەیت کە لەنێوان ئێرەو ئەوێدا هەیە، لەنێوان شیعرو ئەفسانەو ئاینی ئێرەو فیزیای بێهەستی ئەوێداو هەوڵی دۆزینەوەی رێگایەك بدەیت لە نێوانیاندا کە مردن نەبێت. بەڵکو بڕواتەوە سەر ژیان. هەروەك ئەو کرمو مێروانەی لە رێگای شاخە دەزوولەییەکانیانەوە دەرەوە لەسەر بۆچوونی خۆیان دروستدەکەنو دەیخوێننەوە. وەك وتم دەشێت هەموو ئەم شتانە بۆ تۆ شتێکی ئەوتۆ نەگەیەنێت. بەڵام سووتانی قەیسەریەکەو زۆر رووداوی تریش کە لەوانەیە رووبدەن، لەمەوە سەرچاوە دەگرن، لە پیاسەی ئەو ئێوارە ساردەوە کە رێکەوت لەو لێزمەی بارانەدا رێی بردینە ناو کتێبخانەیەکی بچکۆلانەوە کە تەنها کتێبی کۆنی دەفرۆشتو هەر ئەمەش هۆی چۆڵیی کتێبخانەکە بوو وەك دواتر زانیمان. ئەگەرچی گەشتیارو گەڕیدە هەبوون رێگای دووریان بۆ ئەم جۆرە کتێبانە دەبڕی بە تایبەت ئەوانەی بۆ شتی نایابو دانسقەی رۆژهەڵات دەگەڕێن. چونکە زۆربەی وێنەو دەستنووسو شتە بایەخدارەکانی رۆژهەڵات لەو شوێنە چەپەکو تەریکانەدا پارێزراون. خاوەنی کتێبخانەکە پێیوتین کە لەم روژگارەدا خوێنەری ئەم جۆرە کتێبانە زۆر دەگمەن بوون. تەنانەت هەندێکیان تەنها بۆ رازاندنەوەی کتێبخانەکانیان دەیکرن تا لەسەر شێوەی ئەوانەی سەدەی نۆزدە ژووری ماڵەکانیانی پێبڕازێننەوە. ئەگینا وەك دەبینیت لەم دەریایەوە زۆر پاپۆڕی گەڕۆكو بازرگانی شتی نایاب دەرچوون کە لەو سەرەوە لەگەڵ خۆیاندا چەندین شتی بەهادارو سەرسووڕهێنەریان دەهێنایەوە، کتێبیش یەکێك بوو لەو شتانە. لە گەڕانم بەناو کتێبەکاندا بەرێکەوت، دوای ئەوەی بۆ کات بەسەر بردن سەیری چەند کتێبو دەستنووسمان کرد، کتێبێکی بەرگ چەرمم هەڵگرت کە لە قوماشێکی ئاوریشم پێچرابوو. پەڕەکانیشی هەر لە چەرم دروست کرابوون وەك بینیت. ئەوەندەی بینین رێی پێدام توانیم بەرگەکەی بخوێنمەوە کە



نوسرابوو"خۆری نهێنیە گەورەکان"،کە وای بۆ چووم نووسخەیەکی هاوشێوەی "شمس المعارف الکبری"بێت یاخود لە سەر شێوەی ئەو دانرابێت. یەکەم جار گرنگییەکی ئەوتۆم پێنەدا، بەڵام هاتنی کتێبفرۆشە پیرەکە ناچاری کردین داینەنێینەوەو بەدەم قسە کردن لە بارەیەوە چاومان بە پەڕەکانیدا دەخشاند. کتێبفرۆشەکە وتی ئەوە یەکێکە لە کتێبە هەرە کۆنو دەگمەنەکانی کتێبخانەکە کە لەناو میراتی رۆژهەڵاتناسێکدا کڕیومە. زۆر هەوڵیدا ناوەکەی بڵێت بەڵام هەرچەندی کرد بیرینەکەوتەوەو یادەوەری یارمەتی نەدا. دیاربوو نەشیویست لە خۆیەوە ناوێکی ترم پێبڵێت، هەر ناوێك کە بەمن ئاشنا نەبێت. دوای ئەوەی سەیری کتێبەکەی کرد دیاربوو ناوەکە لەوێشدا نەنووسرابوو، بە ناچاری پێکەنیو وتی دڵنیات دەکەم کە لەو کتێبخانەیەوە هاتووە. بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ کەسێك بە رێکەوتیش دەستی نەداوەتێ. ئەگەرچی کتێبێکی ترسناکە. هەربۆیە پێدەچێت چاوەڕوانی تۆی کردبێت. هەستم کرد ئەو قسەیەی دوایی بۆ ئەوە کردبێت تا سەرنجی منی پێڕاکێشێت، بەوەی تەمومژێك بەدەوری کتێبەکەدا دروستبکات. بەڵام من بە ساردییەکەوە وتم لە چیدا ترسناکە. دەستێکی خستە سەر مێزەکەو قورسایی خۆی دا بەسەریداو لەسەرخۆ وتی ئەوەندەی لەبارەی ئەم کتێبە سیحریەوە بزانم ئەوەیە کە نهێنی سەیری لە خۆیدا شاردۆتەوەو هەرگیز لەناو ناچێت. باوەڕدەکەیت ترسناکترین کار بازرگانیکردنە بە کتێبو نووسراوەکانی رۆژهەڵاتەوە. ئەوەی ئەوان لە خۆیاندا حەشاری دەدەن، ئەندێشە ناکرێت. کەمێك بێدەنگ بوو پاشان وتی هەرگیز لەم بەڵایانەی رۆژهەڵات رزگارمان نابێت، جارهەبووە ئەم کتێبە چەندین رۆژ ئاوی لێهەڵقولاوە. یاخود دەنگێکی سەیر کە هەر بە رەشەبای دەکرد لەناویەوە دەهات. تەنانەت جارێك بەو ئاگرەی لە خۆیدا حەشاریداوە کتێبخانەکەی سووتاند. پێدەچێت تۆ خەڵکی وڵاتی ئەم دەستنووسانە بیتو لە جادووو تەلیسمەکانیان

تێبگەیت. هەستمکرد، بەو خەرمانەیەی بە دەوری کتێبەکەدا دروستی کرد، ئارەزومی بەرەو کتێبەکە جوڵاند. ئەگەرچی بە خۆشمم دەوت کێ ناڵێت ئەمانەش تەنها قسەی بازرگانێك نین. بەڵام ئەوەی زەحمەتبوو باوەڕی پێبکەم نزمی نرخەکەی بوو کە بێدوودڵی پارەکەیمداو بە خۆمم وت ئەگەر وەك شتێکی ئەنتیکەش سەیری نووسینە نامۆکەی‌و پەڕە چەرمەکانی بکەم ئەو پارەیە دەهێنێت. پاشان وەك یادگارییەکی خۆم لەم شارەدا سەیری دەکەم کە تێیدا دەستنووسێك چاوەڕوانی کردووم. بەڵام ئێستا تێدەگەم کە ئەو دەیوویست هەرچۆنێك بووە ئەم نووسراوە بگێڕێتەوە بۆ رۆژهەڵات یاخود هەر هیچ نەبێت لێی دوور بکەوێتەوە. چونکە پێش هاتنە دەرەوەم بە سیمایەکی تەواو جیاوازو سەنگینەوە کە پاشماوەی پێکەنینە فریو دەرەکەی پێشتری تیا نەمابوو، وتی پاش ئەوەی کتێبخانەکەی سووتاندو تەنها کتێبیش بوو لە ئاگر دەربازی بوو، هەوڵمدا بۆ هەتا هەتایە لەناوی بەرم ئەویش بە فرێدانی بۆ ناو دەریا کە لە رۆژێکی هەینیدا بردم‌و فرێمدایە ناو ئاوی کەنار دەریاکەوە پاش ئەوەی بەردێکم خستە سەری. بەڵام لە رۆژی دواترەوە شەپۆلەکان بە پۆل ماسی‌و قرژاڵ‌و ئاژەڵی تری بە مردوویی فرێدەدایە سەر کەنارە لمیەکەو هەرگیز دیمەنی ئەو پۆلە رۆبیانەم لە یاد ناچێت کە وەك گردۆلکە کەڵەکە بوو بوون. ناچار لەو شوێنەی فرێمدابوو بە دوایدا گەڕام تا دۆزیمەوە. ناچاریش بووم ئەمە بکەم چونکە بۆنی ئەو گیاندارانەی دەریا فرێیدەدانە دەرەوەو لە کەنارەکانیدا شیدەبوونەوەو ئەو چەتە دەریایانەی لە کتێبەکەوە دەهاتنە دەرەوەو تا دەمەو بەیان بە کۆڵان‌و شەقامەکاندا گۆرانی سەیریان دەوت، خەڵکیان هەراسان دەکرد. تەنها منیش نهێنی ئەو شتانەم دەزانی. جارێکی تر دوای ئەوەی هێنامەوە لە ژێر خۆڵدا شاردمەوە بەو هیوایەی خۆڵ لە توانایدا بێت بیفەوتێنێت، کەچی دوای ماوەیەك باخچەکانی ئەو ناوە زەرد هەڵگەڕان‌و وشك بوون. جگە لە من کەس لە نهێنی



ماسیە مردووەکان‌و درەختە وشکبووەکانی نەدەزانی. ئیتر بەو نیازەی رۆژێك بەرەو رۆژهەڵات بڕواتەوە ئەویش لە رێگای دەریاوە نا، بڕیارمدا لەسەر ئەو رەفەیە دایبنێم. چونکە لە وشکانیدا دەتوانرێت بەرەنگاری ئافاتەکانی ببینەوە. ئەم رستەیەی دوایی وەك ئاگادارکردنەوە وت چونکە لەگەڵیدا بە دەست وێنەی کەشتیەکی کێشا کە نغرۆ دەبێت.

سلێمان ئارەزوویەك پەلکێشی کردبوو کە ئارەزووی سەفەر بوو بەناو پەنهانی‌و وێڵگە سەیرەکانی ئەو کتێبەدا کە لە شێوەی بیاباندا وێنای دەکرد. هەربۆیە ئارەزووی بەدەست خستنی دەستنووسەکە وای لێکرد بە فەرەیدون بڵێت، ئەویش کەمێك بێدەنگ بوو تا دواتر پێیوت:

-پێموایە ئیتر کاتی نووسینەوەیم نەماوەو تۆش ناتوانیت پێیڕابگەیت. بەڵام دەتوانم لات بەجێبهێڵم تا لە دەرفەتێکی تردا بگەڕێمەوە بۆی.

دیاربوو ئەوە تەنها شتێك بوو لە دەستی دەهات تا لە رێگایەوە جۆرێك لە دڵنەوایی یاخود پۆزش بۆ سلیمان بهێنێتەوە. پاش ئەوەی سلیمان دەستنووسەکەی هەلگرتەوە بەدەم هەڵدانەوەی پەڕەکانیەوە وتی:

-بەڕاست دەمووویست پرسیاری ئەو پێشەکیە زیادکراوەت لێبکەم کە بە پیتی لاتینی نووسراوە.

وەك ئەوەی فەرەیدون چاوەڕوانی ئەو پرسیارە بێت، بە درێژی لەبارەیەوە دواو وتی:

-پێشەکیە فەرەنسیەکە هەشت پەڕەیەو جیاوازە لە پەڕەکانی تر. ئەگەرچی ناوی نووسەرو بەرواریشی لەسەر نیە. بەڵام دیارە نووسینی ئەو رۆژهەڵاتناسە بووە کە لە رێگای گەڕانەوەیدا لەناو دەریادا نووسیویەتی پێش ئەوەی ئەولەرزوتا ساماناکە بگرێت کە ئێسکی دەتوێنێتەوە. لەو ماوەیەدا کە نەخۆشیەکە بواری دەدات، ئەو چەند پەڕەیە دەنووسێت‌و لەناو دەستنووسەکەدا بەجێیدەهێڵێت. بێئەوەی ناوو

بەرواری لەسەر بنووسێت. چونکە وەك نووسیویەتی لە پاش کردنەوەی تەلیسمی ئەم کتێبە ئەویش دەدۆزرێتەوە. کاتێکیش مردن زەفەری پێدەباتو لاشەکەی فرێدەدەنە دەریاوە وەك لەلای دەریاوانەکان باوە، ئەم کتێبە لەگەڵ کەلوپەلەکانی تریدا دەگەڕێننەوە بۆ خێزانەکەی. لە نووسینەکەیدا باس لەوە دەکات کە لە گەشتە دوو ساڵیەکەیدا بۆ ئەو ناوچانەی رۆژهەڵات کە لەژێر دەسەڵاتی خەلافەتدان، رێی دەکەوێتە شارێك یاخود راستتر بە شارێکدا تێدەپەڕێت پاش ئەوەی زریان رێی لێ ون دەکات، ناوی لە نەخشەکەیدا نەبووە. چونکە ئەو شارە لە سەرەتای دروستبوونیدا بووە. ئەو دەنووسێت: ئەو شارە ساڵانێك بوو چاوەڕێی دەکردم وەك دواتر زانیم، تا پێیایدا گوزەر بکەمو نهێنیەکانی لەگەڵ خۆمدا بەرم. نهێنی ئەو شارەی دەکەوتە نێوان خوێنو نوێژەوەو لەنێوان ساتە دڵڕەقەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا لەنگەری دەگرتو بە ریزێك چیا دەورە درابوو. ئەو شارە لە پێدەشتی نێوان ئەو چیایانەدا راکشابوو کە سەرە رێگای رەشەباو کاروانەکانی ئەتککردنەو بۆنی خوێنێك لە دیوارو رێگاکانیەوە دێت کە شێتانە گەلەگورگو رەوەئاسك، سەرهەنگە چڵێسەکانو سۆفیەکان بۆ خۆی پەلکێش دەکات. ئەو شارە سێبەر نشین بوو بەوەی دەکەوتە نێوان سنووری تەختی شاهنشاو سوڵتانەوە. ئەمەش وایکردبوو ساڵانە دووجار باجو سەرانە بدات یاخود چەند ساڵێك هیچ پیاوێکی والی بەغا یاخود فەرمانڕەوای ئێران رێینەکەوێتە ئەم شارە.

رۆژێك لەو خانەی لێیدابەزیبووم، لەگەڵ رێبەرەکەمدا بەناو ئەو کاروانەدا رێگای خۆمان کردەوەو چووینە دەرەوە کە خۆی ئامادەدەکرد تا رۆژی دواتر بەرەو شام بڕوات. من دەموویست بۆ دواجار بەناو شاردا بگەڕێم. چونکە وا بڕیاربوو ئێمەش لەگەڵ ئەو کاروانەدا بڕۆین. هەستم کرد ئارەزوی بینینەوەی ئەو قەیسەریە بازنەییەم دەکرد کە زیاتر بە وێلگەیەکی رۆژهەڵاتیی دەکرد، یاخود لەسەر وێلگە رۆژهەڵاتیەکان بیناکرابوو، بەوەی جار هەبووە رۆحی سەرچڵیو



سەفەری لە گەشتیارو بازرگانەکاندا کووشتووەو بۆ هەتا هەتایە لێیدەرباز نەبوون. سیحری کەلوپەلەکانی گەیاندمیە دوکاندارێکی پیری جوولەکە کە تاکە کەس بوو توانیم بێیارمەتی رێبەرەکەم لەگەڵیدا بدوێم. ئەو جولەکە پیرە پاش کۆچو رەوو هەڵهاتنی خێزانەکەی لەم شارەدا گیرسابوونەوەو وەك دەیوت لە گەنجێتیدا دوو ساڵ لای مژدەبەرێك کاری کردووە. بەڵام سەرئەنجام لەم قەیسەریەداو لەپاڵ زەرەنگەریدا خەریکی کڕینی شتی کۆنو سەوداکردنە بە پارەو بەردی بەنرخو ئەو مووررووە ئەفسانەییانەی بۆ نەخۆشیو بەختو چاوەزار بەکاردێن. پێدەچوو جوولەکەکە پەرۆشی هەواڵی شارو رێگای کاروانە بازرگانیەکان بووبێت، چونکە لەو بارەیەوە زۆر پرسیاری کرد. تەنانەت لە یادی نەچوو پرسیار لە رێگای دەریاییو کەشتیەکانیش بکات. دواتر بەدەم نیشاندانی کەلوپەلەکانیەوە کتێبێکی چەرمی نیشاندام کە لە بەرگێکی ئاوریشمدا هەڵگیرابوو. من هیچ لە نووسینە سەیرەکانی تێنەدەگەشتم کە بە ژمارەو پیتو شێوەی ئەندازەیی نووسرابوو. ئەو پێیوتم کە ئەم دەستنووسە هەموو نهێنیەکانی لە خۆیدا حەشارداوەو وەك دەڵێن لە بناغە لێدانی یەکەمین دیواری ئەم شارەدا دۆزراوەتەوەو حەوت ستوونەکەی سلێمان پێغەمبەرە کە بە زمانی دڕندەو جنۆکان نووسراوە. هەربۆیە بە هەموو زمانە جیاوازەکانیش دەخوێنرێتەوە پاش ئەوەی تەلیسمەکەی دەکرێتەوە. هەشن دەڵێن لافاو راپێچی ئێرەی کردووە. کەسانی تریش زۆرن کە دەڵێن لە دەنووکی باڵندەیەکەوە کەوتۆتە خوارەوە. بەهەرحاڵ شارەکەش بەناوی ئەو پێغەمبەرەوە ناودەنێن کە هەموو زمانێك، بە زمانی باڵندەو ئاژەڵانیشەوەی دەزانی. دیارە ئەو شارەش وەك دەیبینیت سلێمانیە.

من ئەمەم بەیەکێك لە گەمە ئەفسوناویەکانی رۆژهەڵات دەبینیو ناوم لێنا"کتێبی شەیتان". جوولەکەکە وتی هەندێك لە تەلیسمەکانی ئەم کتێبە بۆ خوێندنەوەی بەختو ئایندە یاخود وەك گەمەیەك بۆ گێڕانەوەی حیکایەت

بەکاردێت. بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت کە ئەم کتێبە دەمێکە چاوەڕوانی تۆیە تا لە ئافاتو بەڵاکانی ئێرە رزگاری بکەیت. چونکە ئێمە هەموومان دەڕۆینو ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها کتێبە. ئەم کتێبەش هەرکەس توانی تەلیسمەکانی بکاتەوە ئەوا دەبێتە راوچی جیهانو دەتوانێت چارەنووسێکی تر بۆ خۆی دیاری بکات.

لەگەڵ بەجێهێشتنی ئەو شارەدا کتێبەکەم وەك یادگارییەك لەگەڵ خۆمدا بردو لەو گەڕانە سەختو پڕ مەشەقەتەم بە ترسی چەتەو زریانو دیمەنی ئەفسوناوی دەروێشەکان کە لە زیکردا دەتوانەوە، برسێتیو تاعون پاراستم، بێئەوەی بزانم کە بەرەو کۆتایم دەبات. کاتێك بە نیازی گەڕانەوە چووینە دەریاوەو چارۆکەکانمان کردەوە، بیرم لە قسەی جولەکەکە دەکردەوە کە وتی دواجار قەدەر تۆی هێنا تا "دەستنووسی جیهان" رزگاربکەیت. بەڵام لەگەڵ بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلەکانی دەریادا کە شێتانە خۆیان دەدا بە کەشتیەکەدا هەستێك دایگرتم کە هەستی مردن بوو. چونکە لەرزوتایەکی شەیتانی خۆی خزاندە لەشمەوەو بە دەمارەکانمدا گەڕا کە دەریاوانەکانی سەرسامکرد. بەدەم لەرزەوە بیرم لە قسەی جولەکەکە دەکردەوە کە باسی لە گرنگیو ترسناکی "دەستنووسی جیهان" یاخود "کتێبی شەیتان"ی بۆ دەکردم. ناچار ژوورێکی بچوکم لە کەشتیەکەدا هەڵبژاردو بە نیازی نووسینی ئەم چەند پەڕەیە تیایدا گۆشەگیر بووم تا پێش مردنو گەڕانەوەی یەکجاریم بۆ دەریا، بەوەی لاشەکەم فڕێدەدەنە ناو دەریاوە، باسی سەفەری دژواری خۆم بەرەو رۆژهەڵاتو سەفەری ئەم دەستنووسە بەرەو رۆژئاوا بکەم. بێئەوەی ئاماژە بەناوی خۆم بدەم. چونکە دڵنیام بەسەرهاتی منیش لەناو سەرابی ئەو تەلیسمانەدا حەشاردراوە کە لە پەڕە چەرمەکاندا نەخشێنراون.

فەرەیدون دوای ئەوەی کەمێك وەستا، بەردەوام بوو:



-منیش بەو نیازە کڕیم تا پێش کوێربوونم بە تەواوەتی هەوڵی ئەوەبدەم لە تەنیاییە هەمیشەییەکەمدا بەسەرهاتو رووداوی تیابدۆزمەوە، ئەویش لە رێگای کردنەوەی دەرگا نهێنیەکانیەوە. لەوانەشە ئەمە یارییەکی پڕ تەمومژ بێتو قەدەر بردبێتینیەوە سەری.

پاش ئەوەی هەستیان کرد کاتی رۆشتنەو قسەیەکی وا نەماوە لە بارەی کتێبەکەوە بیکەن، بە نیازی بینینەوەیەکی تر یەکتریان بەجێهێشت. ئەگەرچی هەریەکەیان وایدەزانی ئاستەمە جارێکی تر یەکتر ببیننەوە.

کە لەیەکتر جیابوونەوەو دەستیان لە دەستی یەکتر دەرهێنا، سلێمان بۆی دەرکەوت کە ئەو کوڕە گەنجەی بە درێژایی دانیشتنەکەیان لە نزیکیانەوە بووە رێبەرو چاو ساغی فەرەیدون بووە. ئەگەرچی فەرەیدون هەوڵی دەدا لە رۆشتندا کوێری پێوە دیار نەبێت. بەڵام دیارە هەر جیهانەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو هەرچەندە کوێرەکان دەتوانن زۆر شتی سەیر بکەن بەڵام هەرگیز ناتوانن رۆشتنیان بشارنەوە.

ئەو بەیانیە هێشتا دەروازەکانی قەیسەریەکە جەنجاڵبوو بە خەڵك، فەرەیدون بۆ دواجار بەلای قەیسەریەکەدا رۆشت. وەك گەڕیدەیەکی پیر کە سەرچڵی لە خوێنیدا قوڵپیدەداتو بەدوای رێگادا دەگەڕێت، چارۆکەیەکی لە نهێنی کردەوە کە تەنها کاری جادووگەرو ئەستێرەناسان بوو. ئەو بە خۆیو دەستنووسەکەوە کە لە پشت سووتانی قەیسەریەکەو زۆر رووداوی ترەوە وەستاوە، وەك زیندەخەون تێنەپەڕی، بەڵکو وەك رەشەبایەك بەسەر رووبەرە نەزانراوەکاندا هەڵیکرد کە لە غوباریدا تارمایی مێژوویەکی نادیار ئاشکرا دەکات. ئیدی سلێمان بە رۆحێکەوە کە نیوەی پەژموردەیی بوو، خۆیدایە دەست سیحری دەستنووسەکە.

ئەو رۆژە سلێمان قسەی ئەو قەرەجە ئەتککراوەی بیرکەوتەوە کە رۆژێك بە باوکی وت ئاگاداربە نەوەی تۆ ناسکن وەك ئاو. کتێبێك لە چارەیان نووسراوە کە

پیتەکانی بە چەشنی یاقوت دەدرەوشێنەوەو دێڕەکانی هەناسە دەدەن، ئەو کتێبە خوێنیان وەك قەتران دەسووتێنێت.

فاڵچیەکە وایوتو چاوی بڕیبووە سلێمانی منداڵ کە لە تەنیشت باوکیەوە شووشەی عەترەکانی پاکدەکردەوەو ڕێکیدەخستن. باوکیشی بەدەم پێکەنینەوە دەستی بردو لە یەکێك لە شووشەکاندا شتێکی دەرهێناو بێئەوەی سەیری فاڵچیەکە بکات کردیە دەستیەوە، پاشان ماتیەکی سەیر گرتی کە نەوەك تەنها ئەو ڕۆژە کە سەری بەسەر کاغەزەکاندا شۆڕکردەوەو لە بێدەنگیەکی سامناکدا خۆی خافڵاند، بەڵکو بە درێژایی تەمەنی ئەو ماتیە لە سیمای نەبووەوە.

سلێمان لەوەو دوا خەونی زۆر دەبینی. هەمیشە لە خەونەکانیشیدا خۆی لە شێوەی ئافرەتدا دەبینی نەوەك پیاو. ئەو کتێبەکان فێریان کردبوو چۆن بە ئەندێشەدا ڕۆچێت‌و لەوێدا سەفەرە سەختەکانی بە زەمان‌و شوێندا بکات. بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی ئەندێشەی کتێبێکی ئاوا بکات کە پێدەچێت خۆشی یەکێك بێت لە ئەندێشەکانی کتێبەکە. تا خۆشی دڵنیا بکات، ئەو ڕستەیەی بە یادی خۆی دەهێنایەوە کە زۆرجار لە حوجرەدا پێیان دەوتن"قورئان پێمان دەڵێت لە خراپە دووربکەوینەوەو هەوڵ بۆ ئەو دنیا بدەین نەوەك ئەم دنیا فانیە". سلێمان وای بۆدەچوو کە ئەگەر نووسراو توانای قسەکردن‌و ئامۆژگاریکردن‌و سزادانی هەبێت، شمشێرەکان هەڵکێشێت، ئەوا دەتوانێت بیربکاتەوەو ئەندێشەش بکات.

لەورۆژە بەدواوە سلێمان وەك کۆیلەیەك دوای خەیاڵە کوشندەو سیحرئامێزەکانی کتێبەکە کەوت‌و ئەویش دوور بەرەو جیهانی نائاشناو نەزانراو دەیبرد کە دواتر توانی وێنای ئەو دەستنووسە بکات‌و بە کۆشکێکی فراوانی بشوبهێنێت کە بەردەوام ئەم پەلکێشبکاتە ناو خۆیەوەو بە ناو ڕاڕەوە ڕازاوەو زورە نەخشینەکانیدا بیبات. بەناو شاری نامۆو ئاگرو ڕەنگی سەیردا دەڕۆشت بێئەوەی بگاتە نهێنی تەلیسمەکانی. جار هەبوو چەندین شەوی لەناو بۆنی



بخوردا بەسەر دەبردو بەدوای لێکدانەوەی مانای پیتە تەمومژاویەکان‌و ژمارەکاندا دەڕۆشت تا لە پارشێوی یەکەمین شەوی ڕەمەزاندا کە دەنگی سەلایەکی هێمن بەدەم دەنگی تەپڵی ئەو منداڵانەی کۆڵانەو کۆڵان دەڕۆن‌و خەڵکی خەبەر دەکەنەوە، گەشتە نهێنیە شاراوەو خاکستەریەکانی شاری سلێمانی کە تەلیسمەکەی بە شاری قابیل ناوی دەبردو ڕێگاکانی بە گوناهو نووردا دەڕۆیی.

لەو پارشێوەدا سلێمان ئەو شارەی بە منارەی درەوشاوەو شەقامە خۆڵیەکانیەوە، بەکچە ئەتککراوو کوڕە سەرهەڵگرتووەکانیەوە لەناو غوباری ژمارەو تەلیسمی دەستنووسەکەدا دەرهێناو بە چۆڕاوگەی خوێن‌و عیبادەتیا شۆڕبووەوە. توانی دەروازەی ئەو شارە بکاتەوە کە مەشەقەت بە دەمارەکانیدا دەڕوات. ئەو لەو شەوەداو پێش پرژانی ئایەت بە تاریکیدا، تارمایی شارێکی لێبەدەرکەوت کە بۆنی یاخی بوون‌و ملکەچی لێدەهات.

سلێمان هەموو ئەو ڕووداوانەی لەو ماوەیەدا ڕویاندا بە بەرواری دوای دەستنووسەکە دەینووسینەوە وەك ئەوەی دەستنووسەکە زەمان‌و مێژویەکی تری بە ڕووداکردبێتەوە، زەمانێکی پڕ لە ئافات کە ئەو قوربانیانەی بۆی دەدرا لەوە بێتواناتر بوون دووری خەنەوە. دیاربوو سەرەتای چەرخێکی تر بەڕێوە بوو کە لەم کتێبە جادووییەوە سەرچاوەی دەگرت.

دەستنووسەکە کە بەکاری جادووگەران دەچێت، لە پێشەکییەك‌و سێ کتێبی بچووك پێکهاتبوو. لە سەرەتادا تەلیسمێکی لاکێشەیی هەبوو کە لەسەر پارچە زیوێك هەڵدەکەندراو بەدەم خوێندنی وێردێکی تایبەتەوە لەناو بخورو قەتراندا دەسووتێنرا تا نهێنی نووسینی کتێبەکەئاشکرابکرێت‌و بخرێتە ژێر ڕکێفی خوێندنەوەوە، چونکە زمانی کتێبەکە بە ئاماژەو هێما نووسرابوو. پاشکردنەوەی تەلیسمەکە دەچیتە ناو پێشەکیەکی کورتەوە کە سەبارەت بە پلەو شوێنگەی

پیت‌و ژمارەکانە. لەوێدا وترابوو کە ژمارەکان لە نهێنیەکانی قسەن‌و پیتەکانیش لە نهێنیەکانی کردارن.

کتێبی یەکەم تایبەت بوو بە بەکارهێنانی پیتەکان. پیتەکان بەسەر چوار رەگەزە سەرەکییەکەدا دابەشکرابوون پاشئەوەی لە دابەشکردنێکی تر هاتبوونە دەرەوە کە ئەویش دابەشبوون بوو بەسەر پیتە گەرمەکان‌و پیتە ساردەکاندا، پیتە درۆزنەکان‌و پیتە راستگۆکاندا. لەم دابەشکردنانەشەوە خشتەیەك دەرهاتبوو یاخود دروستکرابوو کە دەتوانرا وەك تەلیسم بکرێنەوە، ئەم خشتەیەش بەسەر دوانزە بەشدا دابەشکرابوو کە "ناو"ەکانیان لە خۆیاندا حەشاردابوو و دەتوانرا جارێکی تر هەر بەشێك لەگەڵ بەشێکی تر لێکبدرێت‌و خشتەی نوێی پێدروست بکرێت کە فرمان‌و کردارەکانی پێبخوێنرێتەوە. یەکێك لەبەشەکان بەشی ئاگر بوو کە بوونە لاهوتیەکەی‌و جۆرەکانی بەدەردەخست کە لەوانەبوو هەندێکی تا ئێستا نەزانراوو نەبینراوبن، وەك ئاگری تەڕ کە ئارەزووەکانی تۆڵەو جووتبوونیش دەکەوتنە ئەم بەشەوە. بەڵام لە بەشی حەوتەمدا کە بەشی خواردن بوو، بە زۆر ناوی خواردندا بڵاوی دەکردیتەوە تا دەگەشتە ئەوانەش کە بێزکردنەوە لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. لە بەشی ئاژەڵیشدا کە بەشی پانزەهەم بوو دەیبردیتە ناو دارستانێکی ئەندێشەییەوەو زۆر ئاژەڵی فەوتاوو ئایندەیی تێدا دەدۆزرایەوە هەر لە دەیناسۆرەوە تا دولی کە لەبەر گیراوەی ئاژەڵێکی ترە. یاخود"پریخ" کە نیوەی سەرەوەی مرۆڤەو نیوەکەی تری شێرە. لەم بەشەدا ئەو ئاژەڵە شێوێندراوو حیکایەتیانەش دەدۆزرێتەوە کە تێکەڵەیەکن لە چەندین ئاژەڵی تر وەك "ساڤۆ" کە ماری باڵدارە. بەڵام رژێمی ناوەکان لەم بەشەدا زۆر قورس بوون چونکە ناوی ماری باڵدار کاتێك دەبووە "شاڤۆ" ئەوا ئاژەڵەکەش دەگۆڕاو دەبووە ماری شاخدار. "راش" ئەو سەگانەی دەتوانن ناو گۆبکەن، "زابا"ئەو ئەسپانەی باڵی پەریان هەیەو لەوپەڕی حیکایەتەکاندا نیشتەجێن،



"سوژە" ئەو بوونەوەرە بچوکەی تێکەڵەیەکە لە سیسرك‌و گۆڕهەڵکەنە کە تەنها لە خەوندا خۆی نیشان دەدات‌و ئەو بوونەوەرانەش کە وەك درەخت بە تیشکی خۆر دەژین‌و..

لە بەشێکی تردا ئەو شارانەش دەدۆزرانەوە کە لەسەر نەخشەو ئەندێشەدان. ئەو شارە خۆڵیەی بە ئەربائیلۆ ناودەبرێت، ئەو شارانەش لە پزیسکی ئاگرەوە کەوتوونەتەوە وەك کەرکوك‌و بابل، ئەوانەی شمشێر کردنیەوەو ئەوانەی تیوارن‌و ناکەونە سەر رێگای کاروانەکان. "کاشان"ئەو شارەی مافورچنێکی دڵدار لە قاڵیەکەیدا نەخشاندی. "بەغداد" ئەو شارەی لە هەڵەی زمانەوانیێکەوە کەوتەوە. "ئەسکەندەریە" ئەو شارە شەترنجیەی لە باری درێژی‌و پانیدا هەشت شەقامی یەکتر بڕی تێدایە. "دلهی" سەمایەکی وەرزی باران خستیەوە. "ئەستەمبوڵ" ئاوێنەیەکی تەڵخی شکاو بوو خەلافەت لێیەوە سەیری خۆی دەکرد. "سلێمانی" ئەو شارە باییەی خۆڵ داگیری دەکات. "ئەخبا"ئەو شارەی پادشایەك خواردی. "باروخ" ئەو شارەی تەنها لە سپێدەدا دەردەکەوێت‌و گەلێك شاری تری لە بن نەهاتوو کە هەر یەکەو تەلیسمێکی چوونە ژوورەوەی هەیە.

ئەم کتێبە لە موعجیزەکانی پیت دەدواو دەتوانرا لەنێوان بەشەکاندا بەشی تر دروست بکرێت.

کتێبی دووهەم لە رێگای ژمارەکانەوە حیکایەت‌و چیرۆکەکانی لە خۆیدا حەشارداوە، بەوانەشەوە کە هێشتا نەگێڕدراونەتەوەو دەتوانرێت بە کتێبی بەسەرهاتەکان ناوببرێت. هەر ژمارەیەك یاخود کۆمەڵێك ژمارە بەپێی ریز بوونیان حیکایەتێکی لە پشتەوە حەشاردراوە کە دەتوانرێت بە چەندین شێوە بگێڕدرێتەوە. ئەمەش وادەکات ئەو بۆچوونە دروست ببێت کە ئەم کتێبە هەر ئەوکتێبە بێت کە بە هەزارو یەك شەوە ناسراوە. بەڵام دواتر دەزانرێت کە ئەو کتێبە وێڵگەییەش بەشێکە لەم کتێبە. ئەم کتێبە پێشیدەوترێت "زانستە

پیرۆزەکە" بەوپێیەی یەکێتی شوێنو کات لەناو ژمارەکاندایەو ژمارەکانیش جەوهەری شتەکانن. بە مانایەکی تر ئەم کتێبە رژێمی رژێمەکانەو لەسەر ئەو بۆچوونە کاردەکات کە یەك واتا گشت. (لێرەدا سلێمان دوای دۆزینەوەی شاری خوێن لە ژمارەکاندا سەفەرە ئەندێشەییە واقیعئامێزەکانی دەستپێکرد).

دواهەمین بەشی کتێبەکە، کتێبی رەمل بوو. ناوی ئەم کتێبەش لەوەوە هاتبوو کە نهێنی نهێنیەکان لە هاتنە خوارەوەیدا، لە تەختی یەزدانەوە، خۆڵ دەیگرێتەوە. کتێبەکەش لەسەر خوێندنەوەی خاڵ وەستابوو کە دەتوانرا چارەنووسی پێبخوێنرێتەوە. سلێمان دوای ئەوەی چەند جارێك بە خاڵەکان بەختی خۆی خوێندەوە، تەنها سەفەرێکی سەیرو نامۆی بۆ دەردەچوو.

دوای ئەوەی سلێمان توانی دەروازەی دەستنووسەکە لەو پارشێوە شوومەدا بکاتەوە، وەك دواتر ناوی نا، تانوپۆی حیکایەتێکی لە ژمارەو تەلیسمی کتێبەکەوە ئاشکراکرد بێئەوەی بزانێت کە دەیخاتە ناو مێژوویەکی نادیارەوە.

ئەم کە رەشەباو گەرداو لە خوێنیدا هەڵیکردووە، گەڕایەوە رابووردووی ئەو شارەی بەرد بە بەردی لە یەقینو غرور تاشراوەو نەوە ئاڵتوونیەکانی شێخو سەیدەکان، کە خوێنیان تێکەڵ بە خۆڵیەتی، ئەو گوناهەیان نەدەبینی بە دەمارەکانی ئەم شارەدا دەگەڕێتو جادووگەرەکانیش دەترسێنێت.

لەو پارشێوەدا کە سلێمان دەروازەی تەلیسمێکی کردەوە، شارێك بەدەرکەوت کە لەناو سۆزو ئارەزوو، خێرو شەڕدا لەنگەری گرتبوو. لەبەردەم دەروازەی ئەو شارەدا کە لەپشت تەلیسمەوە حەشار درابوو، سلێمان رێکەوتی "مەولانا" دەکات بێئەوەی بزانێت کە سالأنێکە لەو شوێنەدا چاوەڕوانی دەکات تا لەگەڵ خۆیدا بەناو ئەندێشەدا بیبات، بەناو ساڵو سەدەکاندا بیبات تا بەدوای قەدەری خۆی بکەوێت. بێئەوەی بزانێت کە چارەنووسی جیهان لە دەست ئەمدایە.



★ ★ ★

## بەرەو رابردوو

شاری قابیل بە خوێنی مرۆڤ دروستکرا
نەك بەخوێنی گاو بزن
ولیم بلیك
"تارمایی
قابیل"

دوای رۆشتنی فەرەیدون، سلێمان وەك دواتر بۆ مەولانای دەگێڕێتەوە، چەندین شەو لەناو لێکدانەوەو گەڕان بە تەلیسمو نووسینی کتێبە چەرمەکەدا بەسەر دەبات. بەناو راڤەی ژمارەو پیتەکاندا گەڕا تا سیحری ژمارە تاکەکان رۆشتو لەژێر سایەی"یەك"دا لە ئەفسون راما، بە جادوی ئەبجەدیەتو نوری "ئەلف"دا رۆشت.. تا لەیەکەم شەوی رەمەزاندا کە دەنگی نوێژکەرە خەوزڕاوەکان وەك شریخەو زرنگانەوەی رەوە شمشێرێکی بێدار، وەك پۆلە کۆترێکی پەژموورده تاریبکی ئەو مەلابانگدانەیان دەبڕی، لەوکاتە نیگەرانیەی جوانیدا کە تاریکیو روناکی لێوە هەڵدەقوڵێتو بەسەر پێدەشتو چیاکاندا دەڕژێت، تەلیسمی شارێکی کردەوە کە زۆر لەو گەڕیدانەی تەفرەداوە کە بەدوای سەیروسەمەرەییدا وێڵنو خۆی فڕێداوەتە سەر رێگای ئەو رۆژهەڵاتناسە سەرکێشانەوە کە بەدەریای زماندا دەپەڕینەوە رۆژهەڵاتو کاروانە راگوزەرەکانی ئاوریشمو بەهاراتو مافوری بە حەسرەتی بینینیەوە دەکوشت.

ئەو شەوە دوای ئەوەی توانی تەلیسمی شارە دیارو نادیار، خاپوورو درەوشاوە، پڕ شەهوەتو مردوو، سوتاوو نغرۆی ناو مێژو کە هێشتا ئاهونالەیان لێبەرز دەبێتەوە، بکاتەوە، دەروازەی شارێك لە ئاوێنەکەی بەرامبەریدا بەڕویدا کرایەوە کە نور لە دیوارە خۆڵیەکانیەوە هەڵدەستاو ڕەگی ئەو شارە نوقمی خەیاڵ بوو. شارێك کە بە ڕێ ڕۆشتنی چەند شەوێکی کاروانە سەر هەڵگرتووەکانی وەهم دەکەوتە ئەندێشەوەو لەناو جادوودا وێڵو سەرگەردان بوو. شارێك ئەو ئەفسانانەی بەرهەم دەهێنا کە لە ئەفسانەی ترەوە سەرچاوەیان گرتبوو. وەك دەوترا دەرگاکانی بەو قووبەو ئەڵقەڕێزانە رازابوونەوە کە لە خوێنی ئەو خێڵە رەوەندو کۆچەریانە هەڵکێشرابوون کە لە تالآنو قەتلۆعامولێشاوی غەزاو فتوحاتە کوێرەکاندا کوژرابوونو بە کەللەسەریان گردۆڵکەو منارەی دڵڕەقیان دروستکردبوو. ئەو خوێنەی هێزی پۆلآی دەبەخشیە دەروازەکان تا لەبەردەم ئاگرو تەوری پەلاماردەرانیدا بوەستێتو لە بوغزی براکان خۆی حەشاردا.

کاتێك تەلیسمەکە کرایەوە، لە ئاوێنەکەدا دەربەندێکی لە سپێدەدا نیشانداو سلێمان بە دوودڵیەوە پێیدا ڕەتبوو. لە دەربەندەکەدا لەو کاروانە راما کە خەریکی خۆئامادەکردن بوون تا لەگەڵ کردنەوەی دەربەندەکەدا لەوێوە تێپەڕن. دەنگی زەنگۆڵەی هێسترەکان تێکەڵ بە وەڕینو هاواری کاروانچیەکان دەبوو کە خەریکی خامۆشکردنی ئەو ئاگرە بوون کە بەدرێژایی شەو لە دەوری کۆبووبوونەوە.

پاش دڵنیا بوونی کاروانچیەکە لە خۆکۆکردنەوەی کاروانەکەی، رووەو سلێمان رۆشتو پرسیاری ئەوەی لێکرد کە لەوە دەچێت یەکەمجاری بێت رێی بکەوێتە ئەم شارە. سلێمانیش تەنها بەسەر لەقاندن وەلآمی دایەوە. کاروانچیەکە وتی ئێوارە کاتێك گەشتینە ئێرە ئەوەندە نەبوو دەروازەکە داخرابوو، ناچار لە ترسی جەردە ئەم شەومان لێرە بەسەربرد.



سلێمان سەرنجی لای ئەو جلوبەرگە قورسو زۆرەی کاروانچیەکە بوو کە رێی لە جوڵەی نەدەگرتو زۆر گورجانە هەڵدەسوڕا. ئەمەش زۆربەی پیاوانی کاروانەکەی دەگرتەوە کە خۆیان بە تفەنگو خەنجەرو ریشوەو سمێڵیانەوە رازاندبووەوەو وەك ئەو پاڵەوانانە بەدەردەکەوتن کە بەدوای حیکایەتێکی سەرمەدیدا دەگەڕێن تا وێنە خەونئامێزەکانیان دەماودەم بگێڕدرێتەوە.

سلێمان دوای ئەوەی پرسیاری رۆشتنی لێکردن، کاروانچیەکە ئاورێدایەوەو بەدەست ئاماژەی بۆ شوێنێك کردو وتی:

-کە یەکەم تیشکی خۆر لەو لوتکەیەیدا..

پاشان بەپێکەنینەوە درێژەی پێداو وتی:

-چەتەکانی ئەم ناوە وەك شەونم وان، لەگەڵ خۆرکەوتندا نامێنن.

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو ناچار بوو بەپەلە بەرەولای دووکەس بڕوات کە خەریك بوو بەشەڕ دەهاتن. پاشگەڕانەوەی لە سلێمانی پرسی:

-لەوەناچێت حەقی تێپەڕینت پێبێت؟

سلێمان بەسەر سووڕمانەوە دەستی بردو ئەو پارە کاغەزەی پێیبوو، دەریهێنا کە کاروانچیەکەی خستە پێکەنین. پاشان بە سلێمانی وت ئەگەر لەگەڵیاندا دەڕوات ئەوا رێگای بۆ مەیسەر دەکات.

کاتێك سلێمان بینی پارە کاغەزەکانی لەناو پیاوانی کاروانەکەدا دەستاودەست دەکات، دڵنیا بوو کە پەڕیوەتەوە ناو زەمەنێکی تر کە لە ئاوێنەکەدا بوو. بەلآم کە پرسیاری ئەوەی لە کاروانچیەکە کرد لە چ ساڵێکدان؟ وەلآمی نەدایەوەو دەستی بە رۆشتنکرد.

سلێمان لەگەڵ کاروانەکەدا کەوتە رێو گوێی لە گۆرانی غەمباری ئەو پیاوانە دەگرت کە بەدرێژایی رێگاکە بێدەنگ نەدەبوون، وەك کوڕی گۆرانی بن. یەکێك لە پیاوەکان کە خاوەنی دوو دەستی گەورەبوو، نزیك بووەوە لە سلێمانی پرسی:

-له كوێوه هاتوويتو بەنيازى كوێيت؟

سلێمانيش به سارديەكەوه وتى:

-دەزانم له سلێمانيەوه بەڕێ كەوتووم بەلآم نازانم بۆ كوێ دەچم.

ئەم قسه پڕ له تەمومژەى ناچارى كرد باسى دەستنووسەكەيان بۆ بگێڕێتەوەو ئەوەشيان بۆ روونبكاتەوه كه سەفەرى ئەم به زەمەندايه نەوەك شوێن. دواى ئەوەى كاروانچيەكه كه دواتر به سلێمانى وت به مەولانا بانگ دەكرێت، لەوه تێگەيشت كه ئەو پياوه غەريبه له ئايندەيەكەوه گەڕاوەتەوه كه ئەمان به مردوويى تێيدان، پرسيارى خۆىو كاروانو شارى لێكرد. بەلآم ئەو پێيوتن كه جگه له شار هيچ لەبارەى ئەمانەوه نازانێت چونكه شار له ئێستايدا زۆر لەوه گەورەتره كه هەيەو ئەمانيش له مێژويدا نين. روداوەكانى ئايندە زۆر كاروانو كەسى وەك ئەوانى له غوبارى خۆيدا ونكردووه. بۆ ئەوەى هيچ لەبارەى شاريشەوه نەلێت بێدەنگ بوو، خۆى دايه دەست ئەنديشه تا هەوڵى شاردنەوەى ئەو رستەيه بدات كه له خۆيدا شاردبوويەوه ئەويش ئەوەبوو كه قەدەر هێناميه ئەم گۆڕستانەوه.

دەمەونيوەڕۆ له شار نزيك بوونەوه كه بۆنى نوێژو ئارەزوى لێوه دەهات. شار به شێوەى مافورێكى رەنگاڵەيى دەست جۆلآيەكى كوێر لەو دەشتەدا راخرابوو. پێشئەوەى بگەنه ناو شار به ماوەيەك، لەسەر رێگادا پياوێكى پيرى بينى خەريكى پاككردنەوەى توله رێيەك بوو كه ئەملاولاى بەڕيزه بەرد گيرابوو. سلێمان لێينزيك بووەوه. پيرەمێردەكه پێيوت:

-ئەم پيشەيەم به ميراتى بۆ ماوەتەوه. لەوەتەى بەبيرم بێت من ئەو بەردانه پاكدەكەمەوەو گژوگياو هێلكه شەيتانۆكەى لێلادەدەم. هەموو پايزانيش دەچمه سەر مەزارو نزرگاكان تا پوشو پەلآشو دڕكو گيا كەڵەو شيره سەگانەى سەريان هەڵكەنمو بەدەم وەرينى پەپوله پايزەوه ريقنەو كاژى مارى سەريان بماڵم.



دياربوو دەيويست له قسەكردن بەردەوامبێت، بەلآم سلێمان دەبوو له كاروانەكه دانەبڕێت. چونكه نەيدەويست بێئەوان خۆى بكات به شاردا. ناچار هەستاو به پەله دواى كاروانەكه كەوت. پيرەمێردەكەش كه ريشێكى لۆكەيى تا سەر سنگى هێشتبووەوەو جلێكى شڕى له بەردابوو، هاوارى كرد:

-دەتوانيت چنگێ له خۆڵه موبارەكەكەى ژێر پێى بەريت كه ساڵانه زۆرى وەك تۆ له رێگاى دوورەوه بۆى دێن.

كه به كاروانەكه گەشتەوه، مەولانا چاوەڕوانى دەكرد تا بەدەم رێگاوه بەسەرهاتى ئەو دوو خێڵەى بۆ بگێڕێتەوه كه ساڵانێك لەوەوبەر لەسەر وەڕينى سەگێك تا يەكتر بڕانەوه دەستەو يەخه شەڕيان كردو ئەو رۆژەيان پڕكرد له هاوارى ژنو كڕوزانەوەى كچانو چەقينى خەنجەرەكان لەسەر دڵو ناڵەى برينداران. پاشان باسى ئەو قسنانەى بۆ كرد كه نور له بالآيانەوه هەڵدەستێتو ژنه نەزۆكەكان ئاوس دەكات، باسى ئەو بەردانەى ئازارى دان لا دەبەن، ئەو كفنه بەخوێن سوورەى لەبەرى كوژراوێكى دەستى غەزا كەراندا بووەو هەموو ساڵێك لەو رۆژەدا كه تێيدا كوژراوه، كفنەكه به خوێنێكى ئاڵ تەڕ دەكاتەوه.

تا گەشتنه بەردەم ماڵەكانى قەراغ شار، مەولانا باسى زۆر شتى بۆ كرد. لەوێدا سێ تفەنگچى كه پێدەچوو به حەوت پشت بچنەوه سەر رەشەبا، سێ گوللەيان له پێشى كاروانەكەوه رووەو ئاسمان تەقاند تا شار له گەڕانەوەيان ئاگادار بكەنەوه. سلێمان دەيبينى چۆن ئەو پياوانه دەهاتنه پێشوازيان كه تەمەنيان له سێڕسكێنو دامەدا بەسەر بردووەو تەزبيحەكانيان له زەوى دەخشا. له درزى دەرگاو سەر كۆڵانەكانەوه نيگاى ئەو ئافرەتانه دەبينرا كه رەنگى تەنياييان گرتبوو، منداڵه چەتونەكانيش ئەوەندەى وێرايان بەدواى كاروانەكەدا رايان كرد، كاروانيش تا ئەو خانەى بارەكەيان لێخست بێوەستان رۆشت.

سلێمان بە درێژایی ئەو ماوەیەی بەشاردا رۆشتن‌و لە کاروانسەراکە دابەزین، لە کۆڵان‌و خانوەکان ورد دەبوەوە کە لە شێوەی زینداندا دەیبینین. قسەی ئەو گەڕیدەیەی هاتەوە یاد لە یاداشتەکانیدا نووسیبووی(ئەم شارە تەنها لە شار ناچێت).

خانەکە بریتی بوو لە خانوویەکی گەورەی چوارگۆشە کە لە ناوەڕاشتیدا حەوشەیەکی گەورە هەبوو بە چەند ژوورێکی نزم‌و تاریك‌و سەکۆ دەورەدرابوو. لە ناوەڕاستدا حەوزێك هەبوو سێ درەخت سێبەریان بەسەردا دەکرد، دوو دەرگای گەورەش لە خانەکەدا هەبوو کە یەکێکیان بۆ هاتوچۆی ولاخ‌و رێبوارەکان بوو ئەوی تریش دەچووەوە سەر تەویلەیەکی گەورە. حەوشە خۆڵەکە بۆن ترشاویی میزو عارەق‌و پاشەڕۆی ولاخەکانی لێهەڵدەستاو تێکەڵ بە تەپوتۆز دەبوو. سلێمان کە رووبەڕو لەو جیهانە سەیرەدا خۆی بینی، ختورەیەك بە دڵیدا هات، ئەویش ئەوەبوو کە پێدەچێت قەدەر راپێچی ئێرەی کردبێت‌و ئەمە شوێنی بێت بەوەی رێگای گەڕانەوەو بەتاڵکردنەوەی تەلیسمەکەی نەدەزانی.

یاریەکە لە یاسای خۆی دەرچوو.

سلێمان وای بەخۆی وت. لەوکاتەدا مەولانا دەستی گرت‌و بردیە گۆشەیەکەوە کە سەکۆیەکی لێبوو، داوای لێکرد چاوەڕوانی بکات. سلێمانیش کە سەیرکردنی خەڵکەکە بێزاری کردبوو، داوای لێکرد یارمەتی بدات تا جلەکانی بگۆڕێت. بەلام مەولانا بە پێکەنینەوە وتی:

-جارێ کاتی نیە. گوێ بە سەیرکردنی ئەوانەش مەدە چونکە هەموو شتێك بەلایانەوە سەیرە جگە لە خۆیان.

ناچار سلێمان دانیشت‌و خۆی بە سەیرکردنی ئاژەڵە شەکەتەکانەوە دەخافلاند تا خۆی لە پرسیاری ئەوانەی دەوری بەدوور بگرێت. لە غەلبە غەلبی بازرگان‌و حەماڵ‌و منداڵە پێپەتیەکان نزیك بوەوە، بەلام هەموو ئەوانە دەرەقەتی



بێزاریەکەی نەدەدا بەوەی تا تاریك داهات لە خانەکە نەچووە دەرەوەو مەولاناش نەگەڕایەوە. هەندێکجار پاڵدەکەوت‌و چاوی دەنوقاند تا وەك نووستوو خۆی نیشان بدات. ئەو کاتە بیری لەو چارەنووسە دەکردەوە کە زەبوونانە هێنایە ئێرە، بێئەوەی دڵنیابێت کە ئەمە خەونە یاخود یەکێکە لە ئەندێشە قووڵەکانی، یاخود دەشێت تا ئەوپەڕی دڵڕەقی حەقیقەت بێت کە نەیدەتوانی وێنای بکات. وێنای ئەوەی کە هێشتا باپیرەی لە دایك نەبووە. یاخود گەڕاوەتەوە ناو ژیانێك کە سەرتاپا لە مەرگدایەو مێژوونووسەکان بەئاگای دەهێننەوە.

تا تاریك داهات‌و مەولانا گەڕایەوە، چەند جارێك چووە ناو سەودای کڕیارو فرۆشیارەکانەوەو لای باری ئاوریشم‌و بەهارات‌و مافوورە غەمرەوێنەکان‌و ئەو تووتیانەوە دەوەستا کە بە دوو زمان حیکایەتی پڕ لە شەرمی خاوەنەکانیان دەگێڕنەوەو لەو رێگایەوە هاتوون کە گەڕیدەو بازرگانەکان بە ئاوریشم ناوی دەبەن‌و بارەکانی ئاڵتون‌و عاج‌و کەنیزەك تا تەلیسم‌و گۆرانی غەمبارو حیکایەتی پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی پێدا دەڕوات. کاتێکیش دەمەو تاریك بوون مەولانا گەڕایەوە کە هەر دوای گەشتنیان بۆ خانەکە ئەمی بەجێهێشت، داوای لە سلێمان کرد لەگەڵی دانیشێت. بەدەم قسەکردنەوە چارۆکەکەی کردەوەو وتی:

-ئەم شەو لە سەربانی خانەکە دەیگوزەرێنین.

پاشان بەدەم نانخواردنەوە بە سلێمانی وت:

-ئەمڕۆ ئەوەندەی بیرم لێتکردۆتەوە تۆ بەو پیاوە دەکەی کە بە راوچی جیهان ناسراوە.

سلێمانیش لەبەردەم ئەم رستە نامۆیەدا سەرسامانە سەیری مەولانای کرد کە خۆی بە نانخواردنەوە دەخافلاند، وەك ئەوەی نەیەوێت هیچی تر بڵێت. دوای ئەوەی یەکێك بەناو خانەکەدا دەگەڕاو ئەو فتیلانەی دادەگیرساند کە بەڕۆن گەرچەك دەسووتێن، خۆیان کۆکردەوەو چوونە شوێنی نووستنەکانیان تا خۆیان

بدەنە دەست تریفەی ئەو شەوە. دوای ئەوەی لە تاریکیەکەدا کەمێك قسەیان کرد، شەکەتیو شنەبای ئەو شەوە زەفەری پێبردن. بەڵام سلێمان تا درەنگانێك لە قوڵایی ئاسمان رامابوو، بیری لە راوچی جیهان دەکردەوە کە یەکەم جار بوو بیبیستێت. دواجار بەخۆی وت:

خەون دوا حەقیقەتە پێیدەگەین.

★ ★ ★



## رێکەوتە یەکتربڕەکان

ئەو شەوە مەولانا لەناو شنەبای فێنكو بۆنی زەوی کە لە پێدەشتەکانەوە دەهات، پێش ئەوەی خەو زەفەری پێبەرێت، باسی ئەوەی بۆ سلێمان کرد کە ئەمان لە دوای کەوتنەوەی تاعونەوە یەکەمین کاروانن گەڕابێتنەوە. لەسەرخۆ وتی:

-کە هەواڵی تاعونەکەمان پێگەشت، رۆژگارێکی زۆرمان لە بەردەمدا بوو بۆ گەڕانەوەو نەشدەکرا دەستبەرداری سەفەرەکەمان بین. چونکە لەوە دەچوو لە چارەمان نووسرابێت ئەو رۆژە رەشە ببینینو رێکەوتی تۆ بکەین. ئێمە دەمانبیست چۆن کۆڵانو گەنجینەو ژوورەکان پڕبوون لە لاشەی حەسرەتبارو تۆقیوی خەڵکیو لەژێر خۆردا بۆگەن دەکەن، بێئەوەی بە فریای شاردنەوەیان بکەون. ئەمڕۆ بە ووردی باسی ئەو رۆژە سەختانەیان بۆکردم کە ئاویش بوو بووە دوژمنیان. لەگەڵ ئەو هەموو نوێژو نزایانەی کردیان، ئەو بەڵایە زیاتر تەشەنەی دەکردو تا شاری نەڕزاند، دوورنەکەوتەوە.

ئەگەرچی مەولانا وەك دەربازبوویەك باسی ئەو رۆژانەی دەگێڕایەوەو قسەکانیشی حەسرەتیان لێدەتکا، سلێمان قسەکانی پێبڕیو وتی:

-پێتوایە قەدەر وای ویستبێت ئەو هەمووە بمرن تا منو تۆ بەیەك بگەین؟

-وا نووسراوەو ئەمەش لە سەرو توانای ئێمەوەیە. چونکە ئێمە هێشتا لە زەمەندا دەژین نەوەك مێژوو. ئەوەتا دەتوانین ژیان وەك بازنەیەك ببینین کە هەموو

خاڵێك لە سەری رابردووەو دەتوانین بگەڕێینەوە سەری. تەنانەت مردنیشمان گەڕانەوەیە بۆ ناو ئەو زەمەنە ئەبەدی‌و ئەزەلیەی بە ئاسوودەیی چنراوە.

سلێمان هەستی کرد لەبەردەم حەکیمێك دانیشتووە کە هەوڵی خولْقاندنی گومان دەدات نەوەك کاروانچیەك بێت. بەسەرسامیەوە وتی:

-پێموایە رێکەوتێك هەیە رێڕەوەکان دیاری دەکات، تەنانەت کردنەوەی تەلیسمی ئەو کتێبە لەو کاتەدا..

مەولانا بە ئارامیەکی قوڵەوە قسەکەی پێبڕی‌و وتی:

-بەڵام ئەو رێکەوتەی تۆ باسی دەکەیت هاومانایەکی تری قەدەرە کە ئەو کتێبەی پێگەیاندیت.. هەرچۆن من..

سلێمان هەستی کرد لەگەڵ یەکێك دەدوێت کە پێناچێت هیچ کەسێك بێت. بەڵکو بۆخۆی لە جادوو دەچێت‌و ئەم پەلکێش دەکاتە ناو وێڵگەکانی خۆیەوە، بەتایبەت کە لە دەربەندەکەدا پێی وتبوو درەنگ گەشتییت. ئەم قسەیەشی واکرد بواری سلێمانی نەدا پرسیاری لێبکات، ئەمیش داینا بۆ کاتێکی تر.

ئەگەرچی ئەم دەیتوانی لە رێگای خەیاڵەوە سەفەر بە زەمەن‌و جغرافیای نەدۆزراوەدا بکات‌و جیهانی زەینی بخوڵقێنێت، بەڵام دواجار وا هەستی دەکرد لەبەردەم بیرێکدا وەستاوە کە بەردەوام نهێنی سەیرو نامۆی لێوەهەڵدەقوڵێت. رووی دانیشتنەکەی رووەو مەولانا گۆڕی‌و لێیپرسی:

-چۆن وەك تۆ..؟

مەولانا هەستی کرد دەبێت ئەو نهێنیەی بۆ ئاشکرا بکات کە هەوڵی شاردنەوەی دەدا. وەك ئەوەی لە چارەی نووسرابێت کە لەم شەوەداو لەبەردەم ئەم پیاوە غەریبەدا بیڵێت. ئەویش رووی کردە سلێمان‌و وتی:

-منیش وەك تۆ ساڵانێك لەمەوبەر لەهەمان ئەو شوێنەدا وەستام کە تۆم لێبینی. بەبینینی تۆش ئەو رۆژانەی خۆم بەیادهاتەوەو زانیم تۆ گەڕیدەیەکی وێڵ‌و



سەرگەردانی ناو زەمەنی. چونکە ئەوانەی بەدوای پرسیارەکانیاندا دەڕۆن، نورێك لە سیمایاندا دەبینرێت.

سلێمان قسەکەی پێبڕی‌و وتی:

-بەڵام من تا ئێستا نازانم بەدوای چیدا هاتووم.

-بە دڵنیاییەوە نازانیت چونکە تۆ تا ئێستا نازانیت رۆژەکانت چیان بۆ حەشارداویت، بەڵام تۆ لەو کەسە خەیاڵئامێزانەیت کە ژیان چەند روویەکی هەیە لایان. جیاوازی تۆش ئەوەیە کە پرسیارەکان بەدوای تۆدا دەگەڕێن‌و هاتنیشت بۆ ئەم شوێنە هەر لەوەوەیە. لەبەر ئەوە دەبێت هەوڵبدەیت پرسیاری خۆت بدۆزیتەوە تا بەدوای کەویت. بەهەرحاڵ دەمویست پێتبڵێم کە من بچوکترین سەیدزادەی بنەماڵەکەمان بووم‌و قەدەر وایکرد بە ژیان‌و مەرگی بنەماڵەکەمدا بچمەوە. بەڕاست بیرم نەبوو ئەوەت پێبڵێم کە دەتوانیت بگەڕێیتەوە سەر رەچەڵەکی خۆت‌و دڵنیایان بکەیت لەوەی ئایندە چی بۆ حەشارداون.

سلێمان نەیویست قسەی پێببڕێت‌و پێیبڵێت ئەگەر ئەوان نەتوانن هیچ لەو زەمەنە بگۆڕن کە دێت بەوەی مردون ئیتر دڵنیاییان بۆچیە، بالێیان بگەڕێین بە ئارامی خۆیانەوە بژین. مەولانا بەردەوام بوو:

-ئێمە باپیرەیەکمان هەبوو هەموو بەیانیەك پێش نوێژ، سێجار دەستیمان ماچ بکردایە، قاپ‌و مەسینە زیوەکەی دەست شۆردنیمان بۆ دەبردو بەو ئاوەی بە دەموچاوو ئانیشك‌و قولەپێیدا دەچۆڕایەوە، درەخت‌و گوڵەکانی حەوشەمان پێئاو بدایە، تا وەك دەیوت هەمیشە سەوز بن. ئەو دەیتوانی بە چاو قسەمان لەگەڵ بکات‌و وەك دەیانوت لە توانایدا بوو بە دوعا ژەهری مارو دووپشك بکاتە نەبات، گوڵە چوالەکان بکاتە هەر میوەیەك کە ئارەزوی دەکات، زرگی بە دڵی خۆیدا دادەکوتی‌و بە پشکۆ لەش پیسی دەردەکرد. بینیبویان لەگەڵ جنۆکەدا قسەی دەکردو لە تووڕەیشدا کوڕە زایەکی خۆی کردبووە بۆق. بینیبووشیان لە چاو

ونبووبوو، ئەویش کاتێك لە شەڕی ئینگلیزدا بەدیل دەگیرێت کە ئەم بە چەند تفەنگچیو نووشتەیەکیەوە تیایدا بەشدار بوو بوو. دوای ئەوەی گەڕایەوە سەر موڵكو ماڵی خۆی، سالأنێکی بە نیگەرانی بەسەر برد. چونکە ئەم نەیدەویست دانیشێتو چاوەڕوانی مردن بکات لە دەرگای حەوشەوە خۆی بە ژووردا بکاتو ئەم ملکەچانە بە دوای خۆیدا پەلکێش بکات. بەڵکو ئەو دەیویست، وەك زۆرجار دەیوت، بە چەشنی پیاو بمرێتو ئێوارەیەك لە نوێژدا خوێنی تێکەڵ بە زەردەپەڕ ببێت دوای ئەوەی گوێی لە خرچەی ئەو خەنجەرە دەبێت کە دەچەقێتە پشتی. یاخود سپێدەیەك رووبەڕووی مردن ببێتەوەو پشکوتنی ئەو خونچە سوورانە لە سەر سنگی ببینێت کە گوللەی نەیارانی دەینەخشێنن. بەلأم قەدەری وابوو دوور لە خوێنو دەرهێنانی خەنجەرو سیڕەی تفەنگ، لە جێدا بکەوێتو لە کەڵبەو چنگی مردن وردبێتەوە کە لە سەرخۆ لە لەشی گیردەکات. دوای ئەوەی چەندین حەکیمو تەکیەو مشایەخیان گێڕاو لەپاڵ قسنەکاندا نووستو دەرمانی لە گژوگیا دەرهێنراویاندایە، کەچی ئەو تا دەهات مردن زیاتر لە سیمای دەنیشت. بە پاڕانەوەوە دەیوت با وەك پیاو بمرم نەوەك کەنەفتانە. رۆژێك خزمانمان بە خۆیانو بۆن عارەقو چڵکیانەوە هاتنو یەك یەك دەستیان ماچکردو لە خواریەوە دانیشتن. یەکێکیان بە کزیەوە وتی:

-ئەم شەو لە خەوندا پێیان وتووم کە دەرمانی تۆ لای حەکیمێکی پیرە لە ولأتی شام..

دەبوو تا باپیرەمان لە ئازاری ئەو مردنە بەسوێیە رزگاربکەین، بڕۆین بۆ ولأتی شام. ئەوەبوو یەکێك لەو سێ کەسەی بەڕێخران، من بووم کە بەدوای خەونەکەدا رۆشتین تا لە شارۆچکەیەك پێیان وتین راستە کەسێکی وا هەیە کە بە خەوندا دەگاتە کەسانی ترو کەڵکەڵەی سەفەریان لا دروست دەکات، بەلأم ئێستا شوێنەواری نیەو پێدەچێت لە چاو ون بووبێت، وەك زۆرجاری تر. بەلأم



لەو خانەی لێی دابەزیبوین، کوڕێکی گەنج کە رێبەری گەڕیدەیەکی گاور بوو، پاش ئەوەی زانی لە رێگایەکی دوورەوە هاتوینو بەدوای دەرمانێکدا دەگەڕێین، وتی من رێگای حەکیمێکی وا شکدەبەم کە لە تەلیسمێکەوە پێیدەگەن. چونکە هیچ رێگایەك ناتانباتە لای ئەو، ئەو لەدەرەوەی کاتو شوێن دەژی.

دوای ئەوەی رۆژی دواتر تەلیسمەکەی بۆ هێناین، خۆمان کۆکردەوەو وەك ئەو وتی توانیمان تەلیسمەکە بکەینەوەو لێیەوە رێگای حەکیمەکە بدۆزینەوە. من ناتوانم ئەو رێگا سامناكو ئەندێشەییەت بۆ وەسف بکەم کە پێیدا رۆشتینو چەند شەوێکمان لە چۆڵەوانیو نزیك لە دەنگی دڕندە بردە سەر تا گەشتینە ئاگرێکی بڵێسەدارکە پیرێك بە دیاریەوە دانیشتبوو. بەپێکەنینەوە پێیوتین:

-ئەو وا لە چارەی نووسراوەو هیچ دەرمانێك بە فریادی ناکەوێت..

تێگەشتین ئەوە حەکیمەکەیە کە توانیبووی بە زمانی غەیب لەگەڵماندا بدوێت. بەلأم ئەوەی بەلامانەوە سەیر بوو ئەوەبوو بۆچی ئەو هەموو رێگایەی پێبڕین، لە کاتێکدا دەیزانی هیچ شتێك بە فریای ناکەوێت. لە وەلأمدا وتی:

-دەبێت تۆ بەفریای سلێمان بکەویت.

لەگەڵ نامۆیی ئەم قسەیەیدا، هەوڵی نەدا ناوی خۆیمان پێبڵێت یاخود رونکردنەوەی زیاتر بدات. ئەو شەوە لەلای ماینەوە تا بەیانی بێئومێدانە رێگای گەڕانەوە بگرینە بەر. تا بەرەبەیان لەگەڵمان دانیشت، دیاربوو ئەو هەرگیز نەدەنووست، هەرجارێکیش لە بارەی ناوەکەیەوە پرسیارمان لێبکردایە، بە بزەوە دەیوت:

-ناوەکان گەمەیەکن کە من نامەوێت لە پشت هیچ یەکێکیانەوە خۆم بەند بکەم.

ئەو شەوە هەستمانکرد لە بەردەم حەکیمێك یاخود جادووگەرێکدا‌ین کە پەی بە حیکمەتە گەورەکە بردووە کە وەك باسی کرد بریتی بوو لە گەشتن بە خاڵێکی بوون کە هەموو خاڵەکانی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە. ئەمەش لەدوای ئەو گەڕانە

سەختەوە پێیگەشتبوو کە توانیبووی خۆی بخوێنێتەوەو بە قوڵی رۆچێتە خۆیەوە کە رۆچوونە بە جیهاندا. لەوێوە دەرگای هەموو هێماو ئاماژەکان دەکرێتەوەو لە زمانی باڵندەو خوورەی ئاو دەگەیت. ئەو دەیوت لە رێگای خوێندنەوەی خۆیەوە گەشتبووە ئەو رۆحەی کە زەمەن دەستەمۆ دەکاتو دەتوانێت قورقوشم بکاتە ئاڵتون.

ئێمە ویستمان بەزوترین کات، کە سپێدە بوو، جێیبهێڵینو بە گەرویەکی پڕ لە قاقاوە بگەڕێینەوە. چونکە ئەو هەموو رێگایەمان بری تا دڵنیابین لە مردنی باپیرەمان. خۆ ئەگەر لێشی گەڕاباین ئەوا هەر دەمرد. بەڵام نەماندەزانی ئێمە لە وێڵگەیەکدا دەسوورێینەوە کە هەرگیز پەی بە نهێنیەکانی نابەین. ئەو بۆ یەکەمجار کە لە شەوەوە نەجوڵابوو، هەستاو رووی تێکردین، بە دەنگێك کە ئەو کاتە هەستمان کرد لە قوڵایی خۆمانەوە دێت، وتی:

-پێدەچێت ئێوە هەرگیز بە مردنی رانەگەن. چونکە نەوەکان بەر نەفرەتی باوانیان کەوتوونو تا هەن وێڵیو سەرگەردانی لە چارەیان نووسراوە.

ئیتر رێگای گەڕانەوەمان گرتەبەرو سیحری ئەو رستەیە داگیریکردبووین کە نەماندەتوانی لە ماناکەی بگەین، تا گەشتینەوە سلێمانی. ئەوکاتە تێگەشتین. چونکە بۆمان دەرکەوت کە ئەو سلێمانیەی ئێمە لێوەی هاتووین، ئەوە نیە ئێستا لە بەردەمیدا وەستاوین. وەك ئەوەی بەر نەفرەت کەوتبین. چونکە گەڕابووینەوە سەردەمێکی لەوەوبەری، وەك ئەوەی چوونمان بۆ لای حەکیمەکە رۆشتن بووبێت بە زەمەندا نەوەك شوێن. یاخود وای بۆ دەچووین کە ئەمە یەکێك لە وێڵگە سەرسوورهێنەکانی حەکیمەکە بێت. بەهەرحاڵ قەدەرمان وابوو ئەو هەموو رێگایە بۆ بەدیهێنانی خەونێك بڕین.

لەگەڵ ئەوەی سلێمان دەیتوانی ئەندێشەی ئەو بەسەرهاتە بکاتو لەگەڵ سەفەرەکەی خۆی بەراوردی بکات، بەڵام نەیدەتوانی وێنای جیهانێك بکات کە



هەموو جیهانی لە ساتێکدا چڕ کردبێتەوە. وەك حەکیمەکە کردبووی. ئەمەش چیرۆکی ئەو پیاوەی بیرهێنایەوە کە دەیتوانی بە ئامێرێکی شەیتانیەوە هەموو زەمەنەکان ببڕێت. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی مەولانا قسەی دەکرد ئەم بەبێدەنگی لێیڕامابوو. بەڵام کاتێك وەستا لێیپرسی:

-مەبەستی چیبوو کە وتی بەفریای سلێمان بکەوە؟

-ئەوکاتە نەمدەزانی بەڵام ئێستا دڵنیام تۆیت.

سلێمان پرسیاری ئەو دوو کەسەی لێکرد کە لەگەڵیدا بوون. مەولاناش بە بزەوە وتی:

-یەکێکیان لە رێگا بەدەم لەرزوتاوە مردو ئەوی تریشیان دوای ئەوەی سلێمانی بەم شێوەیە بینی، شێت بوو.

سلێمان لەبەر خۆیەوە وتی مەحاڵە لەناو جیهاندا هەموو جیهانە مردووەکان بژین. پاشان بە مەولانای وت:

-مەبەستت لەوەیە کە بە فریای من بکەویت..

بەڵام مەولانا شەکەتی پێوە دیار بوو، ئەگەرچی سلێمان هەستی نەدەکرد کاتێکی زۆریان پێچووبێت، هەربۆیە بەوەندە وەڵامی دایەوە کە وتی پێموایە..

بۆئەوەی کۆتایی بە قسەش بهێنێت وتی:

-ماوەیەك لەمەوبەر فەقێیەك رێیکەوتە ئێرەو هەواڵی مردنی باپیرەمی دامێ کە بەوپەڕی زەبوونیەوە چاوەڕوانی کردبووین. ئەو فەقێیە لێرە نەمایەوەو دوور بەدوای زەمەنێکدا رۆشت کە هێشتا شوێن تێیدا پیس نەبووبێت. ئەو هەندێك هەواڵی دامێ. لەگەڵ ئەوەی ئێمە گەڕاوینەتەوە سەر ئەو خۆڵەمێشەی پێیدەڵێین مێژو،کەچی ئارەزومانە بزانین چی روودەدات.

تا کۆتایی بە قسەی ئەو شەوە بهێنێت وتی:

-بەیانی رۆژێکی پڕ لە کارمان لەبەردەمدایە، واباشترە بنوین.

پێشئەوەی رووی وەربگێڕێت، سلێمان سەبارەت بە جلەکانی پرسیاری لێکرد، ئەویش وتی:

-هەموو ئاگاداری هاتنەوەتن، با تا بەیانی بمێنێت.

مەولانا هەر زوو خەوی لێکەوت. بەلاّم سلێمان خۆیدایە دەست ئەندێشەو بیری لە حیکمەتە گەورەکە دەکردەوە. وایدەبینی ئەم گەردێکە لەناو ئەو رووبەرە فراوانەی حەکیمەکە لەو شوێنە چۆڵو سامناکەوە دەیخولّقێنێت کە شوێن نیەو دەکەوێتە سنووری ئەندێشەوە.

سلێمان ئەو شەوە خەوزڕاوەی بە سەیرکردنی ئاسمان بردەسەرو بەهەندێك قسەی ئەو شەوەدا چوەوە بێئەوەی لە مانا قوڵەکانیان بگات. لەگەڵ کشانی ئەستێرەیەك، بەخۆی وت دەشێ ئەو حەکیمەش گەردێك بێت لەو حیکمەتە پڕ نهێنیەی دواجار دەبێ بیگەینێ، یاخود ئەو پرسیارەی کە دەبێت بەدوایدا بگەڕێم.

وایوتو جۆرێك گومان لە ناوەوەیدا سەری هەڵدا ئەویش ئەوە بوو بەخۆی وت بڵێی تەنها مردوەکان لەم گەمە سەیرانەی ژیان کەوتبن بەوەی مردن دوا حەقیقەت بێت بیگەینێ.

★ ★ ★



## شەوی خوێن

لەگەڵ ئەوەی شار بەدەست تاعونو شەڕی درێژی نێوان والی بەغداو شای ئێرانەوە، کە ئەم ناوچەیە بوو بووە سەرە رێگای لەشکرەکانیان، رەونەقی خۆی لە دەست دابوو بەوەی کاروانە بازرگانیەکان بەدەگمەن رێیان دەکەوتە شارو رەوگەی خۆیان گۆڕیبوو. بەلاّم سلێمان رۆژێکی تەواوی ویست تا بەناو شاردا بگەڕێت. لە ئێوارەشدا مەولانای لە کاروان سەراکەدا بینیەوە کە دیار بوو چاوەڕوانی دەکرد. کاتێك گەشتە لای هەر ئەوەندەی وت بابڕۆین. ئیتر پێش سلێمان کەوت.

بەدەم رێگاوە باسی ئەم شەوی بۆ سلێمان کرد کە شەوی خەتەنەکردنی ئەو مندالأنەیە لە رۆژانی تاعونەکەدا لە دایك بوون. بەلاّم سلێمان هەوڵیدا باسی ئەو شتانەی بۆ بکات کەبینینی، هەر لە مسگەرو چێوارو چەخماخسازو کەوبازو سابوون دروستکردن کە ئەم شارە لە ئایندەیەکی دووریشدا دەست بەرداری زۆرێك لەو ئیشانە نابێت کە هەریەکەو لە شوێنێکەوە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. تەنانەت

باسی ئەو شەڕەشی بۆ کرد کە لە ناوبازاڕدا دوو کەس زۆر بە دڕندانە یەکتریان کوشت. وەك ئەمیش بیستبووی لەسەر ئەوەبووە کە یەکێکیان خەونی بە ژنی ئەوی ترەوە بینیوە. مەولانا بە پێکەنینەوە وتی:

-ئەم شارە دەیەوێت بە خوێن خۆی بسەلمێنێت. پاشان ئەوانەی هاتوونو ئاوەدانیان کردۆتەوە لە هەڵهاتوانو پیاوکوژانن. ئەمرۆ رێت کەوتە لای شەقاوەو شەڕانیەکان؟

کە سلێمان بە نەخێر وەڵامی دایەوە، ئەویش وتی لەو کۆڵانەدایە کە دواتر سینەما دڵشادی لێدروست دەکرێت. پاشان هەوڵینەدا قسەکانی تەواوبکات، لەبەردەم ماڵێکدا وەستا کە بۆن بخوری لێوە دەهاتو خەڵکی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە. چوونە ژوورەوەو لە گۆشەیەکدا دانیشتن. کاتێکیش دنیا تاریك بوو، چەند فانۆسێکیان داگیرساند کە روناکیەکەی خەڵکەکەی وەك تارمایی بەدەردەخست. دەنگی دەفێك وەك شنەبا بەوشەوەدا بڵاودەبووەوەو قووڵپی بە خوێنی دەمارەکان دەداو دڵەکانی بەرەو زیکرێکی قوڵ پەلکێش دەکرد. سلێمان بە ئارەزویەکی نەشئە بەخشەوە سەیری ئەو شەوەی دەکردو دەیویست تا پەنهانیەکانی ئەم سرووتە بڕوات.

لەناکاو ریزێك لە منداڵیان هێناو گریانیان تێکەڵ بە دەنگی خرۆشێنەری دەفەکە دەبوو. لەوکاتەدا پیاوێکی پیر کە بە بۆنی خوێن منداڵو پیاوو ئافرەتی ئەم شارەی دەناسیەوە، هاتە ناوەڕاستی حەوشەکەو توورەکەیەکی لە شانی داگرت. بێئەوەی گوێ بە هەراو زەنای دەوری بدات، تیغێکی دەرهێنا کە رۆژانە لە کاتی بێئیشیدا خۆی بە تیژکردنەوەیەوە دەخافلاند. تیغێك لە ژێر شەوقی ئاگری فتیلەو فانۆسەکاندا دەبریسکایەوە. دوای ئەوەی چەند جارێك تیغەکەی بەسەر دەستیدا هێنا، تا دڵنیا بێت لە تیژێتی، ئەو تیغەی خوێنی زۆرێك لە پاشاو سەیدو شێخەکانی ئەم ناوەی بەسەردا رژاوە. لەناو بێدەنگیەکی سامناکدا، وەك ئەوەی



هەر یەکێکیان چەندین جار ئەم شەوەی بینیبێت، سەیری پیاوەکەیان دەکرد کە یەك یەك منداڵەکانیان دەخستە بەردەمی، پاشئەوەی رووتیان دەکردنەوە. ئەویش لەگەڵ دەنگی دەفە خەوزڕێنەکەداو بەدەم خوێندنی ئایەتەوە دەستی دەبردە ناو رانیانو قیژەو گریانی لێبەرز دەکردنەوەو تێکەڵ بەو دڵۆپە خوێنەی دەکرد کە بەسەر تیغو پەنجەکانیدا دەتکا. لەوێوە منداڵەکانیان دەبردە بەردەم پیاوێکی تر تا مشتێ خۆڵەمێش بپرژێنێتە سەر برینەکەیان. پاشان بەرەو دەرگای حەوشە دەبران کە دایکیان چاوەڕوانیان دەکردنو نەیاندەویست فرمێسکەکانیان بشارنەوە.

دوای تەواو بوونی منداڵەکان، پیاوە پیرەکە تیغەکەی بە پارچە پەڕۆیەك پاککردەوەو خستیەوە ناو توورەکەکەیو لەسەرخۆ بەسەر ئەو خوێنەدا هەنگاوی نا کە تکابووە سەر خۆڵەکە. سلێمان بێئەوەی هیچ بڵێت تەنها لە دیمەنی ئەو شەوە ورد دەبووەوە. چونکە دەیزانی ئەوەی لە بەردەمیدا روودەدات پێویستی بە بینینە نەوەك بیستن. بەڵام دیمەنی ئەو پیاوەی پارچە پێستە بڕاوەکانی لە قاپێکی مسدا کۆدەکردەوە، سەرنجی راکێشابوو. لەوکاتەدا دەنگی گریان لە ماڵەکەی تەنیشتیەوە بەرز بووەوە. سەیرێکی مەولانای کرد، ئەویش پێیوت:

-نۆرەی کچانە..

منداڵ لەدوای منداڵ دەگریاو بێدەنگی پیاوانیش هەر بەردەوام بوو. سلێمان بە سەرسامیەوە لە مەولانای پرسی:

-ئەو پیاوەی پێستە بڕاوەکانی کۆدەکردەوە بۆ کوێ رۆشت؟

-رۆشت تا بیانکات بە ژێر خۆڵەوە.

-ئەوەی کچانیش؟

-ئەوانە فڕێ دەدرێن تا سەگو پشیلە بیانخوات. چونکە نابێت ئەو پارچە گۆشتە نەفرەتیانە زەوی پیس بکەن.

دوای ماوەیەك پیرە تیغ بەدەستەکە پەیدا بوەوەو لەگەڵیدا چاوەکان رووەو سلێمان دەیانڕوانی. مەولانا شانی گرتو پێیوت:

-ئێستا نۆرەی تۆیە..

سلێمان بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردو هەوڵیدا دڵنیایی لە قسەکانیدا بێت، وتی:

-بەلاَم من پێشتر خەتەنە کراوم..

-هەرکەسێك بگەڕێتەوە، دەبێت خەتەنە بکرێتەوە. بەلاَم مەترسە بە راستی نایکەن.

دوای ئەوە پیرەکە هەمان هەڵسوکەوتی لەگەڵ سلێمانیشدا کردەوە، هەرچۆن لەگەڵ منداڵەکاندا کردبووی. بەلاَم خوێنی لێنەتکا. سلێمان بەشەرمەوە دانیشتەوەو نەیدەتوانی باوەڕ بەم شەوە نەفرەتیە بکات کە سەراپا بۆنی خوێنی لێدێت. خوێنی مەڕو گای قوربانیان، خوێنی منداڵەکان. مەولانا بە پێکەنینەوە وتی:

- لەم قاتوقڕیەدا دەیانەوێت بەم قوربانیانە لە ئافات بەدووربن.

ئەو شەوە دوای ئەوەی خوێنی منداڵەکانیان بەو خوێنە پاککردەوە کە لە مەڕو گا سەربڕاوەکانەوە رژاو ناوی ئەو منداڵانەشیان بە ناوێکەوە نا کە زرنگانەوەی ئەو شەوە پڕ جۆشو خرۆشەی تیابێت، سلێمان دوور لەو شەوەو لە هەموو شتێك رۆشتبوو. داڵغەیەك داگیری کردبوو کە نەیدەتوانی خۆی لێبدزێتەوە. ئەویش بینینی دووچاوی سەیر بوو لەوکاتەدا کە منداڵەکانیان بە خوێنەوە دەبردە دەرەوە. دوو چاو لەو تاریکیە نووتەکەدا نیگاکانی تێکەڵ بە نیگا سەرسامەکانی سلێمان کردو بۆ هەتا هەتایە پەلکێشیان کرد، بێئەوەی بزانێت چۆن لەو تاریکیەوە کانیاوێکی نوور رژایە ناویەوە کە لە دوو چاوەوە دەرژان. لەگەڵ ئەوەی سلێمان هەوڵیدا سۆراخی ئەو چاوە بکات، بەلاَم ئەو شەوە هیچ



چاوێکی نەبینیەوە لەو بچێت کە وا هەستی دەکرد دەروازەی دنیایەکی تری بەڕودا کردۆتەوە. پاش بێهیوابوونی، رووی لە مەولانا کردو داوای لێکرد ئەگەر حەز دەکات ئەوا با بڕۆنەوە. کە لەسەربانی خانەکەش راکشا ئەو شەوەی لە هێنانەوە یادی ئەو دوو چاوەدا بردە سەر، بێئەوەی لە پرشنگی ئەو سیحرە شاراوەیە بگات کە لێیانەوە دەرژا.

دەنگی زیکرو دەفەکە بێدەنگی شەویان دەبڕی. مەولانا وتی:

-ئەوە دەروێشەکانن بە خۆیانو زرگو شمشێرو ئەو کڵۆ پشکۆیانەی لەسەر دەستو زمانیان هەڵیان دەگرن، دەگەڕێن تا موعجیزەکانیان بەدەر بخەن.

سلێمان هیچ وەلاَمی نەدایەوەو بێئاگا لە شەوی دەڕوانی. چونکە زۆرجار بە منداڵی چووبووە سەیری دەروێشەکانو بینیبوونی چۆن لەسەر ئاسنی سوورەوکراو دادەنیشنو شمشێر لەسەری خۆیان دەچەقێننو زرگەکانیشیان بە چاویاندا دادەکوتن. ئەو حەزی دەکرد لە بارەی ئەو چاوەوە قسەبکات کە لە تاریکیدا بینیبووی، بەلاَم نەیدەتوانی. هەربۆیە بێدەنگی هەڵبژاردو پەنای بردە بەر خەیاڵ.

سلێمان هەستی کرد ئارەزوویەکی سەیری بۆ گریان هەیە. لەو کاتەدا مەولانا دەستی خستە سەر شانیو پێیوت:

-دەبێت باش بزانیت کە چاوەکانی ئەم شارە چەندانیان سەرگەردان کردووە. چونکە خەنجەری براو باوكو مێرد پاسەوانییان دەکاتو شەونخونییان بە دیارەوە دەکێشن.

پاشان بواری سلێمانی نەدا کە بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکرد، وتی:

-بە وردی ئاگاداری چوونە دەرەوەت بووم بەدوای ئەودا..هەوڵبدە لەیادی بکەیت.

ئەگەرچی مەولانا ئەو قسەیەی بە سانایی کرد، یاخود هەوڵیدا وا بەدەری بخات. بەڵام دەیزانی کە کارێکی وا مەحاڵە. چونکە دیاربوو ئەو چاوانە سلێمانیان هەژاندبوو، وەك رووباری هەنگوین رژاونەتە ناویەوەو وێڵی دەکەن.

-دەبێت تۆ ئاگاداری فریودانو جادووەکانی ئەم شارە بیت کە دەکەوێتە نێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاواوە، نێوان شمشێرو کتێبەوەو جادووگەرێك ئایندە سەختەکەی خوێندۆتەوە کە دواتر بوو بە هەڵمو دیار نەما. دەگێڕنەوە خێڵێکی قەرەج کە گەڕان مەستی کردبوونو ئیبلیس لەناو گۆرانیو رانی ژنەکانیاندا بوو، بە نزیك قەلاچوالاندا تێدەپەڕن. چەند پیاوێکیان کە بۆنی یاخێتی لە هەناسەو نیگایان دەهات، سەردانی میر دەکەن تا ئەو جادوگەرەی پێبناسێنن کە ئەمان لەسەر پێشبینی کردنێکی ئەو، رێرەوی کۆچیان گۆڕیوەو چەندین زنجیرە شاخو پێدەشتو شاری نووستویان بڕیوە تا گەشتونەتە ئێرە. داوای لێدەکات نهێنیەکانی چارەنووسو ئایندەی بۆ ئاشکرابکات. ئەویش بە میری وتبوو شارێك لە چارەت نووسراوە کە نیوەی لە ئەندێشەو ئەفسانەدایەو سەری یەك یەك لە فەرمانڕەوایانی دەخواتو بە خوێن هێمن دەبێتەوە، شەقامەکانی بە خوێنی نەوەو نەوەزاکانی سوور دەبێت نەوەك خوێنی مەڕو گا. لەگەڵ ئەوەشدا چارەنووستەو دەبێت بڕۆیت ئاوەدانی بکەیتەوە. لەو پێدەشتەدا رەشماڵ هەڵدەیتو یەکەم بناغەی ئەو شارە لێبدەیت کە ناوی سلێمان پێغەمبەر هەڵدەگرێت، ئەوەش بزانە کە قەشەیەکی ئەرمەنیو خواجەیەکی پیریش ئەو شارەیان لە داهاتوودا بینیوە کە ئێمە بۆ ئاشکراکردنی هاتووین.

مەولانا سەیری سلێمانی کرد، ئەگەرچی چاوەڕوانی وەڵامی نەدەکرد، پرسی:

-بێگومان تۆ گەڕەکی گاورانو جولەکانو قەرەجاوات بینیوە؟ تۆ هەموو ئەوانەت بینیوەکە پێکەوە ژیان؟ من لە بازرگانێکی پیرم بیست کە کاتێك بناغەی شار دانرا، لە زۆر شوێنی بە ئاشووبەوە خەڵکی رویان تێکرد. هەر لە یاخیو پیاوکوژو



ئەو جەردانەی بیریان لە ئارامیەك دەکردەوە دوا رۆژەکانیانی تیا بەرنەسەر، تا دەگاتە ئەو جولەکانەی بەدوای زەویەکدا دەگەڕان خوێنیان حەلاڵ نەکات، ئەو گاورانەش کە خەونیان بە شوێنێکەوە دەبینی تیایدا بتوانن چاوەڕوانی گەڕانەوەی مەسیح بکەنو ئەو بازرگانانەش کە کاروانەکانیان بە ئومێدی رێگایەکی نوێ هێنا. لەو رۆژگارەدا کە دەنگی وەشاندنی پاچو هەڵکەندنی بناغەو کارێزو ئاوەڕۆ تێکەڵ بە گۆرانیو عارەق دەبوو، وا مەزەندە دەکرا شارێك بە هەموو سامیەوە کە لە خەونی قەرەجێکەوە بێتە دەر، لێوان لێو دەبێت لە ئارەزو. لەگەڵ سوارو کاروانە بە هەڵپەکاندا ئەو کچو ژنە بەهەشتیانە دەگەشتنە شار کە رەدوو کەوتبوونو بۆنی شاری نوێ مەستی کردبوون. لەو خۆشنودییەی شار تیایدا هەڵدەچوو، هەواڵی ئەو کچانە دەماو دەمی دەکرد کە لەگەڵ بازرگانە چاو بەخوێن سوورو توورەکە پڕ لە زێڕو نهێنیەکاندا دەڕۆشتنو نەدەگەڕانەوە.

سلێمان لە غەمی ئەو چاوانەی تا ئەبەد دڵیان دزی خۆی دابووە دەست ئەندێشەیو لەو شەوە چووبووە دەرەوەو نەیدەویست وەڵامی مەولانا بداتەوە یاخود پرسیاری لێبکات. ئەو ئەگەر رۆژگارێك پێیوابوو بێت ژیان بریتیە لە ئەندێشەی بوونەوەرێکی باڵاو ئەم وەك سێبەرێك لە سایەی ئەودا ژیابێت، ئەوا ئەم شەو بیری لە چێژێك دەکردەوە کە چێژی خەڵقکردن بوو، ئەمەش بە دەربازبوون بوو لە چارەنووسی. بەخۆی وت: بۆ گەشتن بەو چێژە دەبێت لەم مەنفا سامناکەی رابردوو هەڵبێمو بەدوای خۆمدا بگەڕێم، ئەویش بە کوشتنی زەمەن تا بچمە ناو مێژووەوە، تا جیهان بناسم دەبێت خۆم بخوێنمەوە. پاشان بەیادی هاتەوە کە دەشێت ئەمە پرسیارەکەی بێت.

پێش ئەوەی مەولانا پێیبڵێت باشترە بنووین چونکە رۆژێکی درێژمان لە بەردەمدایە، ئەم بیری لە کلیلی ئەو نهێنیەو درەوشانەوەی چاوەکان دەکردەوە لەو شەوەدا.

* * *

## حیكمەتەكانی كەناری

رۆژێك سلێمان وەك دێوانەو دیلی زەمەنەكان، بەناو شاردا پیاسەی دەكردو بیری لە كلیلی ئەو نهێنیەش دەكردەوە كە لە رێگایەوە دەتوانێت دەروازەكانی ئەم مەنفایە بكاتەوە. كاتێك گەشتە بازاڕ كە فرۆشیارەكان لەسەر خۆڵەكەیو لە ژێرخۆری بە تینی ئەو نیوەڕۆیەدا دانیشتبوونو هاواریان بۆ كەلوپەلەكانیان دەكرد. لەوێدا كەناریيەك سەرنجی راكێشا كە لە قەفەزێكی ئاڵتونیدا دانرابوو. لە بەشی پێشەوەی قەفەزەكە پارچە تەختەیەكی باریك هەبوو، كۆمەڵێك كاغەزی پێچراوەی تیادانرابوو. پیاوێكی ئەسمەر، رەنگی بە رەنگی ئەو هندیانە دەچوو كە دڵداریان لەگەڵ ماردا دەكرو سیماشی ئارامیەكی قوڵی تیابوو، لە تەنیشتی قەفەزەكەوە وەستابوو. جارجار بەدەم سەیركردنی هاتووچۆكەرانەوە هاواری دەكرد:

-بەختی خۆت تاقیبكەرەوە..



سلێمان ماوەیەك لەدوورەوە سەیری كرد تا گوێی لە خاوەن كەناریەكە بوو وتی:

-چارەنووست بخوێنەرەوەو بزانە ئاینده چی بۆ حەشار داویت..

ئەوكاتە لێیان نزیك بوەوەو دانەویەوە تا لە نزیكەوە سەیری كەناریەكە بكات كە بێپەروا دەهاتو دەچوو. دەنگی خاوەن كەناریەكە وای لە سلێمان كرد رووبەرەو لای وەرگێڕێت كاتێك وتی:

-دەتوانیت تاقی بكەیتەوە.

بەلاَم سلێمان لەبارەی كەناریەكەوە پرسیاری لێكرد. ئەویش بە خۆشیەوە وتی:

-رەچەڵەكی ئەم كەناریە دەگەڕێتەوە بۆ هندستانو بازرگانێكی قەموور بە وڵاتی فارسو جیهاندا بلاَویكردۆتەوە، منیش ئەم دانەیەم لە بەغدادەوە پێگەشتووە. وەجاخی ئەم كەناریە دەتوانێت ئاینده لە رێگای ئاماژەو خەیاڵی ئێمەوە بخوێنێتەوە. وەك ئەو ئەفسانەو حیكایەتانەی باس لەم كەناریە دەكەن، دەڵێن لە ناوچەیەكی ئەو ولاَتە فراوانەدا خوایەك دەبێت كە پیاوێك بەرەنگاری تواناكانی دەبێتەوە. ئەمیش توانی لە گەرمەی جووتبوونی لەگەڵ كچێكی فریودەردا كە هەر خۆی بۆی ناردبوو، زەفەری پێدەباتو دەیكاتە كەناری. وەك دەڵێن ئەمانە نەوەی ئەو كەناریەن كە لە ژێر باڵیاندا ئەو هێڵە بریسكاوەیە هەیە..

لەگەڵ قسەكەیدا بە پەنجە ئاماژەی بۆ كەناریەكە كرد. سلێمان داوای لێكرد بەختی بۆ بخوێنێتەوە. خاوەن كەناریەكەش لە قەفەزەكە نزیك بوەوە، چەند جارێك بە چەنجە لە قەفەزەكەیداو دەنگێكی لێوە هات كە لە دەنگی كەناریەكە دەچوو، پاشان شتێكی لە پەنجەیدا راگرت، كەناریەكە خێرا فڕاندیو چووەوە ئەو سەری قەفەزەكە. پاش كەمێك خاوەنەكەی هەمان دەنگی پێشووی لێوە هات. ئەویش بەرەو پێشی قەفەزەكە هاتو بەسەر كاغەزە پێچراوەكاندا گەڕا تا دواجار

به دەنوکی کاغەزێکی راکێشایە دەرەوە. خاوەنەکەشی کاغەزەکەی دەرهێناو بە خۆشیەوە کردیەوە. بەڵام دوای ئەوەی خوێندیەوە بێدەنگیەکی قوڵ گرتی کە سەرنجی سلێمانی بۆ خۆی راکێشا. بەڵام ئەو بێگوێ پێدان لە کاغەزەکەی دەستی ورد دەبوەوە. کاتێکیش کاغەزەکەی بەرەو رووی سلێمان راگرت، پێیوت:

-بەختی تۆ باس لە سەفەرێکی سامناك دەکات. بەڵام ئەوە بزانە کە ئەم کاغەزە هەرگیز بە روی هیچ کەسێکدا رانەکێشراوە. پێدەچێت ئەمە چارەنووسی تۆ بێتو هەوڵبدە بێترس بڕۆیتو خۆتبدە دەم رەشەبا. چونکە ئەوانەی ئەم کاغەزە بە رویاندا رابکێشرێت جیهان چاوەڕێیانە.

ئەم رستەیەی دوایی بە جۆرێك وت وەك ئەوەی بیەوێت سەرنجی سلێمان رابکێشێت. ئەمیش بەخۆی وت دەبێ چ نهێنیەك لەپشت ئەو نووسینەوە بێت کە رێکەوت فڕێیدایە بەردەمم، دەکرا بۆ چەند جارێك ئەم یارییەم دووبارە بکردایەتەوەو هەرجارەی کاغەزێکی تر دەرچوایە.

ئەوکاتە دوور کەوتبوەوە. بەڵام نەیدەتوانی بیر لە نووسینەکەو قسەی پیاوە ئەسمەرەکە نەکاتەوە. وایبەباش زانی بگەڕێتەوە لای کەناریەکەو بە دزی کەناریەکەوە کاغەزەکە بخاتەوە ناو کاغەزەکانی ترو لە ناویاندا ونی بکات ئەویش بە گرتنی بەردەمی قەفەزەکە بە پارچەیەك پەڕۆ. کە ئەوانەی کرد بە خاوەن کەناریەکەی وت دەمەوێت ئەم جارەش بۆم دووبارە بکەیتەوە. ئەویش بەهەمان شێوەی جاری پێشوو، ئەوەی کردبووی دووبارەی کردەوە. کەناریەکەش چەند جارێك بەسەر کاغەزەکاندا گەڕا. سلێمان ناتوانێت ئەو ساتە پڕ لە سەرسامییەی بیرچێتەوە کە کەناریەکەی بینی پاش گەڕانی بەسەر کاغەزەکاندا هەمان کاغەزی پێشووی بۆ راکێشایەوە کە سلێمانی ناچار کرد بێئەوەی گوێ بە بزەی خاوەن کەناریەکە بدات، لێیان دوور بکەوێتەوە. لە رێگا وای بەخەیاڵدا هات کە جارێکی تر بگەڕێتەوەو چەند جارێکی تر یاری کەناریەکە دووبارە بکاتەوە. بەڵام



بێئەوەی کاغەزەکە بگێڕێتەوە ناو ئەوانی تر. جارێکی تر گەڕایەوە بۆلای کەناریەکەو ئەو شوێنە گەڕا لێیبوون.. نەیبینینەوە. ناچار پرسیاری لە فرۆشیارو سواڵکەرەکانی ئەو ناوە کرد، بەڵام هەموو پێیان دەوت کە بە درێژایی ئەمڕۆ شتی وایان نەبینیوە.

کاتێك بە بێزاری بەرەو خانەکە گەڕایەوە، دەیویست بەسەرهاتی ئەمڕۆی بۆ مەولانا بگێڕێتەوە، ئەگەرچی ماوەیەکە تووشی بێدەنگی بوەوەو زیاتر بە تەنیا دادەنیشێت. مەولانا بە ساردیەکەوە وتی:

-هێشتا وەرزی هاتنی کەناری بەخت ماویەتیو باوەڕناکەم بینیبێتت.

سلێمان بەو قسانەی بێزار بوو. بەڵام نەیویست ئاشکرای بکات. چونکە ئەو نەوەك هەر تەنها بینیبوی بەڵکو نەیدەتوانی ئەو رستەیە لەیاد بکات کە قەدەر لە رێگای ئەو کەناریەوە دەیدواند. پاشان کاغەزەکەی پێمابوو. مەولانا هەوڵیدا لەو بێدەنگیەی دەربهێنێت، پێیوت:

-دەمەوێت شتێکت پێبڵێم، ئەویش ئەوەیە کە من بەمزوانە سەفەرێکی دوور دەکەمو نازانم چەندم پێدەچێت. تۆش ناتوانیت بەم شێوەیە بژیت. هەربۆیە وام بە باش زانی دوای ئەوەی سەردانی میر دەکەین کارێکت بۆ پەیدا بکەم..

سلێمان بەسەرسووڕمانەوە وتی:

-میر..

ئەویش هەوڵیدا پێکەنینەکەی بشارێتەوە، وتی:

-میر ئاگاداری گەڕانەوەی تۆیە. پاشان پەرۆشی هەواڵەکانی ئایندەیەو هەر یەکێکیش بگەڕێتەوە، دەیەوێت بیبینێت. تۆش هەرچیەك دەزانیت بۆی باس بکە. مەرجیش نیە بە دڵی ئەو بێت. ئەوەش بزانە کە دەمەوێت لە گەڵ ئەم سەردانەدا بتکاتە رازگری خۆیو نامەو کتێبخانەکەی. چونکە چەند رۆژێکە رازگرەکەی مردووە.

-بەلاَم من زیاتر بیر لە گەڕانەوە دەکەمەوە.

مەولانا هەولێدا وا خۆی نیشان بدات کە گوێی لە قسەی سلێمان نەبووە.

ڕۆژی دواتر کە گەشتنە ماڵی میر، مەولانا لە یەکێك لە پاسەوانەکانی بەردەرگا نزیك بووەوەو بە چپە شتێکی پێوت. پاسەوانەکە چووە ژورەوەو ئەوندەی پێنەچوو گەڕایەوەو داوای لێکردن بچنە ژورەوە. مەولانا پێش سلێمان کەوت تا لەبەردەرگای دیوەخاندا سەیرێکی سلێمانی کرد، بێئەوەی هیچ بڵێت.

سلێمان هیچ شتێکی نائاسایی لە دیوەخانەکەدا نەبینیو لەوانە نەدەچوو کە ئەندێشەی کردبوون. پاشان لە سیمای میردا پەژارەیەکی قوڵی دەبینی.

-وەك دەبینیت تاعونو ئۆردوی عوسمانیەکان کە لە نزیك شار بارگەیان خستووەو خەرجیان لەسەر شانی ئێمەیە، وڵاتیان شپرزە کردوە. کە هەواڵی تۆم بیست حەزمکرد کەمێك لە گەڵتا دانیشم تا لەبارەی ئایندەی ئەم شارەوە قسەم بۆ بکەیت.

-چیت بۆ باس بکەم. وەك دیارە ئەم شارە بەر نەفرەت کەوتووەو هەرگیز ئارامی بەخۆیەوە نابینێت. لە شەڕو کارەساتەکاندا دەگەوزێت. دواتر ئۆردوی عەرەبیش شەلاَڵی خوێنی دەکەن. پێدەچێت ئەم شارە لە کەناری گوناهو چاکەدا لەنگەری گرتبێت.

میر بە نارەحەتیەوە سەیری فەرشەکەی دەکردو وتی:

-با ڕونتر پێتبڵێم، من دەمەوێت لەبارەی تەختو بنەماڵەکەمانەوە بدوێیت. چونکە من تا هاتنی ئینگلیزو مردنی شێخیش ئاگادارم. دەزانم شەقامی ئەم شارە بە خوێن سوور دەکرێت. بەلاَم دەمەوێت بزانم کە ئێمە بۆ هەتا هەتا لەناوچون لە چارەمان نووسراوە؟

-نیگەران مەبە گەر پێتبڵێم ئێوە وەك تۆز بەناو گەرداوی ڕوداوەکاندا بلاَودەبنەوەو هیچ شوێنەوارتان نامێنێت جگە لەوەی لە دێڕی کەشکۆڵو



کتێبەکاندا دەمێننەوە. ئایندە لەوە سەخت ترە ئێوە بەناویدا گوزەر بکەنو ئەوەی لەپاشتان بەجێ دەمێنێت، ئەو شەڕە پایزییەی ناو بنەماڵەکەتانە. لەوێ تەنها مێژونوسەکان بەدواتاندا دەگەڕێن تا لەبیر نەچنەوە.

ئەو ڕۆژە تا درەنگانێك لای میر مانەوەو باسی زۆر شتی بۆ کرد. پێشئەوەی هەستن، میر بە سلێمانی وت:

-ئەوە قەدەرمانەو ئێمەش توانای گۆڕینیمان نیە. بەلاَم دەکرێت تۆ لە بەیانیەوە کاروباری کتێبخانەی میرنشینەکە بگریتە دەست تا هەوڵی نوسینەوەی ڕەچەڵەکنامەی بنەماڵەکەم بدەیت. لەوەدەچێت ئەو کتێبە تەنها شتێك بێت کە لەم میرنشینە دەمێنێتەوە.

کە گەڕانەوە سلێمان باسی ئەوەی بۆ مەولانا کرد کە نایەوێت تا مردن لێرە بمێنێتەوە، لەم شوێنەی دەرەوەی شوێنە. نایەوێت ببێتە کوڕی وێرانەکان کە ڕابردوە. بەڵکو دەیەوێت بەدوای ئەو کتێبەدا بگەڕێت کە گەیاندیە ئێرە.

* * *

## خوێندنەوەی جەستە

لەگەڵ ئەوەی سلێمان نەیدەویست بڕیاری مانەوە بدات بەڵام نەشیدەزانی چۆن بگەڕێتەوە. هەربۆیە ناچاربوو کار لە کتێبخانەکەدا بکات تا ڕێگای گەڕانەوە دەدۆزێتەوە. ئیتر بێئەوەی بیەوێت، ڕۆژەکانی لە ناو دەستنووس‌و نامە نهێنیەکان، دەمەتەقێی زانا پەژموردەکانی "نەحو"دا بەسەر دەبرد. بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە نەیدەتوانی چاوە ئەفسوناویەکان لەیاد بکات‌و ئەو خەونانەشی کۆتاییان پێهات کە هەمیشە وەك مێ خۆی تیا دەبینی.

لەو ماوە پڕ لە ئاشوب‌و دڵەراوکێیەدا، سلێمان نامەی زۆر دەنووسی کە دەبوایە بە زەخرەفەو نەخش بیانڕازێنێتەوە. پاشان کاری لە ڕەچەڵەکنامەکەی میردا دەکردو هەوڵی نووسینەوەی نوسخەیەك لە قورئانی دەدا. چونکە میر پێی وابوو تەنها شتە کە لەپاش خۆی پارێزراو دەبێت.

ڕۆژێك سلێمان، کە ناتوانێت دیاری بکات کەی بوو، ئەوەندە نەبێت لای پیرەمێردێك دەگەڕایەوە کە لە زۆر ڕووداوی بنەماڵەی میردا ژیابووو دەیتوانی بۆی بگێڕێتەوە تا ئەمیش بیانووسێتەوە، گەشتە کۆڵانێکی باریك کە لە ژێر



گەرمای ئەو ڕۆژەدا چۆڵ بوو. ئافرەتێك بەرەو ڕوی هات کە بە پەچەیەکی ڕەش سیمای خۆی شاردبووەوە. کاتێك گەشتە بەردەمی سلێمان، هەڵوێستەیەکی کردو پەچەکەی لادا. بۆ ماوەیەکی کەم چاوی بڕیە سلێمان‌و چێژی ئەو چەند مانگەی تیا بووژاندەوەو جارێکی تر بەخەیاڵدا بردی. چاوەکانی ناسیەوەو خۆبەخۆ پێیوت:

-لەو شەوەوە تۆ لەگەڵمدا دەژیت، پێم بڵێ تۆ کێیت؟

ئەویش بە هێمنی وتی:

-دەبوایە لەناو خۆتدا بۆم بگەڕایتایە چونکە من لەوێوە تۆم دۆزییەوەو وێڵت بووم.

پاش ئەوەی بەسەرسامیەوە پێیوت مەبەستت چیە، بەردەوام بوو:

-ئەوە حیکایەتێکە کە لەیەك کاتدا چێژوو تاڵێتی لێدەتکێت. گوێبگرە، من تازە کەوتبوومە بەر نیگای چێژاوی پیاوان‌و گۆرانیان بە سنگ‌و چاومدا دەوت، خەونێکم بینی ئەویش بە تۆوە بوو، دیارە پێشتریش خەونێکی وا بینراوە لە نێوان شیرین‌و فەرهاددا، وەك لە هەندێك گێڕانەوەو چاپی ئەو داستانەدا هاتووە. شیرینی ئەو خەونەش تا ئێستا لە لەشمدایە. ئیتر دوای ئەوە چارم نەبوو دەبوو بە دوای ئەو خەونە بکەوم کە قەدەر هێنایە سەر ڕێگام‌و واز لە هەموو شتێك بهێنم، هەر لە خێزان‌و زەوی‌و مەڕو ماڵاتەوە تا عەشقی کوڕان. من وێڵ‌و سەرگەردان ڕێگام گرتەبەرو شارەکانم جێدەهێشت. سەرەتا لەگەڵ کوڕێکی هەرزەکاردا ڕەدووکەوتم کە هێشتا دەستی لەژێر قورسایی شمشێردا دەلەرزی. من دەمزانی ڕێگایەکی سەخت چاوەڕێمە. بەڵام دەبوو جیهانت بەدوادا بگەڕێم تا ئەگەر لە گۆشەیەکی لەبیر کراویشدا بووە بتدۆزمەوە. ئیتر لەگەڵ ئەو کوڕەدا ڕۆشتم‌و بەدوای شێوەی تۆدا هەوڵمدەدا سیمای زۆرترین پیاو ببینم تا ڕۆژێك ئەو کوڕە گەنجەیان کوشت. ناچار وەك سەماکەرو کارەکەرێکی لەزەتبەخشی

کاروانچییەکان خۆمدایە دەست ڕێگا. تەنها شتێکیش دەمکرد پاڕانەوە بوو لە خودا تا وا لە چاوەکانم بکات کە هەر لە دوورەوە بیانناسیتەوە. من زۆرم چەشت بەدواتدا تا بێئومێدی زەفەری پێبردم. ئەو کاتە بەخۆمم دەوت ئەوەی من بینیومە تەنها خەونێك بووەو دەشێت خەون زمانی غەیب بێت یاخود دنیایەکی تر بێت لە دەرەوەماندا کە هەرگیز نەیگەینێ. ئەوەبوو دوای ئەو هەموو سەفەرە کوێرانەیە کە چێژی چەند زمانم تیاکرد، لەم شارەدا مامەوە تا بە هێمنی چاوەڕوانی مردن بکەمو باری قورسی ئەو سەفەرو گەڕانە پڕ حەسرەتانەم فرێدەم.

پاش بێدەنگیەکی کەم وتی:

-من هەموو جارێك وەك نێرێك لە خەوندا خۆم دەبینی، کە تۆ بوویت.

ئەو ڕۆژە نەیانتوانی لەوە زیاتر بوەستن. دوای ئەوەی لەسەر یەکتر بینینەوەی تر ڕێکەوتن سلێمان وتی:

-منیش چەندین جار بە ئەندێشە پێتگەشتووم. لە خەونەکانمدا مێینەیەك بووم کە تۆ بوویت. بەڵام لەو باوەڕەدا نەبووم کە خەیاڵ بتوانێت بەرجەستە ببێت.. ئەی بۆچی ئەم ماوە زۆرە خۆت ئاشکرا نەکرد؟

بێئەوەی وەڵامی سلێمان بداتەوە، لەیەکتر جیابوونەوە.

سلێمان گەڕایەوە ناو کتێبەکان. بەڵام ڕۆژە پڕ لە بێزاریەکانی گۆڕان بە چاوەڕوانیەکی پڕ لە نەشئەو لە بینینە نهێنیەکانیاندا وەك کتێبێك کە پەڕەکانی بێکۆتا بنو لە هەموو لایەکەوەو لە هەموو خاڵێکەوە بخوێنرێتەوە، ئاوا مەستوورەی دەخوێندەوە..کتێبێك دەنگی قازو قولنگو ورشەی ئەو درەختانەی لێوە دەهات کە نوقمی سەوزێتین. ئەو کتێبێك بوو سەرچاوەی لە چێژەوە دەگرتو دەروازەیەك بوو لەبەردەم سلێماندا هەم ئەندێشەو هەم مانای سەفەری پێدەبەخشیو دەیتوانی تا ئەبەد لە خوێندنەوەی ئەو لەشە بەردەوام بێت کە



هەرجارەو دەیگەیاندە جغرافیایەکی نەزانراوو ون. ئەو بە چێژێکدا دەڕۆشت کە لە کتێبی جادووگەرەکان دەڕژێت.

لەگەڵ ئەوەی سلێمان دەیزانی قەدەر زۆر نهێنی بۆ حەشارداوە، بەڵام یەکەمجار کە ئەو کتێبەی کردەوەو بە دێرە ئاوێزەییەکانیدا ڕۆچوو، نەیتوانی سەرسامی خۆی بشارێتەوە، پرسی:

-دوای ئەو هەموو ساڵو سەفەرە شێتانەیە، هێشتا هەر کچیت؟

ئەوکاتە مەستوورە وەك پەڵەیەك لە تریفە لە پاڵیداو لە تاریکی ئەو شەوەدا ڕاکشابوو، ئارەزوش وەك نوور لە لەشیەوە هەڵدەستا. بەنازەوە وتی:

-هێشتا تۆ بە گەرداوی نهێنیەکانمدا نەڕۆشتویت کە چەندین کاروانچی وێڵ کردو خوێنی ڕشتن. ئەو مافوورچنانەشی سەرگەردان کرد کە دەیانوویست نەشئەی من لە مافوورەکانیاندا بنەخشێنن.

سلێمانیش بە وێنەی عاشقێکی هەلا هەلا کەوتە زۆنگاوی بێدەنگیەوە، پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت کە هەموو بەیانیەك، لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێردا، مەستوورە کچێنی بۆ دەگەڕێتەوەو تامی سەوز بوون دەڕژێنێتە ئەمەوە.

لەو شەوانە بەدواوە، سلێمان وەك پایز بەناو کتێبەکاندا دەگەڕاو خەتی نووسینی جوانتر دەبوو. وەك ئەوەی ئیلهامی نووسینی لەو کتێبەوە وەرگرتبێت کە شەوانان دەیخوێندەوە.. ئەو کتێبەی ناوی مەستوورە بوو. لەوماوەیەدا سلێمان داڵغەکانی قوڵتر دەبوو چونکە دەیزانی ئەم بە مەستوورەدا ڕووەو خۆی، ڕووەو جیهان سەفەر دەکات.

لەو کاتەوە خەونی دەبینیو لە خەونەکانیدا خۆی بوو هەرچۆن مەستوورەیش وا بوو.

* * *

## هاتنی یاخیان

ئەو رۆژانەی سلێمان لەناو ئاماژەو هێمای دەستنووسو بێکۆتایی مەستوورەدا دەیبردە سەر، رۆژانێك بوون تەنها دەیتوانی تێیدا بژی نەوەك ئەندێشەی بکات، کە دواتر بە رۆژانی مەستیو خۆشنوودی ناوی دەبردو وای لێدەکرد هەست بکات تێڕوانینو بینینی بۆ شتەکان گۆڕاوە، وەك ئەوەی جەستەی مەستوورە فێری خوێندنەوەی جۆرێکی ترلە ئاماژەو هێمای کردبێتو زیاتر رۆدەچووە رۆحی جیهانەوە کە هەندێك جار خۆی وەك راوچیەك دەبینی بەدوای ئەو رۆحە نادیارەدا بڕوات کە هەموو شتێك سەرچاوەی لێوە دەگرێت. هەربۆیە هەستی دەکرد سەوزبوونی درەخت لە لەشیدایەو پەڵە هەورەکان لەمەوە کۆچ دەکەنو ئەمیش وا لە گەرووی پڕ لە سۆزی باڵندەکاندا. سلێمان بە تەواوی بووبووە بەشێك لەو بوونە فەرامۆشکراوەی کە ئەوسا دەیویست بە ئەندێشە وێنای بکات. بۆ ئەوەی فێری نووسین ببین دەبێت پێشتر خوێندنەوە فێرببین. سلێمانیش دەیتوانی لە مەستوورەوە خۆی بخوێنێتەوە. ئەو رۆژە لە بازاڕدا شێتێکی بینی منداڵان بە بەردەوە دوای کەوتبوون، پیاوێك لە نزیکیەوە پێیوت:



-چەندجار براوەتە سەر مەزارو قسنو گۆڕی پیاوچاکان. بەڵام ئەم رۆحێك لە ناویدایە کە دەرکردنی ئاستەمە. هەربۆیە دەبێت بەم شێوەیە دوور بخرێتەوە تا لە بەڵاکانی بەدووربین.

سلێمان بە سەرسامیەوە وتی:

-بەڵای چی..؟

-جار هەبووە لەگەڵ دەرکەوتنیدا کوولە باریوە یاخود گولی بڵاوکردۆتەوە.

ئەو رۆژە سلێمان هەستی بە ئازارێك کرد، بەوەی نەیدەتوانی ئەو شێتەش لە خۆی، لە بوونی بکاتە دەرەوە. بەڵکو ئەویش لە بوونیدا ئامادەیی هەبوو. تەنانەت هەرجارێك بیر لە دیمەنی رەجمکردنی ئەو ئافرەتە دەکاتەوە کە لەژێر بەردو تفو جنێودا گیانی دەرچوو، ناتوانێت خۆی لەو برینە سامناکە غافڵ بکات کە ئەو دیمەنە لەمدا دروستی کرد. ئەو رەجم کردنەش ئەوکاتە بوو کە ئەوەندە نەبوو سلێمان گەڕابووەوەو وەك دەیانوت ئافرەتی ئاڵۆشاوی بۆ مردنە. بەڵام هەموو ئەمانە لای سلێمان بە جۆرێکی تر دەبینران.

رۆژێك بە مەستوورەی وت:

-هەستدەکەم لە خۆمدا ئازاری هەموو ئەوانەم هلگرتووە.

مەستوورە ئەوەی بە قوڵی لە سیمای سلێماندا خوێندەوە. ناچار بە دڵنەواییەوە پێیوت:

-بەڵام ئەوانە قەدەریان وایە.

سلێمان هیچ وەڵامی نەدایەوە. بەڵکو بە دیمەنی هەموو کوشتنەکاندا گەڕایەوەو هەستی کرد بۆتە گۆڕستانێکی وێرانی ئازار. هەموو ئافرەتە کوژراوەکانی لە خۆیدا بینی، ئەگەر لە ئایندەیەکی دووریشدا بنو هێشتا نەکوژرابن. تەنانەت گیاو درەختی سووتاوو منداڵو پیاوانی کوژراو.. هەموو

ئەوانەی لە خۆیدا هەستپێکرد. ئەگەرچی لەوباوەڕەشدا بوو مردن بۆخۆشی ناحەقیەکە کە بێتوانایە لەبەردەمیدا. بە دەنگێکی غەمبارەوە وتی:

-ئەم زەمانانە هی من نین.

جارێکی تر مەستوورە هەوڵیدا لەو بیرکردنەوە سامناکەی دەربهێنێت، وتی:

-دەزانیت ئێمە تەنها لەم ساتانەداو بۆ ئەم ساتانەش دەژینو ئەمەش زەمەنی ئێمەیە. واهەست دەکەم پێکەوە بوونمان ڕۆچوونە بە زەمەندا.

سلێمان چاوی نووقاندبوو تا بە وردی گوێ لە قسەکانی بگرێت، لەسەرخۆ وتی:

-بەلأم من نامەوێت تا سەر لەم زەمانانەدا بمێنمەوە کە هی من نین.

ئەم قسەیە جۆرێك لە ترسی لای مەستوورە دروستکردو بە نیگەرانیەوە وتی:

-دوای ئەو هەموو سەفەرو گەڕانەم..

-سلێمان هەر زوو ترسەکەی لە مەستوورەدا خوێندەوە، قسەکانی پێبڕیو وتی:

-نا هەردووکمان بەدوای قەدەرماندا دەڕۆین..

چەند ڕۆژی دواتر یەکتریان نەبینیەوەو سلێمان هیچ هەوڵی بینینی نەدا، بەوەی زیاتر سەرقاڵی بیرکردنەوە بوو تا ڕێگایەك بدۆزێتەوەو بۆ هەتا هەتایە چارەنووسی بگۆڕێت. هەربۆیە لەناو کتێبەکاندا خۆی نغرۆ کرد تا ڕۆژێك هەواڵی گەڕانەوەی چەند کەسێکی بیست کە گەشتبوونە کاروانسەراکەو بەیاخی بووان بانگ دەکران. یەکێك لەوانە کوڕێکی گەنج بوو، ریشێکی درێژی هێشتبووەوەو هەرجارێك دەدوا، شەرم لە قسەکانیدا بوو. کاتێك سلێمان بیستی کە نایانەوێت زۆر بمێننەوە، بەوەی ڕێگایەکی دووریان لەبەردەمدایە، چوو بۆ لایان. کوڕە گەنجەکە لە هاوەڵەکانی زیاتر دەدوا. ئەو وتی:

-جارێکی تر براکان بوەوە بە شەڕیانو ولأت لەبەردەم تالأنیو شەڕو شۆڕدا والأکراوە. ژیانیش تا ڕادەی قێزلێبوونەوە مەحاڵ بووە. ئێستا کاروانەکانی



سەرهەڵگرتن بە هەموو لایەکدا ڕێچکەیان گرتووە. هەمووشمان دەزانین کە ئەم ولأتە بەر نەفرەت کەوتووەو ئەوەندەی لە خاپوور بوونو مردنەوە نزیکە هێندە لە ژیانەوە نزیك نیە.

کوڕە گەنجەکە هێندە باسی بەرەلأییو کوشتارو گەندەڵیەکانی ئایندەی کرد، بەوپێیەی ژیان هەموو مانایەکی جدیەتی لەدەست داوە، سلێمان زانی لە زەمانێکی دوورتر لەوەی خۆی، گەڕاوەتەوە. هەربۆیە هەستی کرد زەمەن لە ڕابردوودا خاوتر دەڕوات یاخود لەوانەیە هەر وەستابێت. وێناکردنی ئەمەش ئاستەمە. چونکە سلێمانیش بۆ خۆی دەبووە ڕابردوویەکی تر کە لە ئایندەیدا ژیانی تر هەیە. ئەمەش مانای وایە کە ئایندە لەم زەمەنەدا کە هەر بە بازنەیەکی ئەفسووناوی دەچێت بوونی نیەو دەتوانرێت هەموو زەمەنەکان وەك ساتێکی درێژکراوە سەیر بکرێت کە پێشتر لە ئەندێشەی خوادا بووە. ئەمەش ئەو یەقینە ترسناکە بوو کە نەیدەویست بیگاتێ.

کوڕە گەنجەکە بە درێژی باسی ئەو هەڵهاتنە سەیرەی خۆیانی بۆکردو وتی لە دەست گوناهی بنەماڵەکەیان هەڵهاتوون تا لەو خوێنە بێبەری بن کە بە دەمارەکانیاندا دەڕوات، ئەویش لە ڕێگای پیاوێکی نوورانیەوە کە لە گۆشەیەکی مزگەوتدا، ژیانی لە ناو تەنیاییو پەرستندا دەبردە سەر. ئەو پێیوتبوون گریانو داد لە گوناه دەربازیان ناکات، بەڵکو دەبێت لەم زەمەنی گوناهە بڕۆن تا لای یەکێك لە ئیماندارە شەونشینەکان کە دەستنوێژ بە تریفە دەگرێت، لە ئەفسانەکانی ئێستاو نەتەوە ڕزگاریان بێت. ڕێگای ئەویش بە سەدەکاندا دەڕوات.

سلێمان هەموو جارێك کە بیری لە قسەی ئەو کوڕە گەنجە دەکردەوە، تەنها ئەوەندەی دەهاتەوە یاد کە دەیگەیاندە ئەو باوەڕەی ئەم تەنها کەسبێت قەدەر خۆی دەرگاکانی خۆی لێکردۆتەوەو هەر خۆشی ڕێگای دەربازبوونو هەڵهاتنی ئەم زیندانەی لێدەکاتەوە. ئەوەی لەو ڕۆژگارانە بەجێما کە سلێمان بە "ڕۆژگاری

ئازار" ناوی دەبرد، ئەوەبوو کە تا ئەم رۆچێتە ناو رۆحی شتەکانەوەو لە ئازار نزیك بێتەوە، ئەوەندەش لە خوا نزیك دەبێتەوەو هەستی پێدەکات. وەك ئەوەی رێگای ئەو بە ئازاردا رابووڕێت.

رۆژێك ئەو پیاوەی بینی کە دواتر دەبێت بە باپیرە گەورەی، بەلأم نەیوویست هیچی لە بارەی نەوەکانیەوە بۆ باسبکات بەو پێیەی نەدەتوانرا هیچ لە چارەنووسی نەوەکانی بگۆڕێت. هەر بۆیە نەیوویست بیبینێتەوە.

سلێمان دەیزانی لەو کاتەوە کە گەڕاوەتەوە خەیاڵی پڕبووە لە گوڵی مێخەك.

* * *

## ئەفسانەی براکان

سەرانی میرنشینی بابان لەبەردەم مەولانا خالیددا
بە"قورئانو تەلاقو شمشێر"سوێندیان خوارد کە
خیانەت لە یەکتر نەکەن..
لە گەشتەکەی ریچەوە

رۆژێك میر رووی لە سلێمان کردو وتی:

-وەك دەزانیت براکەم خەریکی لەشکر کۆکردنەوەیە تا هێرشمان بکاتەوە سەر، منیش دەمەوێت بزانم چی روودەدات..

سلێمان سەرقاڵی یاریکردن بوو بە تەزبیحێکی شوشەیی کە بۆنی گوڵاوی لێدەپژا، بە غەمساردیەوە وتی:



-میرم ئەوەی کە من دەیزانم هیچ بەهایەکی نیە. چونکە چارەنووسەکان لە پێش منەوە دیاریکراون، لەبەرئەوە هەوڵمەدە لێی دەربازبیت.

لەورۆژەوە میر بە نیگەرانیەوە سەیری سلێمانی دەکرد کە بەوەی گەنجینەکانی ئایندەی لەلابوو، ئەمیش هەوڵی خۆدزینەوەی دەدا لێی‌و دەیویست تا زووترە لە نووسینەوەی سەجەرەنامەکەی میر ببێتەوە، کە لەنووسراوو گێڕانەوەی ئەفسانەیی‌و خەیاڵکردی پیرەکاندا بۆی دەگەڕا. کاتێکیش هەواڵی لەناکاوی ئەو سەفەرەی بیست کە دەبوو بەرێی حاجیەکاندا تا کەعبە بڕوات، بەناچاری سەجەرەنامەکەی لای یەکێك لە باوەڕپێکراوانی میر بەجێهێشت‌و داوای لێکرد تا گەڕیدەیەك رێیدەکەوێتە ئەم ناوچەیە، پارێزگاری لێبکات. ئەوسا دەتوانێت بیداتێ تا دوور لە وەیشومەی ئەم وێرانەیە بیبات. سلێمان دەیزانی کە دەبێت دواتر لە پاشماوەو نووسراوی گەڕیدەکاندا بۆ مێژوومان بگەڕێین.

سەجەرەنامەکە بەمشێوەیە نووسرابوو:

-بەسەرهاتنامەی فەرمانڕەوایانی بابان-

وەك باس ئەکرێت حاکمانی بابان لەناو حاکمەکانی کوردستاندا بە زۆری خێڵ‌و هۆزو فرەیی لایەنگرو نۆکەر ناوبانگی تەواویان هەبوو، ئەم بنەماڵەیەش لە هەورە بروسکەیەکەوە کەوتنەوە کە تا چەندین ساڵ دەبریسکایەوەو کۆترێك بە دەنوك پزیسکێك لەو هەورە بروسکەیە هەڵدەگرێت‌و دەیباتە کانیەکەوەو لە ئاوەوە گەشتە مندالدانی ئافرەتێك. بەلأم کاتێك زنجیرەی ئەو بنەماڵەیە بە پیر بوداقی بەبەیی کە بابان ئەگرێتەوە، وە براکەی گەیشت‌و ئەوانیش بە وەجاخ کوێری مردن ئیتر حکومەتی ئەو بنەماڵەیە کەوتە دەست نۆکەرەکانیان، کەسێك کە بۆ کاروباری حکومەت‌و سەرۆکایەتی لێوەشاوەبێت لەناو ئەو بنەماڵەیەدا نەما چونکە راوچیەك غافلأنە ئەو کۆترەی پێکا کە سیحری بروسکەی تێکەڵ بە خوێنی بابانەکان کرد..ئەو خوێنەی بۆنی سەرچڵی لێوە دەهات. لەکاتی رۆچوونی

شمشێری سەفەویەکان بە مێژوودا، مەزنی بابان میر بوداقی کوڕی میر ئەبدالٚ بوو کە پێیان دەوت کوڕی با، قەڵەمڕەوەکەشی لە کەرکوکەوە تا شارباژێڕی ئەگرتەوەو دەیان وت میر بە سوپای جنۆکەوە لاجانی لە ئێلی زەرزاو سێوی لە ئەمارەتی سۆرانو شارباژێڕی لە ئەمارەتی ئەردەڵانو سندویسی لە قزلٚباش سەندەوەو خۆشی بە شێوەی تۆپەڵێك گڕ پێش لەشکرەکەی کەوتبوو. دوای ئەوەی چەند کەسی لە دەوروبەری خۆی بە میر سنجاغ دانا، رۆستەم بەگی برای لەسەر دەسەلاٚتداریێتی لە گەڵی تێکچوو، میر بوداق وەك لە گۆرانیە غەمبارەکاندا باسدەکرێت رۆستەمی برای بەو خەنجەرەی بەرۆکی کوشت کە سوێندی خواردبوو ئەگەر دەرهات بێ وەشاندن نەگەڕێتەوە کێلان. میر بوداق ئەو بوونەوەرە شەونشینەی لە تووڕەبووندا، لە چنگیدا بەرد دەبووە ئاو، لە تێکهەڵچوونێك لەگەڵ میرەکانی سۆران، بە وەجاخکوێری کوژرا. چونکە هیچ منداڵێکی نەیدەتوانی بەرگەی خوێنی ئەو بگرێت کە وەك ئاگر بە دەمارەکانیدا دەگەڕاو هەرچەند مانگێك دەژیاو دەبووە خۆڵەمێش. دوای کوژرانی میر بوداقو رژانی خوێنی بەسەر ئەو زەویانەدا کە هەرگیز گیای لێ سەوز نەبوو، بوداقی کوڕی رۆستەم جێگەی گرتەوە کە حەکیمەکانی ئەو زەمانە پێیان وتبوو ئەم بنەماڵەیە بەر نەفرەت کەوتووەو پێناچێت خوێنیان بە هیچ دەمارێکدا سەربکات.. هەرواشبوو کاتێك بوداق بەدەم پاڕانەوەو قوربانیدانەوە مرد، نەوەی لێبەجێنەماو بنەماڵەکەیان کوێربووەوەو خوێنی براکانیان حەلاٚڵ کرد. لەجێگەی ئەوان پیر نەزەری کوڕی بەیرام ناوێك دەسەلاٚتی گرتەدەست کە وەچەی هەوربوو. رۆژێك دایکی لەسەر کانیەك خۆی شۆردوە لەناکاو پەڵە هەورێکی سپی بەری ئاسمانی گرتووەو دایکردۆتە بارانو دڵۆپێك وەك مرواری کەوتۆتە سەر ناوچەوانی دایکی پیر نەزەرو بە نێوان برۆکانیدا غلبۆتەوە تا لە چەناگەیەوە کەوتۆتە نێوان مەمکیو لەوێشەوە بەناوکیدا رەتبووە تا پاش نۆ مانگ پیر نەزەر



لەدایك بووە. ئەم کوڕە کە هێمنی ئاو لە سیمایدا بووە، بەزۆر مەڵبەندی کفری لە بەغداد دابڕیو خستیە سەر ویلایەتی بابان. پاش پیر نەزەر هەرچۆن لە خەوندا پێیان وتبوو، ناوچەکە بوو بە دوو بەشەوەو دوو کەس بەناوی سلێمانو ئیبراهیم هەریەکەیان دەستی بەسەر بەشێکیدا گرت. ئەمانیش لەسەر دەسەلاٚتداریێتی لەناو خۆیاندا تێکچونو سلێمان لە خەودا هەڵی کوتایە سەر ئیبراهیمو کوشتی. لێرەوە مێژووی ئەم ولاٚتە بووە برینێك کە رێگای سارێژبوون نەزانێت. لەم ماوەیەدا شمشێرێك بەجێما کە رووداوەکانی لەسەر هەڵکەندرابوونو پاشئەوەی بە دیاری بەرەو دەرباری سوڵتانی عوسمانی برا، ونبوو. لەسەر ئەو شمشێرە نووسرابوو کە سلێمان دوای کوشتنی ئیبراهیم پازدەساڵ مەزنایەتی کرد، پاش مردنیشی چوار کوڕی لێبەجێما: حسێنو رۆستەمو محمدو سلێمان.ئیبراهیمیش لەپاش کوژرانی سێ کوڕی لێبەجێما: حاجی شێخ، میر، میر سلێمان. حاجی شێخ لە دوای کوژرانی باوکی پەنای بۆ دەرباری شا تەهماسبی صەفەوی بردبوو، بەلاٚم لەبەر ئەوەی گوێی پێنەدرابوو بە نائومێدی گەڕابووەوە ولاٚتی خۆی چاوەڕوانی هەلی ئەکرد. کاتێکیش سلێمان، بکوژی باوکی مرد ئەم توانی دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت. ئەمجارەیان کوڕەکانی سلێمان پەنایان بۆ شا تەهماسب برد. ئەوکاتە گەرمەی جەنگی 20 ساڵەی رۆمو عەجەم بوو، تەهماسب ویستی کەڵك لەم دەرفەتە وەربگرێت بۆ داگیرکردنی ناوچەکە ئەویش بەرێبەریو چاوساغیی حسێنو رۆستەمو محمد کوڕانی سلێمان، سێ جار هێزی ناردە سەر موڵکی بابان: جاری یەکەم بە سەرکردایەتی چراغ سوڵتان ئیستاجلوی والی دینەوەر بەلاٚم هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا. جاری دووهەم بە سەرکردایەتی گۆگجە سوڵتانی قاجار والی هەمەدان ئەمیش سەرنەکەوت. جاری سێهەم لەشکرێکی گەورەی بەسەرکردایەتی عەبدولاٚ خانی ئیستاجلو نارد. لەم هێرشەدا میر شەمسەدین باوکی نووسەری شەرەفنامەو هەندێ لە جەنگاوەرانی هۆزی رۆژکی کە ئەوسا لە

خزمەتی شا تەهماسبدا بوون بەشداربوون. میر حسێن رێبەری ئەم لەشکرەی ئەکرد کە لەبەر شەوقی زێڕو زیو چاویان هەراسان دەکرد، بەڵام لە شاخی گەلاڵە کەوتنە بۆسەی لەشکری بەبەوە، 2 تا 3 هەزار کەسیان لێکوژراو بە تێکشکاوی گەڕانەوە. شا تەهماسب لەسەر ئەم رێبەریە خراپە حسێنی لەگەڵ محمدو رۆستەمی برای هاویشتە زیندانەوە کە لەدوای بەربوونیان هەڵهاتن بۆ لای سوڵتان سلێمانی عوسمانی، ئەویش دووریخستنەوەو لە رۆم ئێلی کارێکی پێسپاردن. کاتێك سوڵتان سلێمانی عوسمانی لە ساڵی 1524 تەورێزی لە ئاگرو تاڵانیەوە ئاڵاندو داگیری کرد، بۆ بەسەربردنی زستانی سەختی ئەو ساڵە لە هەمەدانەوە بەناو کوردستاندا چوو بۆ بەغداد تا خەریکی رێکخستنی کاروباری شوێنە گیراوەکان بێت. حاجی شێخ لەگەڵ براکانی بۆ دەربڕینی گوێڕایەڵیو دڵسۆزی بۆ سوڵتان لە مەرگەوە بەرەو بەغداد بەرێکەوت لە رێگا پەلاماردرانو هەموویان کوژران. سوڵتان سلێمان پاشایەتی بابانی دایەوە بە بوداقی کوڕی حاجی شێخ ئەویش جلە خوێناویەکانی باوکی لەبەرکردو خەنجەرەکەی ئەویشی کردە بەر پشتێنی. لەو رۆژگارەدا سوڵتان سلێمان شارەزووری نوقمی سوپایەك کرد کە گەرداو لە خوێنیاندا هەڵی کردبوو تا قەڵای زەڵم گەمارۆبدات کە بنکەی ئەمارەتی ئەردەڵان بوو، ناچار مەئموون بەگی دووەم کە فەرمانڕەوای قەڵاکە بوو، پاش شکانی خۆیدا بەدەستەوەو رەوانەی بەغداد کرا. سورخاب بەگی مامی مەئموون پاش ئەوەی بنکەی ئەمارەتی لە قەڵای زەڵمەوە گوێزایەوە بۆ قەڵای مەریوان هەوڵیدا ناوچە داگیرکراوەکان بستێنێتەوە بەڵام بۆی نەکراو ئەو ناوچانە کەوتە ناو موڵکی بابانو ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە. ئەڵێن تا ئێستاش تاوێرو دۆڵی ئەو ناوچەیە کە تاکە شایەتی ئەو شەڕە خوێناویانە بوون هاوارو ناڵەی بریندارو هێرش بەرانیان لە خۆیاندا هەڵگرتووەو هەموو ساڵێك لەو رۆژەدا ناوچەکە پڕدەکەنەوە



لەو هاوارانەی تاکە شت بوو لە لەشکرەکان بەجێماو لەسەر گڵی لاشەی کوژراوانیش گوڵێك سەوز دەبێت کە بە گریان دەپشکوێت.

میر بە بێزاریەوە، ئەگەرچی دەیزانی سەجەرە نامەکە بە شەڕو شۆڕو خیانەتی براو باوکەکانی باباندا دەیبات، تا لە خوێندنەوەی کتێبەکە نەبووەوە دەستی لێهەڵنەگرت.

کاتێك سلێمان ئەم نووسراوەی بەجێهێشت، دەیزانی دەگاتە دەست میرو بە وردی دەیخوێنێتەوەو ئەو بەشەش نیگەرانی دەکات کە چارەنووسی فەرمانڕەوایەتیەکەی خۆی تێدایەو هێشتا لە ئایندەدا روونەداوە. دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی بووەوە، بێدەنگیەکی وا گرتی کە تا مرد لێینەبووەوە. چونکە نەیدەتوانی چارەنووسی خۆی رزگاربکاتو دەیزانی چی روودەدات.

⋆ ⋆ ⋆

## بەرەو پەندەکانی بیابان

رۆژی پێش بەجێهێشتنی دەستنووسەکە، بەیانی زوو هێشتا سلێمان لە خەو هەڵنەستابوو، بەوەی شەوگەڕانی ناو دەستنووسو خوێندنەوەی مەستوورە، هیلاکی کردبوو، لە دەرگای ژوورەکەی دراو دوو پاسەوان لەبەردەم ژوورەکەیدا وەستان. سلێمان ناسینیەوەو زانی لە دەرباری میرەوە هاتوون. یەکێك لەوان کەمێك هاتە پێشەوەو پێیوت کە میر داوای کردووەو دەبێت هەر ئێستا لەگەڵیان بڕوات.

میر دوور لە عادەتی خۆی، ئەو بەیانیە لەناو دەستو پێوەندو میوانەکاندا هاتووچۆی دەکرد. دوای گەشتنی سلێمان یەکێك لە پیاوە نزیکەکانی میر پێیوت:

-وەك دەزانیت دوو رۆژە هەموو نەجیبزادەو شێخو حەکیمی میرنشینەکە سەرقاڵی لێکدانەوەی ئەو خەونەن میر بینیویەتی، بە چاوی خۆی لە خەونەکەدا بینیویەتی کە دوو سواری سەرتاپا رەش لە دوو ئەسپی ئاوی دادەبەزنو دیوارێکی کەعبە دەڕوخێنن، جا پاش ئەوەی هەموو راڤەکردنەکانی ئەو خەونە پێشبینی کارەساتو وێران بوون دەکەن، میر دەیەوێت بە چاوی خۆمان دڵنیابین لە کەعبەو تۆش یەکێك دەبیت لەوانەی دەبێت بەرەو ئەوێ بڕۆنو بەزوترین کات لە راستی ئەو خەونە دڵنیامان بکەیتەوە.

سلێمان لە دوا قسەکانی ئەو پیاوەدا بە تەواوەتی بێداربووەوەو لە هۆی بانگ کردنەکەی تێگەشت. جارێك خوێندبوویەوە کە خەلیفەی مسووڵمانان سەلام ئەلتەرجومانی لەگەڵ پەنجا کەسدا نارد بۆ وڵاتی چین تا لەوە دڵنیابن کە شورای چین رووخاوە یاخود نا هەرچۆن خەلیفەی عەباسی لە خەوندا بینیبووی، ئەوەبوو دوای ساڵێكو چەند رۆژێك کاروانەکە گەڕابووەوە تا بە خەلیفە بڵێن شورای چین وەك خۆی ماوە. سلێمان دڵنیابوو جگە لە رازیبوون هیچ بوارێکی تری لەبەردەمدا نیە چونکە دەیانزانی ئەو لەم سەفەرە سەختانەدا مردن زەفەری پێنابات. بەناچاری هەوڵیدا سەفەرە کتوپڕەکەی بخاتە رۆژی دوایی ئەگەرچی ئەوان دەیانویست کات بە فیڕۆنەدات. بەلاّم ئەو بە بیانووی کاری دەستنووسەکە توانی رازیانبکات. سەفەر لای سلێمان بەجێهێشتنی دوو شتی دەگەیاند، یەکەمیان مەستوورەو ئەویتریشیان سەجەرەنامەکەی میر بوو کە رۆژی دواتر لای یەکێك لە خزمانی میر دایناو ئەو تێبینیانەی پێویست بوون پێیوت. بەلاّم سەبارەت بە مەستوورە نەیدەتوانی رێگایەك بدۆزێتەوە تا لەگەڵ کاروانەکەیدا بیبات. ئەو شەوە لەنێوان گریانو ماچەکانیدا دڵنیای دەکرد کە مەگەر تەنها مردن رێگای گەڕانەوەی لێبگرێت ئەگینا(من دووری لە شوێندا ناخوێنمەوە..) سلێمان وایوتو هەوڵیدا بە هێمنی جێیبهێڵێت.



بەیانی زوو کاتێك لە دوای نوێژ بەرەو ماڵی میر رۆشت، بینی کاروان ئامادەیەو چاوەڕوانی یەکەم تاڵی خۆرن تا خۆیانی لێوە بپێچنو بکەونە رێ. میر سلێمانی بردە لاوەو هەندێك تێبینی لەسەر سەفەرەکەیان دایەو ئاگاداریشیکردەوە ئەو نامانە بپارێزێت کە بۆ ئەو سەرەك خێڵانەی نووسیوە رێگای ئەمان بە ناوچەکانیاندا تێدەپەڕێت. پاشئەوەی هەستی کرد هەموو شتێك بەوردی ئامادەکراوە، دەستی بردو بەدەم ماڵئاوایی کردنەوە کیسەیەکی بچوکی کردە دەستی سلێمانو بە هێواشی پێیوت دڵنیام تەنگانە دێتە رێتان بەلاّم زوو دەگەڕێنەوە.

لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکە بەراییەکانی خۆر، کزە بایەکی سارد یاری بە یاڵی ئەسپەکان کردو کەوتنە رێ. سلێمان تا لە شار دەرچوون دەیزانی لە شوێنێکەوە دوو چاوی ئەفسوناوی لێیدەڕوانن‌و بەدەم رشتنی فرمێسکەوە نزای گەڕانەوەی بۆ دەکەن. هەموو ئەو ئاوانەش کە لەدوایانەوە دەرژێنران سلێمان ئاوڕی لێنەدانەوە تا لە ناکاو هەستی بە دەنگێك کرد.. دەنگی مەستوورە بوو لەناو خۆیدا دەنگی دەدایەوە. یەکەمجار بوو بگاتە ئەوەی مەستوورە لە خۆیدا ببینێت. چەند جارێك بە دەوری خۆیدا روانی، ئەگەرچی نەیتوانی بیبینێت بەلاّم دڵنیابوو لە شوێنێکەوە لەمان دەڕوانێت. لەوکاتەدا دەستی خستە گیرفانیەوە تا لە مووروەکە دڵنیابێت، ئەو مووروە شینەی شەو مەستوورە پێیداو وتی هەرکاتێك بیرت کردم ئەوا ئەم مووروە بخەرە ژێر سەرت تا خەونم پێوە ببینیت، ئێمە لەوێدا یەکتر دەبینین.

بە درێژایی ئەو سەفەرە چوار مانگیە کە سلێمانی پڕبوو بوو لە چەتەو رێگر، زۆر شتیان بینیو زۆر شتیشیان بەسەرهات، هەر لە روتکردنەوەیانەوە لە لایەن چەتەی خێڵەکانەوە تا ونبوونیان لەو بیابانە کوشندەیەی عەرەبە کۆچەریەکان نیشتەجێینو رووبەڕو لەگەڵ مردندا دەژین، کەچی ئەندێشەی لای مەستوورە

بوو. شەوانان مووروەکەی دەخستە ژێر سەریو بە مەستوورە دەگەشت. کاتێکیش بە ئاگا دەهاتەوە هەستی بە هەناسە گەرمەکانی مەستوورە دەکردو بۆنی رێحانەو سملّ لەشیان پڕ دەکردو جێگا گازەکانی دەشاردەوە. جارێکی تر لە خەوندا خۆی بە ئافرەتیی نەبینیەوە.

بە درێژایی رێگاو لەسەر راسپاردەی میر، دەگەشتنە ناوچەی هەر خێلێك، نامەیەکی دەدانێ کە بە ناوی میرەوە خەتم کرابوو. کاتێك لە ژێر گەرمادا بەو دەشتە پانو بەرینەدا دەڕۆشتن کە دەچووەوە سەر بەغداد، چەتە هاتە سەر رێگایان. تەنها شتێك سلێمان پێیکرا شاردنەوەی مووروەکە بوو، لەو چۆڵەوانیەدا گوێی لە دەنگی مەستوورە بوو.

ئەو رۆژە تا نزیکی خۆرئاوابوون بەپێ رۆشتن تا گەشتنە ئاواییەکی وشكو چۆڵ کە وا بەدەردەکەوت کەسی تێدا نەژی. لەوێدا توانیان بەهۆی رێبەرێکەوە کەلوپەلی سەفەر رێکبخەنەوەو رۆژی دواتر لەگەلّ خۆر کەوتندا بەرەو بەغداد بکەونەوە رێ. ئیدی لادێو شارۆچکەکانیان دەبڕیو دەچوونە سەر مەزارو گۆڕی پیاوچاکان، سەردانی ئەو حوجرەیەیان کرد کە هێشتا پەڵە خوێنی ئەوانەی لەسەر دەدرەوشایەوە کە لە کاتی لەشکرکێشی مەغۆلەکاندا سەرقاڵی گفتوگۆبوون لەسەر(حەرفێکی جەڕ)و ئەوێیان جێنەهێشت تا یەك یەك سەربڕان. بەڵام سەختڕین کاتیان ئەو دەمەبوو کە پێیان خستە بیابانەوەو ئەو رێبەرەی هاوەڵی دەکردنو لە خێلێکی عەرەب بوو، پێیوتن:

-لێرەوە ئێوە لە مردوان حسابتان بۆ دەکرێت.

هەرواش بوو، کاتێك لەناو گەرداودا رێگەیان ونکردو دوو رۆژ لە بیاباندا سەرگەردان بوون، تالاّوی مردنیان چەشت تا گەشتنە مێرگێك. ئەگەرچی بە لاشەی کوژراوی ژنو منداڵو پیاوو کەلاکی ئاژەڵەوە، کە لەسەر زەویە سوورەوەبوەکە کەوتبوونو هێواش هەڵدەئاوسان، زیاتر بە وێرانەی دەکرد.



بەسەرسوڕمانەوە بەرەو ئەو رەشماڵە رۆشتن کە چەند کەسێکی لە دەوربوو. لەوێدا زانیان کە خێلێکی تر داویەتی بەسەر مێرگەکەداو ئەم کوشتارگایەی خوڵقاندووە.

لەگەڵ ئەوەی لەو بیابانەدا کە وەك مس راکشابوو، دیمەنی مێرگەکە زۆر لەوە دڵرفێنتر بوو کە سلێمان بۆی دەچوو. بەڵام لەو رۆژەداو دوای ئەو کوشتارە، وایان بە باش زانی زوو بەجێیبهێڵن ئەگەر رێبەرەکە پەشیمانی نەکردنایەتەوە. ناچار ئەو شەوە مانەوەو تا درەنگانێك لە ژێر روناکی ئاگرەکانی دەستیاندا خەریکی شاردنەوەی ئاژەڵو مردوەکان بوون. بەڵام هێشتا ئەوەندە کاتیان بەدەستەوە بوو تا لەبەر ئاگرێکی گەورە دانیشن. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش دەنگی ناسكو پڕ لە سۆزی ئافرەتێك بە مێرگەکەدا بلاّودەبوەوە کە ئەگەر باڵندەیەکی وێڵ بەوێدا تێپەڕیایە ناچار دەبوو بوەستێت. ئەو شەوە سلێمان ئەوەندە تێگەشت کە هەموو دەیانوت:

-چارە نیە.. قەدەرەو لە چارەمان نووسراوە.

پیاوێکی پیر کە هەر زوو زانیان لە شێخە بەدەستەلاّتەکانی مێرگەکەیە، بە درێژی رووداوەکەی بۆ گێڕانەوەو وتی:

-دەبوو وابێت وەك لە چارەمان نووسراوە.. هەموو ساڵێك لەم مێرگەدا شاعیری خێڵەکان کۆدەبنەوەو شەڕە شیعر دەکەن. ئەم ساڵ پێنج کچی عازەب لە بارمتەی دێڕێك شیعردا درابوو. بەڵام وەك دەبینن هەر کە کچەکانیان دۆڕاند ئێرەیان ئاوا بەجێهێشت.

-تەنها دێڕێك شیعر..؟

سلێمان بە سەرسووڕمانەوە وایوتو چاوی بڕیە شێخەکە، ئەویش بە پێکەنینەوە وتی:

-جار هەبووە چەندین سەر حوشتریشی لەگەڵدا بووە.

ئەو شەوە، دوای ئەوەی ئەمانیش باسی سەفەرەکەی خۆیان بۆکردنو ئەوانیش بە سەرسامیەوە وتیان هیچیان لەبارەی دیواری کەعبەوە نەبیستووە، سلێمان چوو راکشاو مووروەکەی خستە ژێر سەری تا بە خەونێکی شیریندا رۆچێت، لەناکاو دەنگی چەند گوولەیەك بە ئاگای هێناو هەستایە سەرپێ. لە تاریکیەکەدا تارمایی پیاوێکی کووڕی بینی بەرەو روویان دەهات، تارمایی پیاوە پیرەکە بوو. لە دوورەوە هێمنی کردنەوەو وتی:

-ئەوە تەقەی چەند کوڕێکمانە لەم نزیکانە..

سلێمان هەستی کرد شتێکی شاراوە لە قسەی پیرەکەدایەو نایەوێت بیدرکێنێت، رێبەرەکەی دوورخستەوەو لەبارەیەوە پرسیاری لێکرد. ئەویش دەستی لەسەر خەنجەرەکەی داناو بە ساردیەکەوە وتی:

-ئەوە گوولەی سڕینەوەی سەرشۆڕی بوونو بەو کچانەوە نران کە لە کاتی شەڕەکەدا کران بە ژنو ئەو ژنانەش کە سکیان پڕکرا. ئەوانە پەڵەی شەرمن بە ناوچەوانی خێڵەوەو دەبێت بسڕێنەوە.

هێشتا دنیا نوقمی تاریکی بوو کە پیرەکە پەیدابووەوەو پێیوتن کاتی نوێژی بەیانیە. هەموویان لەناو دارخورماکانو نزیك ئاوی مێرگەکە لە دوای پیرەکەوە وەستان، هەرچۆن ئەو رووی قیبلەی بۆ دیاری کردن. کزەبای ئەو بەیانیە دەیدا لە دڵۆپە ئاوەکانی دەموچاوو دەستیان. سلێمان بە قوڵی هەستی بە نەشئە دەکردو هەموو دەنکە لەو مێروو تیشكو درەختەکانی وا دەبینی کە لە خوێنی ئەمەوە سەرچاوە دەگرنو یەکەمجاری بوو بە دڵ ئارەزووی تەواونەبوونی نوێژەکەی بکات. هەستی دەکرد یەکەمجارە هەست بەبوونی خوا بکات لە نزیکیەوە. کاتێك شێخەکە سڵاوی بەلای راستو پاشان بە لای چەپدا دایەوە، رووی تێکردنو وتی:



-وەك دەبینن هیچیان بۆ نەهێشتووینەتەوە. تا ئێوەش دوا نەکەون دەتوانن هەرلێرەوە(دەستی رووەو باشور راگرت، هەرچۆن نوێژیان کرد) بڕۆنو نزیکەی دوو رۆژە رێتان لە بەردەمدایە.

دوای ئەوە بە دەنگێکی کزۆڵەو غەئامێزەوە جیابوونەوەو کاروانەکە لە تەمتوومانی گردۆڵکە لمینەکاندا ون بوو.

ئەوان بەدوای ئاماژەی دەستی پیرەکە کەوتن، بێئەوەی لە ماوەی ئەو دوو رۆژەدا رێکەوتی هیچ بوونەوەرێکی وێڵ یاخود رێبوار بکەن. سلێمانیش شەوانان هاوەڵیی ئەستێرەکانی دەکردو بە رۆژیش بیری لەو چارەنووسە رەشە دەکردەوە کە گەیاندیە ئێرە. یاخود دەنکە مووروەکەی دەردەهێناو دەیکردە گوێی تا گوێی لە دەنگی مەهروب بێت.

کاروانەکە بەدەم ئەو گۆرانیە خاوو غەمبارانەوە رێگای دەبڕی کە رێبەرەکە دەیوتنو بە ماتیەوە لە هەموو شتێکی دەڕوانی.

لەناکاو رێبەرەکە سەیری کردنو وتی:

-حوشترالۆکەکان نهێنی رەشەبایەك رادەگەیەنن کە لەم نزیکانە دەستی بە هەڵکردن کردووە.

رێبەرەکە داوای لێکردن لە رۆشتن پەلە بکەن تا چی زووترە بگەنە"مەککە". تەنانەت کاتێکیش یەکێك لە حوشترەکان پەکی کەوتو لەسەر زەوی کەوت، رێگەی نەدان زۆر دوابکەون. بەڵکو خۆی بارەکەی داگرتو بەجێیهێشت. کە لە مەککە نزیکبوونەوە، سەرەتای رەشەباکە بەدەرکەوتبوو. سلێمان لە رێبەرەکە نزیك بووەوە پێیوت:

-تۆ چۆن هەستت پێکرد..

-لەم گەردونەدا مرۆڤ هەر خۆی نیە بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە هەموو ئەو شتانەی دەوری. هەربۆیە دەبێت ترسی قالۆنچەیەك، لەرینەوەی بنچکە گیایەك

ببینێتو بیخوێنێتەوە. ئێمە تەلیسمی دووپشکمان پێیە کە بە زمانی خۆیان نووسراوە. پاشان هەموو شتەکان بەشێکن لە تۆو لەوانەیە لە تۆشەوە هەڵکەنو سەرچاوە بگرن.

سلێمان خۆتەڕکردنی پایزانەی چۆلەکەکانی کوێستانی هاتەوە یاد کە بەدەم جریوە جریوێکی نائاساییەوە بە دەنووك سەرباڵەکانیان تەڕدەکرد، ئەمەش مانای هاتنی وەرزی باران بارینی دەگەیاند. سلێمان بێدەنگ ڕێیدەکردو لە هەنگاوی حوشتر، شەکانەوەی جلوبەرگو دەنگی ئاژەڵێکی دوور رادەما. لە چاوەکانی مەستوورە کە هەستی دەکرد تا ئێستا نەیتوانیبوو بە قوڵی بیخوێنێتەوە. تەنانەت ئەو کتێبە گەورەیەی نەخوێندبووەوە کە پێیدەڵێن بوونو پەڕەکانی لە بەردەمیدا کراوەبوون.

لە مەککەدا وا بڕیاریاندا دوا بەدوای رەشەباکە ڕێی گەڕانەوە بگرنەبەر. بەڵام قسەی ڕێبەرەکە بێدەنگی کردن کاتێك بە دڵنیاییەوە وتی ئەم رەشەبایە لە هەفتەیەك کەمتر ناخایەنێت.

سلێمان ئەوکاتە غەمێکی قوڵ لە سیمایدا دەدرەوشایەوە پاشئەوەی درزێکی بچوکی بینی لە مووروەکەداو چەند هەوڵی خوێندنەوەیدا نەیتوانی بگاتە خاڵێکی دیاریکراو، ئەوەندە نەبێت کە دەشێ مەستوورە وەك ئاسکێکی وێڵو بریندار بە ئازارەوە بتلێتەوە. بەڵام ئازاری چی.. ئەمە ئەو نهێنیە بوو کە نەیدەتوانی بیگاتێ.

ئەو چەند رۆژەی لە مەککەدا مانەوە رۆژانە دەچوونە سەردانی کەعبەو بە وردی لە دیوارەکانی رادەمانو پرسیاریان لەوانە دەکرد کە خاكو دیوارەکەیان ماچ دەکرد، دەکەوتن بەسەر بەردێکیداو تا لە هۆش چوون دەگریان. بەڵام هەموویان دەیانوت هیچی وامان لەبارەی دیوارەکانیەوە نەبیستووە. سلێمان باسی کەعبەی بۆ دەکردن کە لە سەردەمی ئەودا چەند گەورەو فراوان دەبێت.



دوایەمین شەو لەناو کەعبەدا سلێمان پێیوتن کە باشتر وایە بەیانی بکەوینە رێ تا ئەو موژدەیە بگەیەنین. چونکە رەشەباکە لە خستندایە. پاشان هەریەکەو لەسەر جێگاکەی راکشا کە جگە لە قوماشێکی راخراو هیچی تر نەبوو. بەڵام سلێمان بە ئاسمانە سامناکەکەدا دەیڕوانیو بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانن بە کورترین ماوە بگەنە سلێمانی. بەخۆی وت تەنها باڵ دەتوانێت زوو بمانگەیەنێت.

لەگەڵ دەنگی بانگدا بەئاگا هاتنەوەو لەگەڵ ئیفلیجو نەخۆشو پەککەوتەکاندا کە هاتبوون تا لەوسەرەوە لەش ساغی لەگەڵ خۆیاندا بەرنەوە، بەرەو شوێنی نوێژ کەوتنە رێ. سلێمان بیری لای مووروەکە بوو کەوا چەند شەوێکە هیچ خەونێکی بۆ ناهێنێت. هەستی کرد ئارەزوویەکی شێتانە لە ناوەوەیدا سەری هەڵداوە، ئەویش ئارەزووی بەجێهێشتنی هەموو شتێك بوو تا چی زووترە رێگای گەڕانەوە بگرێتەبەر. بەڵام بیابان هیچ جۆرە یارییەکی لەگەڵ ناکرێتو لە زمانی تووڕەبوونو رقی مرۆڤیش بێباکە. هەربۆیە بیابان حیکمەت لە رێبوارەکانی دەخوازێت.

لەوبەیانیەداو پێش بەڕێکەوتنیان، هەموو رۆچوونە نوێژێکی قوڵەوە کە فرمێسکی لە چاو دەڕژاندو هەستی نزیکبوون لە خوای پێدەبەخشین.

★ ★ ★

## لە بازنەوە بۆ سێگۆشە

لە گەڕانەوەدا، بەو هیوایەی ڕێگاکەیان کورتبکەنەوە، ڕەوتی ڕۆشتنەکەیان ڕووەو وڵاتی شام گۆڕی. ئەگەرچی ئەو ڕێگایە بێمەترسی نەبوو. بەتایبەت بە چەتەیەك بەناوبانگ بوو کە لەناکاو پەیدا دەبوون‌و وەك تارمایی دەهاتن‌و لەبەر چاویش دیار نەدەمان. وەك ئەوەی کوڕی لم بن‌و لەوەوە هەڵقوڵێن‌و لەویشدا ونببن. ئەو چەتانە بەوە دەناسرانەوە کە بێبەزەییانە کاروانەکانیان ڕووتدەکردەوەو سەرگەردانانە بەجێیان دەهێشتن. بەڵام ئەمان تا لە سنووری ئەو زەویانە دەرچون ڕێکەوتیان نەکردن.



بە درێژایی ئەو ڕێگایە کە چەندین شەوو ڕۆژی پڕ لە وەڕسی بوو، سلێمان بەبێزاریەوە ڕێیدەکردو بە ئەندێشەدا ڕۆدەچوو. وەك کەسیرەیەکی پەژموورده بیری لە چارەنووسی خۆی دەکردەوەو بەخۆی دەوت بیابان چەند بەخۆمان دەکات.

جارێك ڕێبەرەکەیان هاتە تەنیشتیەوەو ئەو پەشماخەی لادا کە دەم‌ولووتی پێهەڵبەستبوو. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لەتەنیشت سلێمانەوە ڕۆشت‌و قسەی بۆ کرد، هەرچەندە سلێمان بێدەنگ ڕێگای دەبڕی. لەیەکێك لەو بەسەرهات‌و ڕووداوە زۆرانەی باسی دەکردو سلێمان وەك خەون دێتەوە یادی، ئەو قسانەبوو کە لە بارەی یەکێك لە خێڵەکانی بیابانەوە بوو کە لە مێرگێکدا دەژیان، وەك مرواری پرشنگداربووەوە سەرۆکەکەیان مێرگەکەی بە کوڕێکی جوان گۆڕیبووەوە تا مردنیش بە زنجیر بەقاچیەوە بەستبویەوەو وەسێتیشی کردبوو لەگەڵ خۆیدا بینێژن. سلێمان هەرجارێك ئەو قسانەی بەیاد دەهاتەوە بەخۆی دەوت دڵڕەقی بیابان چەند بە خۆمان دەکات.

لە زەویەکانی شامدا ڕێکەوتی پیاوێکیان کرد کە وەك دێوانە بیابانی گرتبوە بەرو بەتەنیا ڕێگای دەبڕی. کاتێك پێیگەشتن، تەنها شتێك داوای کرد ئاو بوو. پاشان کەمێك لەگەڵیان دانیشت. ئەوەی لەو پیاوە تێگەشتن ئەوەبوو کە جارێك دەنگێك بە گوێیدا چرپاندووە کە پاش نیوەڕۆی شەممەیەك دەمرێت. ئیدی لەو ڕۆژەوە دەشت‌و دەری گرتبووە بەرو هەموو شتێکی بەجێهێشتبوو تا بگاتە شەوی ڕەها یاخود ڕۆژانێك کە ناوەکان دابەشیان نەکردبێت‌و شەممەی تێدا نەبێت. ئەگەرچی ماوەیەك لەگەڵیان مایەوە، بەڵام ڕازی نەبوو لەگەڵیان بڕوات. ناچار لەو چۆڵەوانیەدا بەجێیان هێشت.

لە شارۆچکەیەکدا کە تەنها پاشماوەی قەڵاو شوورای کۆن بوو، ڕێکەوتی پیاوێکیان کرد بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆشت. ئەگەرچی بە سیمایدا دیار بوو کوڕی

سەفەرو ڕێگا تەنیاکانە، بەڵام بڕیاریدا لەگەڵ کاروانەکەی ئەماندا بڕوات، پاش ئەوەی سەیری نەخشەیەکی بچوکی کرد، وتی:

-ئەو شارەی ئێوە بۆی دەگەڕێنەوە دەکەوێتە سەر ڕێگای من.

ئەو شەوەیان لەناو پاشماوەو دارو پەردووی ئەو شارۆچکەیە، بەدەم گێڕانەوەی ئەو ڕووداوو حیکایەتە سەیرانەوە گوزەراند کە هەریەکەو لە خەیاڵی خۆیەوە دەیهێنا، یاخود پێشتر بیستوویانە. بەیانی زوو خۆیان کۆکردەوەو کەوتنەوە رێ. یەکێك لەو حیکایەتە کۆنانەی سلێمان بیری نەدەچووەوە ئەوەبوو کە یەکێك لە هاوەڵەکانی خۆی گێڕایەوەو پاش ساڵانێکی زۆر توانی بە"فریودانەکانی جەستە" ناوی بەرێت. چیرۆکەکەش باسی لە بوونەوەرێکی سەیر دەکرد کە لە چیایەکی دوور دەژیا. هەر راوچیو ڕێبوارێك رێی بکەوتایەتە ئەو شوێنە، لە شەودا زەفەری پێدەبردو دەیخوارد. بەڵام لە یەکێك لە شەوە ساردو پڕ سامەکانی چیاکەدا، دوو ڕێبوار بە ناچاری دەمێننەوە، ئەگەرچی زۆر شتی سەیریان لەبارەی ئەو بوونەوەرەوە بیستووە. کاتێك خەو دەیانگرێت(ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەو شوێنەیە) یەکێکیان وای بە خەیاڵدا دێت کە لەژێر جاجمێکدا بە شێوەیەك بنوون کە هەر یەکەوقاچی بکاتە لای سەری ئەوی تر. پاشئەوەی دڕندەکە بە بۆن دەیاندۆزێتەوەو دێتە سەریان، زۆر رادەمێنێتو بەجێیاندەهێڵێت. ئەوەی دواتر ئەو دوو ڕێبوارە دەیگێڕنەوە ئەوەیە کە دڕندەکە بەسەرسامیەوە وتویەتی هەرگیز نەمدیوە ئادەم دوو سەرە..

سلێمان هەرجارێك ئەم چیرۆکەی بیردەکەوتەوە بە چێژێکی زۆرەوە ئەندێشەی دەکردو بەناو یاریکردنەکانی جەستەدا دەڕۆشت تا دەگەشتە ئەوەی بڵێت ئەم جیهانە ئەوەندە ئاساییە تا چاومان لەسەری راهاتبێت.

ڕۆژی دواتر ماوەیەکی زۆری ڕێگا سلێمان بیری لای قسەی پیاوە غەریبەکە بوو کە وتبووی ئەم سەفەرە بۆ پێوانی دووری نێوان خۆرو زەوی دەکات.



بە درێژایی ئەو ماوەیە سلێمان چاودێریی ئەو پیاوەی دەکردو دەیبینی خەریکی شتێکەو جارجاریش ئاوڕێکی ورد لەو ڕێگایە دەداتەوە کە بڕیویانە. هەموو ئەمانەش دواتر سلێمان لێیتێگەیشتو زانی پیاوە غەریبەکە ئەو ڕێگایە دەپێوێتو لە هەموو ئاوڕدانەوەیەکیشدا ئەو چەمانەوەو لادانانە لە پێوانەکەی دەردەکات کە لە ڕێگاکەدایە تا ماوە راستەقینەکەی بۆ بمێنێتەوەو ڕەوگەی ڕۆشتنەکەی دیاری بکات.لە پشوودانێکی کاروانەکەداو پاشئەوەی سلێمان بۆیدەرکەوت باری ولاخی غەریبەکە هەمووی دەستنووسو نووسراوە، لێیپرسی:

-بەڵام تۆ چۆن دووری خۆر لێرەوە دەپێویت؟

-من چەندین شەوو ڕۆژم لە ڕۆشتن پێویستە تا بتوانم دەرەقەتی ئەم پێوانە کاریە بدەم.

-ئەم کارە هەر بە خەیاڵ دەچێت.

-نەخێر ئێمە هەریەکێکمان لەسەر ئەو هێڵی چارەنووسە دەڕوات کە بۆی دانراوە. منیش قەدەرم وابوو بەدوای شتێکدا بڕۆم کە هیچ سامانێك ناهێنێت. بەڵکو تەنها چێژ لە دۆزینەوەیدایە . چونکە ڕۆچوون بەو قوڵیەی سەرەوەماندا ڕۆچوونە بە خۆماندا گۆڕینی تێڕوانینمان. پاشان من بەنیازم نەخشەیەك بۆ جیهان بکێشم وەك ئەوەی هەیەو ئەوەش کە من وێنای دەکەم.

-گریمان ئەو پێوانەیەت دۆزیەوە، چی دەبێت؟

-مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی سەیرە، تۆ هەموو ئەو ڕێگایە دەبڕیت تا دڵنیابیت لە نەروخانی دیواری کەعبە، منیش بۆ زانینی دوورییەك. بەڵام جیاوازی ئەم دوو سەفەرە ئەوەیە کە لە پشت سەفەری تۆوە تەنها ئارامیو دڵنیابوون هەیە. بەڵام لەپشت ئەوەی منەوە گەڕانی تر دەست پێدەکات وەك ئەوەی ئەم سەفەرە ڕێگایەك بێت بۆ کردنەوەی دەروازەیەك کە چەندین ڕێگای تری لێدەکەوێتەوە. بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە بیسەلمێنین سێگۆشە بنچینەیە نەوەك

بازنە. ئەمەش پێویستی بە رامانێکی قوڵە لە بۆچوونمان، تەنانەت لە قەدەریش کە لە بازنەی لاهوتدایە. ئاسانیش نیە بوون سێگۆشەییانە ببینین.

ئەم قسانە پێکەنینی لای هەندێکیان دروستکرد. بەڵام سلێمان هەوڵی دەدا زیاتر سەنگینی بنوێنێت، پرسی:

-ئەی کارەکەت چۆن دەکەیت؟ خۆناکرێت بەخۆت‌و ولاخێکی پڕ لە دەستنووسەوە سەرکەویتە ناو بۆشایی ئاسمان.

-بەڕاست تۆ هیچ لەبارەی سێگۆشەوە دەزانیت؟ ئەتوانم ئەوەندەت پێبڵێم کە دەرکت بە سیحرو جوانی سێگۆشە کرد ئیتر ناتوانیت ئەم دونیایە وەك خۆی ببینیت، هەرچۆن پێیڕاهاتووین، وەك لای درندەی چیاکە روویدا. من زۆر گەڕام تا بیرێکم دۆزییەوە کە لە نیوەڕۆی رۆژێکی هاویندا خۆر شاقوڵی بدات لە بنی. پاشان لەو رۆژەوە بەرێکەوتووم تا لە ساڵێکی ترداو لە هەمان رۆژو ساتدا لەسەر بیرێکی تر بوەستم‌و بزانم خۆر چۆن دەیدات لە بنی بیرەکەی دووهەم. ئەو کاتە بەو گۆشە نەوەد پلەییەی بیری یەکەم‌و ئەم گۆشە تازەیەی کە سەفەرەکەمی بەدوادا دەکەم، لەگەڵ ماوەی نێوان دوو بیرەکە، دەتوانم گۆشەکەی تر کە دەکەوێتە لای خۆرو دوو لاکەی تری سێگۆشەکە بدۆزمەوە.

یەکێك بە پێکەنینەوە وتی:

-ئەم هەموو مەشەقەتە بۆ گۆشەیەك دەچێژیت؟

-ئەوەندەی بە کتێب‌و قسەی حەکیمەکاندا گەڕاوم، گەشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە ئەو پیاوەی کاری لەسەر سێگۆشە دەکرد، توانی ژیان بە ئاڕاستەیەکی تردا بەرێت.

قسەکانی تەواو نەکردو سلێمانیش بێویستی خۆی لێیپرسی:

-ئەی ناکرێت بۆ زەمەنیش سێگۆشە بەکار بێت؟

-زەمەن شتێکە لە زەینی خۆماندایەو توانای پارچەکردنیمان هەیە. بەڵام تا ئێستا دووریەکانی نەدۆزراوەتەوە، هەربۆیە ئەو لە هێڵێکی راست دەچێت.



لەدوای ئەو دانیشتنەوە، لە پیاوە غەریبەکە گەڕان تا سەرقاڵی پێوانی رێگاو گەڕانەوە بێت بۆ سەر دەستنووس‌و نووسراوەکانی‌و تەنها بۆ نانخواردن بانگیان دەکرد.

دوای چوار مانگ‌و سێ رۆژ کاروانەکە گەشتەوە بەردەم شارو بەناو پێشوازیکەراندا رووەو ماڵی میر رۆشتن تا لە خەونەکەی دڵنیای بکەن بەوەی شتی وا رووی نەداوە. پاشان بەسەرهاتی پیاوە غەریبەکەیان بۆ گێڕایەوە کە پێیوتبوون بەیانی رۆژی چوار شەممەیەو لەم شارەدا سەفەرەکەی تەواو دەبێت. هەربۆیە دەبێت بەیانی بیرێکی بۆ دیاری بکەن تا لە نیوەڕدا سەیری کەوتنی تیشکی خۆر بکات لەسەری. میر ئەو رۆژەی وەك جەژن راگەیاند، ئەگەرچی لەوکاتەدا مەترسی لەشکرکێشی براکەی هەبوو بۆ سەری. بەڵام کەس نەیدەتوانی خۆشی خۆی بشارێتەوە دوای ئەوەی زانیان یەکێك لەو سێگۆشەیەی ماوەی دووری خۆری پێدەپێورێت دەکەوێتە ئەم شارەوەو دیواری کەعبەش وەك خۆیەتی. ئەم شتانەشیان وەك مژدەی ساڵانێکی خۆش سەیر دەکرد.

لەناو هات‌و هاواری ئەو رۆژەداو لە چاوەڕوانیی پیاوە غەریبەکەدا کە لەسەر بیرەکە باری دەستنووس‌و کەلوپەلەکانی پێوانەکردنی خستبوو، میر سلێمانی بردە دیوەخانەوەو داوای لێکرد بە درێژی سەفەرەکەیانی بۆ باس بکات. ئەویش هەموو ئەو شتانەی بینیبووی‌و نەیدەویست هەرگیز بگەڕێتەوە سەریان، بۆ دواجار گێڕایەوە. لە وەسفی ئەو شارە سامناکانەی لە نێوان زەردەپەڕو سپێدەدا وێڵن، ئەوانەی لەسەر تەرمی کوژراوان دروستبوون‌و مێرگو بیابان‌و رێبەرە گەنجەکەشیان کە دەیتوانی بیابان وەك بەری دەست بخوێنێتەوەو لە ولاتی شام بەجێیهێشتن.

لەگەڵ قسەکانیدا بیری لای مەستوورە بوو.

ئەو رۆژە سلێمان تا ئێوارەیەکی درەنگ بەتەنیا لای میر دانیشت. بۆ رۆژی دواتر سەرەتای نەخۆشیەك لێی دیاریدا کە گومانی ئەوەیان لێدەکرد هیلاکی رێگا یاخود یەکێك لەو نەخۆشیانە بێت کە تووشی رێبواران دەبێت. ئەوەبوو لە جێگادا کەوت. بە درێژایی ئەو ماوەیەش هەموو شەوێك مەستوورە تا پێش خۆرکەوتن لە لای دەمایەوە.

* * *

## چیرۆکی ئاوێنە

ئەو ماوەیەی سلێمان بە نەخۆشی بردیەسەر، تووشی رەشبینیەکی سەیرهاتبوو بەوەی دەترسا کە ئیتر ببێتە کوڕی ئەم زەمانە. ئەمەش وایکرد بەدەم نەخۆشیەوە دالغەکانی قوڵتربن، خەونەکانی زۆرو ئالۆزببێت. واهەستیدەکرد زەمەن لە مێرگێکی سیحرئامێز دەچێت کە ئەم لێیەوە لە خۆی بڕوانێت.

ئەو رۆژە سەختانە قورس تێدەپەڕین تا مەستوورە لە تاریکیەوە پەیدادەبوو، لەگەڵ هاتنیدا چاوەڕوانی دەکوشت.



شەوێك مەستوورە بەسەرهاتێکی بۆ گێڕایەوە کە وەك یادگاری ئەو شەوانی نەخۆشیە یادیدەکاتەوە. ئەو شەوە سلێمان بە ساردیەکەوە وتی:

-هەرچەندە نامەوێت تا مردن لەم شارەدا بمێنمەوە کە لە ژیان سەختترە، بەلاّم دەترسم ئەمە قەدەرم بێت.

-دەبێت تۆ ئەوە بزانیت کە لە ناو ئاوێنەیەکدایتو دەرچوون لە تەلیسمو رەنگدانەوەکانی ئاستەمە.

سلێمان بە سەرسامیەوە پرسی:

-ئاوێنەی چی؟

-ئەوە بۆخۆی بەسەرهاتێکی سەیرە. دەڵێن پاش دروستبوونی شار رۆژێك کاروانێك رێیدەکەوێتە ئێرەو لەگەڵ خۆیدا پارچە ئاوێنەیەکی هێنابوو. دوای ئەوەی لە کاروانسەراکە دادەبەزن ئاوێنەکە دەردەهێنن، بێئەوەی بزانن بەو شتە جادوییە شار بەرەو مێژوویەکی تر دەبەن. چونکە هەریەکێك کە سەیری ئاوێنەکەی دەکرد ئیتر وڕوکاس لەخۆی رادەماو بەدوای وێنەی خۆیدا سەرگەردان دەبوو. هەبوو وەك دێوانە دەیدایە دەشتودەر، هەشبوون بەدیار وێنەی خۆیەوە زەردو سیس هەڵدەگەڕان. ئیدی شار بەدوای وێنەی خۆیدا رۆشتو چەندین وێنەی خەیاڵئامێزی بۆ خۆی دروست کرد. کاتێکیش ئەو پارچە ئاوێنە نەفرەتیەیان بردە بەربارەگای میر، میر بە عەشقێکی شێتانەوە بە رادەیەك لە خۆی راما، ولاّتو فەرمانڕەوایی بیرچووەوەو بەدوای رامکردنی ئەو وێنەیەدا رۆشت کە هەرخۆی بوو. هەبوو دەیوت میر بەجۆرێك عاشقی خۆیبوو کە هەرگیز لە سەیرکردنی خۆی تێرنەدەبوو. لەو ئاوێنەیەوە بوو شار بەناو وێنەو حیکایەتە فریودەرەکاندا پەرش بوو. لەوانەیە ئێمە لەناو یەکێك لەو وێنە یاخود حیکایەتانەدا بین کە هەڵهاتن ئاستەمە لێیان. چونکە وێنەی راستەقینەی شار لەو

وێڵگەیەدا ونبووە. هەربۆیە هەڵهاتن لە شار دەرچوونە لەو وێنە درۆزنانەی لەسەر خۆی دروستیان دەکات. لێرەوەیە دەبێت جیهان وەك نێچیرێك راو بکرێت.

سلێمان بەدەنگێك کە پەشۆکانی پێوە دیاربوو، پاشئەوەی گوێی لەو رستەیەی دوایی بوو، وتی:

-من لە رێگای کتێبێکی دۆزەخیەوە کە پێدەچێت ئیبلیس یاخود سلێمان پێغەمبەر نووسیبێتی، گەشتمە ئێرەو لەناو وێنە درۆزنەکانیدا ونبووم. بەڵام پێدەچێت رێگایەك هەبێت بۆ دەرچوون لە سیحری ئاوێنەکان.

لەدوای ئەو شەوەوە سلێمان زۆر لە فکرەوە دەچوو، داڵغەکانی قوڵ دەبوونو بیری لە رێگایەك دەکردەوە تا ئەم زەمەنە بەجێبهێڵێت، بەتایبەت دوای ئەوەی بیستبووی لەشکری برای میرو عەجەم لەسەر سنوورەکان چاوەڕوانی دەرفەت دەکەن تا جارێکی تر پێدەشتەکان بەخوێن سوورکەنو هەموو شتێك دەکەوێتە بەردەم رەشەبای کوشتنو تاڵانی.

شەوێك سلێمان بڕیاریدا ژوورەکە بەجێبهێڵێتو سۆراخی مەولانا بکات، ئەگەرچی لە گەڕانەوەی دڵنیا نەبوو.

ئەو نەیدەویست شەڕ بۆ زەمانێك بکات کە هی خۆی نیەو تێپەڕیوە.

* * *

## دەروازەی هەڵهاتن

سلێمان لەبەردەم دەرکەوتنەکانی زەمەندا کە هێنابوویە ئەم شارەی ئەندێشەوە، ئەگەرچی هەوڵی خوێندنەوەی هەموو ئەو ئاماژانەی دەدا کە دەهاتنە سەر رێگای، بەڵام هەستی دەکرد لە وێڵیەوە بەرەو وێڵیەکی تر دەڕوات. بێئەوەی دەرەقەتی ئەم وێڵگەیە بێت. رۆژێك وەك هەموو رۆژەکانی تر خۆی



دابووە دەست گەڕانو پیاسە کردن بەشاردا، قەدەر وەك دواتر هەستی کرد، بەرەو دوکانێکی چەپەکی برد کە دواتر زانی دوکانی ئەو جوولەکەیەیە کە لە رێگایەوە دەستنووسە چەرمەکە گەشتبووە دەست گەڕیدە بیانیەکە. سلێمان دوای ئەوەی لە جوولەکەکە راما، هەستی کرد بۆنی خوێنێك لە سیمای دێت کە وەك سوتانی پوشو پەڵاش یاخود قەتران وایە. لەوێدا بەجۆرێك لە سەرزەنشتەوە بیری لەو هەموو رۆژە کردەوە کە چۆن بیری نەبووە بەدوای ئەم جوولەکە پیرەدا بگەڕێت کە دەشێت نهێنیەکانی ئەم سەفەرەی لە لا حەشاردرابێت. پاشان ئەگەر قەدەر نەبوایە ئەوا مەحاڵ بوو ئەو پیرەی بیرکەوتایەتەوە.

ئەو رۆژە سلێمان ئەوندە لە قسەی جولەکەکە تێگەیشت کە ئەو دەمێکە چاوەڕوانیەتیو ئەم درەنگ هاتووە بۆ لای. چونکە ماوەیەك لەمەو پێش ئەو گەڕیدەیە بێرەدا تێپەڕیووە کە لە چارەی نووسرابوو ئەو دەستنووسە بپارێزێتو لەگەڵ خۆیدا بردویەتی. جوولەکەکە بە غەمباریەوە وتی ئەگەر دوانەکەوتیتایە ئەوا دەکرا زۆر شت بگۆڕدرایەو رووینەدایە. بەڵام دیارە وا نووسراوە.

سلێمان هەوڵیدا رێگای گەڕیدەکە بزانێت تا شوێن پێیهەڵگرێت. بەڵام جوولەکەکە دڵنیای کرد کە ئەمە کارێکی مەحاڵە چونکە دەبێت شتەکان وا روویدەن وەك ئەو دەیەوێت. کاتێك سلێمان لێیپرسی مەبەستت لە ئەو کێیە، جوولەکەکە بە پێکەنینەوە کە دانە زەردو کەلەکانی بەدەرکەوتن، وتی:

دەتوانم ئەوەت پێبڵێم کە سەفەرێك لەسەر رێگاتەو لەوانەیە دەروازەی ئەو سەفەرە سەختەش لە خۆتدا بێت. هەربۆیە خۆتی لێ لامەدە چونکە لەوێوە دەگەیتە لای ئەو کە چارەنووسەکان دەنووسێتەوە، وەك دەشڵێن ئەو حیکمەتێکی پیرەو تەمەنی هێندەی ژیانەو لە شوێنێکی بیاباندایە. بەڵام چاو توانای کەشف کردنی نیە، بەڵکو ئەو بە دڵ دەبینرێتو..

سلێمان قسەکانی پێبڕیو وتی:

-ئەوەی تۆ دەیڵێیت سەفەرێکی کوێرەو نازانم چۆن بەدوای بکەوم. پاشان من بیر لە ڕێگای گەڕانەوە دەکەمەوە..

-دەبێت وابێت کە منوتۆ لە زەمانێکدا پێکبگەین کە تەنها ئەندێشە دەکرێت، بەوەی من لە جیهانی یەکەمی تۆدا ئێسکیشم بۆتە خۆڵ، تۆش وەك راوچیەك بە جەنگەڵی زەمانەکاندا دەگەڕێیت. بەڵام گەڕانی تۆ بەدوای ڕێگادا، گەڕانە بەدوای سەرچاوەکانی ئەو کتێبەدا کە پێدەچێت ئیبلیس یاخود ئەو خۆی لە پشتیەوە بێت.. بەڵام دەبێت تۆ بەدوای بکەویت..

-سلێمان بەدرێژایی ئەو شەوە بیری لە قسەی جوولەکە پیرەکە دەکردەوەو دەیویست لەو نهێنیانە تێبگات کە لە پشت قسەکانیەوەیەتی تا ڕێگای سەفەری تێدا بدۆزێتەوە. لەناکاو قسەی خاوەن کەناریەکەی بەیاد هاتەوە کە پێیوت:

-...بڕۆ خۆت بدە دەم ڕەشەبا...

سلێمان پێی سەیر بوو کە چۆن ئەو قسەیەی تا ئێستا، هەر وەك جولەکەکە، بیرچووبووەوە کە کلیلی سەفەری دەدایەو بە سامترینو چێژاویترین گەشت سەرچاوەی لێوە دەگرت کە سەفەرکردن بوو بە ڕێگا نەدۆزراوەکانی ئاسماندا، ئەویش بە دوو باڵی ئەفسانەییەوە. ئەو باڵانەی لەناو فرمێسکەکانی مەستوورەدا چنران. سلێمان کلیلی ئەو سەفەرەی دۆزییەوە تا بیابانی پێتەیبکات. دیارە عەباسی کوڕی فیرناسی ئەندەلووسی کە لە ساڵی 888 مردووە، هەوڵی فڕینداوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

پاش ئەوەی بە مەستوورەی وت بیر لە دوو باڵ دەکاتەوە تا لە ڕێگایەوە ئاسمان بگرێتە بەرو هەڵبێن، بە ماوەی یەك هەفتە چوار باڵی دروستکرد، هەرچۆن لە کتێبێکی کۆنی شاردراوەی جوولەکەکەدا نووسرابوو. بێئەوەی باسی چۆنیەتی دروستکردنیان بۆ کەس بکات.



لە کازیوەی بەیانیەکدا کە لەشکری براکان لە نزیك شار ڕووبەڕوو بووبوونەوە، بە دزییەوە بردنیە سەر گردێکی قەراغ شار. مەستوورەش بێدەنگ بەدوای کەوتبوو.

پاش ئەوەی باڵەکانیان بەست، سلێمان خۆیدایە دەم هەواو چەند جارێك باڵەکانی بزواند. ئەگەرچی توانی پێکانی لە زەوی ببڕێت، بەڵام بە هێواشی کەوتەوە سەر زەوی. چەند جارێك وایکرد تا لە دوایەمین جاردا وەك ئەوەی دوو دەست لە سەرەوە بەرزی بکەنەوە، بەرز بووەوە.

فڕین چەند جارێکی ویست تا سلێمان فێری ڕاگرتنی هاوسەنگی بێتو بەخۆشیەکی زۆرەوە کە گیانی خستبووە خرۆشان، باڵەکانی لێکدەدا. لەو بۆشاییە بێکۆتاییەدا چاوەڕوانی مەستوورەی دەکردو چەند جارێك سووڕایەوە، بەرز دەبووەوەو بە تیژی دەهاتە خوارەوە. لە هەموو ئەم سووڕانەوەیەشیدا بەردەوام سەرنجی لای مەستوورە بوو کە بە هەنگاوە کورتو خاوەکانی، هەوڵی فڕینی دەدا، وەك چۆن ئەم کردی.

مەستوورە زۆر هەوڵیدا تا سەرئەنجام توانی بەرز ببێتەوەو هاوسەنگی خۆی لە بۆشاییدا ڕابگرێت. پرچەکانی بداتە دەم کزەبای ئەو بەیانیە تا بە ئارەزووی خۆی یاری پێبکات. سلێمان لێی نزیك بووەوەو هانیدەدا تا زیاتر بەرز ببێتەوە کە لەگەڵیدا بە نەشئەی فڕیندا ڕۆدەچوونو دیمەنی ئەو بەیانیە کە لەگەڵ بەرزبوونەوەیاندا یەکەم تاڵی تیشکی خۆر بەدەرکەوتو وەك ئاڵتوون ڕژایە سەر زەویەکەی ژێریان، مەست بووبوون.

پێشئەوەی سلێمان بەرز بێتەوە، هاواری لێکرد:

-هەوڵبدە دوور بڕوانیتو بە هەموو هێزت باڵ لەیەك بە..

وایوتو بەرز بوەوە. مەستوورەش وردە وردە بەدوایکەوتو وەك دووخاڵ لەو بۆشاییەدا ونبوون تا لە شوێنێکدا هاوسەنگی خۆیان راگرتو سەرسامانە خۆیان دابووە دەم هەواو جارناجارێك باڵیان لێکدەدا تا لەو قولاًییەدا بمێننەوە.

لەو قولاًییەوە بەسەر پێدەشتو چیاو گردولکەو شاراندا رووەو بیابان دەرۆشتن.

لەو قولاًییەوە نزیك بوونەوەی لەشکریان بۆ ناو شار بینی. زەویان وەك گوڵێك بینی کە بەدەم خۆرەوە دەگەشایەوە. خۆشیەك بە چەشنی شەوانی جووت بوونیان دەرژایە دەمارەکانیانەوەو هێزی پێدەدان. پاشئەوەی مەستوورە کەمێك سەری بەرەو زەوی خوارکردەوەو سەیری ئەو رووبەرە فراوانەی کرد کە چاو لە سیحریان تێرنابێت، هاواری کرد:

-لێرەوە زەوی چەند جوانترە لەوەی هەیە.

-دەتوانیت لێرەوە شتەکان باشتر ببینیت.

پاشئەوەی چەند جارێك سوورِانەوەو سەیری رژانی لەشکریان بۆ ناو شار کرد، کە دواتر سلێمان پێیدەوت شاری نەفرەت، ئەوسا بێئەوەی بزانن بۆ هەتا هەتایە بەجێیانهێشتو بەسەر شارو گوندەکاندا رۆشتن.

فرِین ئەو مەستبوونە ئەبەدیە بوو کە زەمەنی بیر بردبوونەوەو بە تەلیسمەکانی خۆیدا پەلکێشی دەکردن. دەرۆشتنو کاژی ئەو رۆژگارانەیان فرِێدەدا کە لە شارە داخراوەکاندا گوزەراندیان. ماوەیەك لەو قولاًییەدا، کە سیحری لێدەتکا، بەرِێوەبوون بێئەوەی هەست بەکات بکەن تا تینوێتی ناچاری کردن بنیشنەوە. ئیتر چەند رۆژێك لەناو ئەو فرِینە چێژ بەخشەدا بە ئاسمانەوە بوونو شەوانیش لەو شوێنانەدا دەنیشتنەوە کە ئارەزویان دەکرد.. تا بیابانیان لێدەرکەوت.



سلێمان بەخۆی وت فرِین چ مانایەکی ناسك دەداتە ژیانو جیهانیش دەکاتە نێچیرێك لە بەردەم ئارەزووەکانماندا.

* * *

## بەناو کتێبی بیاباندا

پاش چەند رۆژێك لە فرِین، گەشتنە ناوچەیەك کە لێیەوە بیابان دەستی پێدەکرد. هێشتا هەموو شتێك لە تاریکیدا نوقم بوو، تاریکیش وەك نەسیم باڵی

بەسەریاندا کێشابوو، کاتێك لەسەر گردۆڵکەیەك وەستانو بە دەوری خۆیاندا روانیان تا دواجار چاویان لەو رێگایە بڕی کە سەر لە ئێوارە شوانێك بۆی دیاریکردنو دەکەوتە سەر رێگای ئەستێرەیەکی گەش.

ئێوارە کە لەو چۆڵەوانیەدا ئەو شوانەیان بینی، بڕیاریاندا شەو لەلای بمێننەوە. چونکە دەیانزانی رۆژێکی سەختیان لە بەردەمدایە. ئەوەبوو وەك هەموو جارێك دوور لەو شوێنەی دەیانوویست، هەوڵی نیشتنەوەیاندا تا سام نەخەنە دڵی شوانەکەوەو رانەکەشی پەرەوازە نەکەن.

لەو وەستانە سیحرئامێزەی ئەو بەیانیەدا کە شتەکانیان بە جوانیەکی جیاواز لەوسایان دەبینی، سلێمان دەستی بردو بۆ دواجار ئەو توورەکە بچوکەی دەرهێنا کە لیرەکانی تیادا هەڵگرتبوو. پاشئەوەی ژماردنی، لەژێر لێوەوە چەند وشەیەکی وت کە مەستوورە لێیتێنەگەشت. دوای ئەوە رووەو ئەو شوێنە، کە شوانەکە بۆی دیاریکردبوون، خۆیاندا بەدەم شنەیباوەو لە هەوادا درێژ بوون. ئارەزوی فڕین بەرەو قولاّیی بردن.. رووەو بیابان کە وەك کتێبێکی کۆن لە بەردەمیاندا کرابووەوە.

تا عەسرێکی درەنگ خۆیان دابووە دەست نەشئەی فڕینو بای ساردی ئەو قولاّییەش یاری بە قژیان دەکرد تا بە ئاستەم خاڵێکی سەوزیان لێدەرکەوت، وەك شوانەکە پێیوتبوون نزیکەی چوار رۆژە رێ بەپێ دوورە. سلێمان بەو شارەزاییەی لە فڕیندا پەیدایکردبوو وردە وردە هەوڵی نزم بوونەوەیدا. مەستوورەش بەدوایدا وایکرد تا ئەو ماوەیەی بۆ مێرگەکە مابوویان بەدەم نیشتنەوەوە بڕیان.

ماوەیەك دوور لە مێرگەکە قاچیان بەر زەویە گەرمەکە کەوتو هەستیان بە خنکان دەکرد. ناچار، دوای ئەوەی باڵەکانیان داکەند، بەرەو مێرگەکە رۆشتن بێئەوەی گوێ بە چپەو نیگای دەوروبەریان بدەن کە وەك لە خەونێکی سامناك بە ئاگا هاتبنەوە، سەرسام بوو بوون. پاش ئەوەی کەمێك پشوویاندا، سلێمان



رووەو خەڵکەکە رۆشتو سلاّوی لێکردن. یەکێك کە سلێمان وای بۆچوو سەرۆك خێڵی ئەو مێرگە بێت، بە پچڕ پچڕی وتی:

-هاتنەکەتان بە هاتنی ئادەمو حەوا دەچێت..

سلێمان وەلاّمی نەدایەوەو بۆ شوێنێك گەڕا کەمێك پشووی تیا بدات. ئەو کەسە کە سلێمان بە سەرۆك خێڵی تێگەشتبوو، ئاوڕی دایەوەو هەموو بەدوایدا رۆشتن. سلێمان دڵنیابوو کە ئەم مێرگە بە ئاژەڵو پەلەوەرو مرۆڤو ئاویەوە لەژێر فەرمانی ئەودان. پیاوان لەژێر رەشماڵێکی گەورەدا بێدەنگ دانیشتنو چاویان لە سلێمان بڕیبوو. مەستوورەش لە رەشماڵێکی ترداو لەناو کۆمەڵێك ئافرەتی رەشپۆش دانیشتبوو کە یەك یەك پەچەکانیان بۆ لادەدا وەك ئەوەی بە شاراوەییەوە پێیبڵێن کە بیابانیش جوانی خۆی هەیە. مەستوورە هەر یەکێکیانی بە گوڵێك دەهاتە بەرچاو کە بۆ یەکەم جار بینیبێتی. گوڵێك بە کلو خاڵی کوتراوی سەرچەناگەو روومەتو نەخشی خەنەی دەستیانەوە رازابوونەوە.

مەستوورە بۆ یەکەمجار بوو هێندە چێژ لە قسەکردن بە هێماو ئاماژە ببینێت.

سلێمان لە روانینی خەڵکەکەوە تێگەیشت کە چاوەڕوانی قسەی لێدەکەن، ناچار رووی لە سەرۆکەکەیان کردو وتی:

-من بەدوای ئەوەدا دەگەڕێم کە نهێنی چارەنووسی لایە.

سەرۆك خێڵەکە بە سەرسامیەوە وتی:

-بەلاّم ئەمە کارێکی مەحاڵە. چونکە ئەو لە توانایدایە بە زۆر شێوە خۆی بەدەربخات. لەوانەیە ئەو شنەبایە بێت کە بەسەر مێرگەکەدا دەڕوات. یاخود لە سەوزبوونی بنچکێكو گەینی خورمادا بێت. هەربۆیە گەڕان بەدوای ئەودا، وەك ئەوەیە لەم بیابانە بێکۆتاییەدا بۆ دەنکە لمێك بگەڕێیت کە حیکمەتی هەموو

بوونی لە خۆیدا شاردبێتەوە. پاشان تەمەن چەندە تا بەم گەڕانە بێهودەییە بەسەری بەریت. تازە ئەوەی نووسراوە هەر ئەوە دەبێت.

ئەو ماوەیەی لە مێرگەکەدا مانەوە چاوەڕوانی ئاماژەیەك لە ئاماژە زۆرەکانی سەفەریان دەکرد. ئەگەرچی نەیاندەزانی کەیو چۆن ئاماژەکە دەبیننەوە، بەڵام دەبوو پەلەنەکەن. چونکە نەیاندەتوانی کوێرانە خۆیان بدەنە دەست ڕێگا. لەوماوە کەمەدا، خەڵکەکە هەستیان دەکرد کە ئەمان بوونەتە یەکێك لەوان، ئەگەرچی یادگاریو بیرەوەریەکانیان هی خێڵەکە نیە. تەنانەت کە شەوانان دادەنیشتن، سلێمان ئەو بەسەرهاتو حیکایەتانەی دەیزانین، بە شەوقێکی واوە دەیگێڕانەوە کە گوێگرەکانی هەستیان دەکرد هەموو ئەم شتانە بینینی یەکێکە لە خۆیان کە پاش دابڕانێکی زۆر گەڕاوەتەوە. کە دەگەڕایەوە لای مەستوورە، تا درەنگانێك لە ژێر جریوەی ئەستێرە دادەنیشتن یاخود خۆیان دەدایە ژێر تاڤگەی تریفە. دەشیانزانی ئاماژەی سەفەر بەدەرنەکەوتووە.

شەوێك سلێمان ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕانەوە کە بە فریودانەکانی جەستە ناوی دەبردو باسی دوو وێڵی دەکرد شەوێك لە چیادا دەمێننەوەو دەتوانن سەر لە درندەی چیاکە بشێوێنن. کاتێك تەواوبوو، سەرۆك خێڵەکە رووی کردە سلێمانو پێیوت:

-ئەم شەو یەکێك میوانمانە کە دەتوانێت بێکۆتا بەسەرهاتو حیکایەتەکان بشێوێنێت.

دوای ئەوە میوانەکە بە دەنگێکی گڕ کەوتە گۆڕینو شێواندنی ئەو حیکایەتە کە هەموو بە چێژێکی زۆرەوە گوێیان لێگرتبوو. لە یەکێك لە جارەکاندا میوانەکە حیکایەتەکەی وا شێواند: لە شەوێکی بیاباندا کاتێك درندەکە پەیدا دەبێت، یەکێك لە دوانەکە دەکەوێتە سەرچۆكو دەست دەکات بە خواردنی هاوڕێکەی، درندەکەش دێتە تەنیشتیو تا کراندنەوەی پەراسووەکانی لەلای



دەمێنێتەوە. میوانەکە بە جۆرێکی تریش حیکایەتەکەی گێڕایەوە ئەوەیش بەمجۆرە بوو: هەردوو وێڵەکە دوای ئەوەی شەویان بەسەر دێت، بە هاوارو مرخەوە بەدوای درندەکەدا دەگەڕێنو دەیخۆن.

هەرجارێکیش تەواو دەبوو گوێگرەکان دەیانداییە قاقای پێکەنین.

سلێمان ئەو شەوە لەناو چیرۆکە شێوێندراوەکاندا مایەوەو تا درەنگانێك، وەك یاریەکی سەیرو سامناك بیری لێدەکردنەوە.

ڕۆژی دواتر سەرۆك خێڵەکە کە فڕین مەستی کردبوو، داوای لە سلێمانکرد سەفەرێکی بە ئاسماندا پێبکات تا ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بووە لە بەرزییەوە سەیری مێرگەکە بکات. سلێمان چەند هەوڵیدا پەشیمانی بکاتەوە بەوەی پیریو لاوازییەکەی ڕێگای نادەن، بەڵام ئەو بە متمانە بەخۆبوونەوە وتی:

-دەتوانم بۆ هەر فڕینێك کچێك کە خۆت ئارەزوی دەکەیتو سێ حوشترت بەبارەوە بدەمێ.

-ئەوەی من لە تۆم دەوێت ئەوەیە کە لە سەفەردا یارمەتیم بدەیتو هەر خۆشت هەوڵی فڕین بدەیت.

دوای ئەو پەیمانە بەرەو گردۆڵکەیەکی دەوری مێرگەکە چوون. سلێمان بەدەم چاککردنو دڵنیابوون لە باڵەکان، ئەوەی فڕین پێویستی بوو، بە سەرۆك خێڵە پیرەکەی وت. ئەمەش چێژی فڕینی لا زیاتر دەکرد. کاتێك بە باڵەکانەوە لەسەر گردەکە وەستاو چاوە تیژەکانی بڕیە قوڵایی بیابانەکە، بایەکی نەرم یاری بە پەڕە ڕەنگاو ڕەنگەکانی باڵەکان دەکرد. سلێمان هاواری کرد:

-تەنها شتێك بیری لێنەکەیتەوە ترسە.

لەگەڵ قسەکانی سلێماندا رایکرد. ئەگەرچی هەنگاوەکانی خاوو قورس بوون، بەڵام ئەوە هەموو توانای بوو. کە گەشتە لێواری گردەکە باڵەکانی خێرا لێکداو بازێکی توندیدا. بەڵام وەك چاوەڕوان دەکرا، بێئەوەی بەرز بێتەوە، کەوتە

خوارەوە. ئارەزووی فڕین لەوە زیاتر بوو کە گوێ بە ئازارو کەوتن بدات. هەربۆیە چەند جارێکی تر دووبارەی کردەوە تا لە حەوتەم جاریدا توانی ماوەیەك بەرزببێتەوە. لەو ماوەیەشدا توانی بگاتە بەرزییەك کە کەس لە بیابانەکەدا پێینەگەشتووەو بە قوڵی سەیری مێرگەکەی کرد. سیحری جوانی مێرگەکەی بینی. لە نەشئەی فڕینو چێژی بینیندا هاوسەنگی تێکچوو، وەك باڵندەیەکی پێکراو بە لەشە لاوازەکەیەوە کەوتە خوارەوە. ئەوانەی لەوێدا بوون، تا نەگەشتنە سەری باوەڕیان نەدەکرد مابێت. کەچی ئەو بە زەردەخەنەیەکەوە کە ئازار لەودیویەوە دەبینرا، چاوی هەڵبڕیو وتی:

-ئەوەی من بینیم ئەوە دەهێنێت بۆی بمرم.

لە مێرگەکەداو بۆ ساڵانی دواتر، بەروارێك دروست بوو کە بە رۆژی فڕینەکە ناودەبراو نازناوی فڕیویشیان لە سەرۆك خێڵە پیرەکە نا کە تا مرد بەردەوام باسی ئەو چەند ساتە کەمەی فڕینی بە شێوەیەك دەکرد کە تێکەڵبوو بە ئەندێشە بەوەی بیابانی وەك ئافرەتێکی روت بینیبوو. هەبوو دەیوت:

-ئەو جێگایە تەنها بۆ فریشتەو پێغەمبەران ئاوەڵایە.

لەو رۆژە بەدواوە باسو خوازێك بڵاوبوەوە کە وایکرد خێڵە کۆچەریەکان، چەتەو رێگرەکان، کاروانەکانیش رێرەوی خۆیان بگۆڕنو بێن بۆ سەردانی مێرگەکە تا لە راستی ئەو رووداوە دڵنیابن. هەموو ئەمانەش وایکرد مێرگەکە بەرەو مێژوویەکی تر بڕواتو دەروازەکانی بەسەر زێڕی رێبواراندا بکرێتەوە کە رێگای سەفەرەکانیان دەگۆڕیو بەدەم باسی باڵە ئەفسانەییەکانی سلێمانەوە پشوویان دەدا. مێرگەکە لە مێژوویەکی تردا گەورە دەبوو کە گەڕیدەو پشکنەرانی نەوت نەیانتوانی بیسڕنەوە. بەڵام سلێمان لەبەردەم پرسیاری رێبوارو بازرگاناندا کە هەموو ئەو رێگایەیان بڕیبوو تا نهێنی ئەو دوو باڵە ئاشکرابکەن، بێدەنگ



دەبوو. ئەگەرچی هەواڵی مردنو پەککەوتەبوونی ئەوانە ئازاریان دەدا کە لە هەوڵی فڕیندا تیادەچوون.

نیوەڕۆیەك پیاوێك خۆی بە میرگەکەدا کرد کە کۆمەڵبوونی خەڵك لە دەوری، سەرنجی سلێمانی راکێشاو ئەویش بەرەو لای رۆشت. لەوێدا مەستوورەی بینی لەناو ئافرەتەکاندا وەستابوو. سلێمان ئەوەندە تێگەشت کە ئەو پیاوە ساڵی جارێك رێی دەکەوێتە مێرگەکەو چەند رۆژێك دەمێنێتەوە. لەو ماوەیەشدا بەخت دەگرێتەوە، خەون لێکدەداتەوە، بە گژوگیای هاڕاوو کوڵێندراو کە لە شووشەی بچوکدا هەڵیگرتوون، چارەسەری نەخۆشی دەکات، دەیتوانی سروشتیان بۆ بخوێنێتەوە، هەواڵی وردی هەموو ئەو کەسو ناوچانەشیان پێدەڵێت کە لێیدەپرسن. سلێمان گوێی لەو ژنانە بوو کە خەونێکیان بە هەموو وردەکاریەکەوە بۆ چەندین مانگ هەڵگرتووە تا بەوپەڕی شەوقەوە بۆی بگێڕنەوە، تا ئەویش گەنجینە شاردراوەکانیان بۆ ئاشکرا بکات. ئەو پیاوە غەریبە دەیوت:

-خەون تەنها زمانی غەیب نیە، بەڵکو ئەوە ژیانێکی ترمانە لەناو هێماو ئاماژەدایە.

سلێمان ئەوانەشی بینی کە بە قاچە بریناویەکانیانەوە دەوەستان تا بە دەرمانێکی جادووی چارەیان بکات، ژنە نەزۆکەکانیش چاوەڕوانی قسەیەك یاخود دەرمانێکیان دەکرد، ئەو پیاوانەش کە شەرمیان دەکرد باس لە نەخۆشیەکانیان بکەنو ئەو دانە کلۆرو رزیوانەشی بینی کە بە قسەی خۆش دەریدەهێنان.

یەکێك بە سلێمانی وت:

-دەڵێن ئەو لە لوقمانی حەکیمەوە فێربووەو دەتوانێت چارەی ئیرەیی و مردنیش بکات.

-مردن.. ئەی بۆ چارەی ناکات؟

-چونكە ئەو برە ئاڵتوونەی داوای دەكات لە توانای مێرگەكەو بیابانەكەشدا نیە. پاشان باووباپیرانمان دەڵێن كەس بەبیری نایەت ئەم پیاوە هەر هەبووە، وەك ئەوەی مردن زەفەری پێنەبردبێت.

پیاوەكە وایوتو سلێمانیش بە بێدەنگی گەڕایەوەو بیری لە بوارێك دەكردەوە تا لەگەڵیدا دانیشێت.

شەو لەدەوری ئەو پیاوە غەریبە كۆبوونەوە كە بێهیلاك بوون هەر چوار لای جیهان تەیدەكاتو دەریاكان دەبڕێت، لەگەڵ خۆیدا ڕووداوەكان دەبات، نهێنیەكان ئاشكرا دەكاتو شتە دەگمەنو سەیرەكانیش كۆدەكاتەوە.

چەند جارێك نیگای ئەوو سلێمان تێكئالاً، وەك ئەوەی هەریەكەیان شتێك لەوی تردا بخوێنێتەوە. ئەگەرچی سلێمان نەیدەتوانی بەوردی ئەو ئاماژەیە بخوێنێتەوە. لەناكاو پیاوە غەریبەكە كە بە جادووگەریش ناودەبرا، ڕووی كردە سلێمانو پرسی:

-پێدەچێت تۆ غەریب بیتو لە بیاباندا بەدوای شتێك وێڵ بیت، پێمبڵێ تۆ چیت لایە.

سلێمان هێشتا لە هەوڵی كۆكردنەوەی ئەو وشانەدا بوو كە لە زاری جادوگەرەكەوەو لە نێوان ددانە ئاڵتوونیەكانیەوە هاتنە دەرەوە كە سەرۆك خێڵەكە بە خرۆشەوە وتی:

-ئەمە ئەو پیاوەیە بە دوو باڵەوە گەشتە ئێرە كە نازانرێت باڵی فریشتەیە یاخود ئیبلیس.

دیاربوو كەسیان بایەخی بەم قسانە نەداو وردتر سەیری یەكتریان كرد.

سلێمان بێویستی خۆی بزە گرتیو وتی:

-لەكاتێكدا خۆت هەموو شتێك دەزانیت كەچی پرسیارم لێدەكەیت؟



-من هەموو تەمەنم سەفەرێك بووە بەدوای فڕیندا كە تەنها شتێكە بێتوانام لێی. هەربۆیە بەدوای تۆ كەوتم و ڕێگا چەپەكو گوندو شارە دوورەكانت بەدوادا دەگەڕام. دەشمزانی كلیلی سەفەرەكەی تۆش لە دەستی مندایە. منوتۆ دوو شتی جیاواز كۆماندەكاتەوە، تۆ بەدوای ڕاوچی جیهاندا دەگەڕێیتو منیش بەدوای ئەو هێماو ئاماژانەی دەمبەنەوە سەر ئەودیو جیهانو فڕینیش یەكێكە لە ڕێگاكانم.

جادوگەرەكە وایوتو بێدەنگ بوو. سلێمانیش بە ساردیەكەوە وتی:

-كام سەفەر؟

-ئەوەی نهێنی چارەنووسی لایە. بەلأم ئەوە بزانە كە ئاوا هەرگیز پێیناگەیت. چونكە لەوانەیە ئەو وشەیەك بێت یاخود لە تاریكی شەوو نووری بەیاندا بێت. من نامەوێت بێهیوابیت، بەڵكو دەمەوێت پێتبڵێم كە سەفەری تۆ لەودیو شوێنەوەیە.

دوای ئەوە هەردوكیان بڕیاریاندا لەبەرامبەر دوو باڵەكەی سلێماندا ئەویش ڕێگای سەفەرەكەی نیشان بدات. ئەو شەوە سلێمان بە هەستێكی تێكەڵ لە خۆشیو غەمەوە گەڕایەوە لای مەستوورە، هەستێك لە دۆزینەوەی ڕێگای سەفەرو ترس لە تەواو نەبوونی ئەم سەفەرە ئازاراویە بوو كە نیشانەو ئاماژەكان پەلكێشی دەكەنە ناویەوە.

لەوێدا سلێمان هەستی كرد مەستوورە دوو گیانە.

★ ★ ★

## بەرەو نادیار

بەیانی زوو، پاشئەوەی شەو وا ڕێكەوتن كە لەبەرامبەر باڵەكانی سلێماندا جادوگەرەكە ڕێگای سەفەریان نیشانبدات، بەرێكەوتن. لە ڕێگا بیری لە قسەی ئەو پیاوە دەكردەوە كە پێیوت:

-دەبێت بەرەو خۆرئاوا بڕۆنو وەك دەنكە لمێك لەم حیكمەتی بوونەدا سەیری خۆتان بكەن. چونكە هیچ كەسێك سەفەری وای نەكردووەو لە سەفەری ئاواشدا كەس نەگەڕاوەتەوە. بە وردی ئاگاداری بیابان بە ..

ئەو بەیانیە بە تەنیا، تاریكی لەخۆیەوە پێچانو لە چاو ون بوون. پاشئەوەی ڕێگا بردنی، ختوورەی هیچ ترسێك بە دڵیدا نەهات. چونكە دەیزانی دەبێت هەموو ئەم شتانە ڕووبدەن. بەسەر جەستەی بیاباندا دەڕۆشتنو بیری لە قسەی پیاوی خێڵەكە دەكردەوە كە باسی ئەوەی بۆ كردن ئەگەر تینوێتی زەفەری پێبردن چۆن حوشترەكان سەرببڕێتو ئەو توورەكەی ئاوە دەربهێنێت كە لە هەناویدا حەشاریداوە. سلێمان بە بزەوە بەخۆی وت چۆن ئەم حوشترانە سەردەبڕدرێن لەكاتێكدا دەڵێی كێونو ڕێدەكەن. یەكێك كە نەیدەزانی كێ بووە پێیوت هەندێك حوشتر كە خنكانیان لە چاوی كاروانچیدا خوێندەوە ئەوا خۆیان پاڵدەكەونو داوای چەقۆ دەكەن.

سلێمان جارێكی تر بیری لەوە دەكردەوە كە شتەكان هەموویان پێكەوەنو پێكیشەوە ژیان كامڵ دەكەن وەك تاریكیو ڕوناكی. بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان بكەین دەبێت مردن هەبێو بوون بە فراوانیەوە لە خۆماندا ببینین. هەربۆیە ناكرێت دووپشكیش، هەرچەند ژەهرەكەی خوێن بسوتێنێت، لە ژیان بكەینە دەرەوە، چونكە ئەوانیش بەشێكن لە بوونو ژیان بێئەوان مانای لەنگ دەبێت. چ هاوسەنگیەكی سیحرئامێزە ژیان.

پاش دوو شەوو ڕۆژ ڕێ ڕۆشتن بەرەو خۆرئاوا، بێئەوەی كۆتایی خۆرئاواكەیان بزانن، ڕێگایان بڕی. لەناكاو تارماییەكیان بینی كە گومانیان كرد حەكیمەكە بێتو هاتبێتە سەر ڕێگایان. بەڵام كاتێك گەشتنە لای، پیاوێكی پیری هیلاكو برسیان بینی. هەرزوو بە باری پڕ لە دەستنووسو قسەكانیدا بێئومێد بوونو



زانیان تەنها شاعیرێكی دێوانەیەو بەدوای سەروایەكی شیعرەكەیدا سەری خۆی هەڵگرتووەو خۆی داوەتە دەست مردن.

ئەوشەوە پێكەوە مانەوەو تا كاتی نووستن لە ژێر تریفەدا دانیشتن. سلێمان هەرگیز مانگی بەو جوانیە نەبینیبوو كە لەسەر سەریان خەرمانەی دابوو. جوانیەك قوڵایی هەبوو. شاعیرەكە وتی:

-ئەمە ژیانەو دەبێت هەریەكێكمان بەدوای قەدەری خۆیدا بڕوات. بەڵام مرۆڤ هەرچەند بژی ئەوا بەشێكی كەم لەم ژیانە دەبینێتو ئەوی تری لە نەزانراودا دەمێنێتەوە. تۆ دەتوانیت سەیری ئەم دەنكە لمە بكەیت كە تەمەنی لەگەڵ مێژوودایەو مانای پیربوون نازانێت، كەچی ئێمەی نەوەكانی كات دێینو هێڵێكی پیرۆز لەنێوان خۆمانو دەرەوەماندا دەكێشین، لە كاتێكدا كرمێكو دارخورماو بەرخێكیش ئەوەندەی ئێمە مافی ژیانیان هەیە. تۆ دەتوانیت جیاوازی لەنێوان گەڵەگورگێكو شمشێر بەدەستانی خێڵێكدا بكەیت ؟

سلێمان هەستی كرد جارێكی ترو لە شوێنێكی تردا هەمان قسەی بیستووە. بەڵام دڵنیانەبوو كە لە ئەندێشەی خۆیدابووە یاخود كەسێكی تر بۆی كردووە. دوای ئەوەی باسی خۆی بۆ شاعیرەكە كرد كە چۆن بەدوای حەكیمێكدا وێڵ بووە تا لەم زەمەنەی دەركات، شاعیرەكە وتی:

-من بۆ قافیەیەكو تۆش بۆ حەكیمێك دەگەڕێین كە دەشێت هەردووكیان یەك شت بێت، یاخود دواجار گەشتنی تۆ بەو، گەشتن بێت بەو قافیەیەی من بۆی عەودالم. ئێمە هەموومان بەدوای شتێكدا دەگەڕێین كە وەك ئەكسیری ژیان سەیری دەكەین. لەكاتێكدا شتەكان لەو شوێنەدا هەن كە دەبێت هەبن تا ئێمە پەیان پێدەبەین، ئەمەشە سەفەری ئێمە. تۆ بەسەرهاتی ئەو پیاوەت بیستووە كە بەدوای گیای نەمریدا گەشتێكی ئەفسانەیی كرد، بەڵام بۆ خەونێك لەدەستیداو مارێك خواردی. سەرئەنجام گەڕانەكانمان بە پەلكەزێڕینە دەكاتو نایگەینێ.

كاتێكیش پێیدەگەینو لەناو پرشنگی رەنگەكانیدا وەستاین، دەشێت ئەوكاتە ژیانمان دۆڕاندبێت.

-بەلاَم تۆ بەو رەشبینیەوە دەتەوێت شەڕی بیابانو ژیان بكەیت؟

-پێموایە ئەگەر ویستت لە جوانی دەریا تێبگەیت ئەوا دەبێت قولاَییەكەی بپشكنیت، رەشبینیش رۆحی ژیانە.

دوای ئەوە هەریەكەو لە جێگای خۆی راكشاو چاوی بڕیە ئاسمان.

بەیانی زوو سلێمان كە زانی سەفەرەكەیان لەسەر یەك رێگا نیە، شاعیرەكەیان بەجێهێشت. لە رێگا چاوی بڕیە قولاَیی بیابانو لەخۆی پرسی بەرەو كوێ.. وەلاَمی ئەو پرسیارەی لانەبوو. بەلاَم دەیزانی ئەو ئاوو خۆراكەی پێیانە بەشی چەند رۆژێكی كەم دەكاتو رووبەڕووی مردن دەبنەوە. لە دلَی بیاباندا بواری گەڕانەوە نامێنێت. سلێمان دەیزانی گەشتوونەتە ناوەڕاستی بیابانەكە بەوەی شەو ئەو ئەستێرەیەی لەسەر سەریان بینی كە جادوگەرەكە نیشانی دابوون. لەوشوێنەداو لەناكاو سلێمان وەستا. چەند جارێك سەیری دەوروبەری خۆی كرد، ئەگەرچی لم وەك پارچە مسێك لە بەردەمیاندا راخرابوو. ماوەیەك بە بێدەنگی مایەوە تا مەستوورە لێی پرسی:

-چی روویداوە؟

-هەست بە هاتنی رەشەبا دەكەم.

وایوتو بە خێرایی گەڕایەوە لای دوو حوشترەكەو بەدەست داینیشاندن. كەلوپەلەكانی توند بەستو بۆخۆشیان چوونە نێوان هەردوو حوشترەكەوە دانیشتن. پاشئەوەی دەستی خۆیو مەستوورەی بە گوریسێك بەستەوەو دەموچاوی بە یەشماخەكەی هەلَپێچا، داوای لە مەستوورەش كرد هەمان كار بكات كە تا ئەو كاتە بە سەرسامیەوە سەیری دەكرد.

-ئەگەر لەم بەلاَیە دەرباز بووین، دەبێت بیر لە رێگای گەڕانەوە بكەینەوە.



مەستوورە بە قولَی ترسی لە چاوی سلێماندا خوێندەوەو دەیزانی گەڕانەوە كارێكی مەحالَە.

سەرەتای رەشەباكە بەدەركەوتو كەوتە یاریكردن بە هەرشتێك كە توانای جولاَندنی هەبێت تا گەشتە ئەوەی لمی لەگەلَ خۆیدا هێنا. بۆیەكەمجار ترس وەك گولَێكی لمین لە دلَیدا چرۆی كرد. ترسی ئەوەی رەشەباكە گردۆلَكەی لمیان لەسەر دروست بكات. هەرچەندە سلێمان، وەك ئیبن گفیل لە حی بن یقظان دا، لەوباوەڕەدا بوو كە "هەركاتێك بەسەر كۆسپدا زالَ ببوایە هەستی بەوە دەكرد كە لە خوا نزیك بۆتەوە".

چاوەڕوانیو ترس تەنها شت بوون لە دەستیان دەهات. ترس بۆ یەكەمجار بە گومانی كرد لە هەموو سەفەرەكەیو وای بۆچوو كە ئەم بەدوای مردندا گەڕابێت نەوەك شتێكی تر. ئەمەش ئەنجامێكی كارەساتاوی بوو كە نەیدەویست بیری لێبكاتەوە.

سلێمان گوێی بۆ دەنگی نائاسایی رەشەباكە هەلَخستبوو كە ئاسمانی نوقمی غوبار كردبوو، زەویش لە ژێر پێیدا دەلەرزی.

-گوێبگرە لەوە دەچێت ئێمە لەناو غەزەبدا یەخسیربووبین. وا هەست دەكەم رەشەباكە بردبینیو ئێمە لەسەر زەوی نەبین.

سلێمان وایوتو بێدەنگ بوو. بیری لەوە دەكردەوە كە رەشەباكە ئەمان بەرەو كوێببات.

ئەوكاتە هەردوكیان هەستیان كرد هەرگیز ئەوەندە لەیەكەوە نزیك نەبوون. ئەگەرچی ئەم هەستەیان لەبەردەم ترسی مردندا بوو، بەلاَم سلێمان وای بۆچوو كە هەموو ئەم ماوەیە لەگەلَ بەشێكی خۆیدا بووە. ئێستا هەست بەو نهێنیە دەكات كە لەم بیابانەدا بۆی ئاشكرا بوو، لەكاتێكدا تەنها ئاسۆی مردنیان لێوە دیارە. نهێنی ئەوەی مەستوورە هیچ نەبووە جگە لە بەشێكی ونكردووی خۆی،

مێیایەتی خۆی بوو. لەوکاتەدا مەستوورە دەستی گرتو گوشی، گوشینێك سلێمان لێیەوە دەیتوانی لەو دەرئەنجامانە بگات کە ئێستا پێیگەیشت.

نەیانزانی چەند بەسەر هەڵکردنی رەشەباکەدا تێپەڕیوە، ئەگەرچی هەستیان دەکرد ماوەیەکی زۆر نیە کاتێك سلێمان بەسەرسامیەوە وتی:

-لەوە دەچێت رەشەباکەی خستبێت.

رەشەباکە بەرەو هێواش بوونەوە دەچوو. کاتێك هەستان لە حوشترەکان دڵنیابوون، پاشان سەیری چواردەوری خۆیان کرد، ئەو گۆڕانکاریەی رەشەباکە لە گردەکاندا کردبووی، بەڕادەیەك بوو سەرسامی کردن. چونکە لەوشوێنە نەدەچوو کە پێشتر خۆیان لێحەشاردابوو.

مەستوورە بە پەرۆشیەوە وتی:

-لەم نزیکانە بۆنی ئاو دەکەم..

-لە چ لایەکەوە؟

سلێمان وایوتو حوشترەکانی هەستاند تا بەدوای مەستوورە بکەوێت.

پاش بڕینی چەند گردێك بەلای باشووردا مێرگێکیان لێبەدەرکەوت کە لە جوانیو رازاوەییدا بۆنی بەهەشتی لێدەهات. بینینی ئاو هەستێکی سەیری لا جولاندن کە تەنها تینوێتی نەبوو. نامۆیی درەختو ئەو باڵندانەی لەوێدا بوون، سلێمانی ناچار کرد لەبەر خۆیەوە بڵێت لەم بیابانەدا مەحاڵە..

مێرگەکە چۆڵبوو وەك ئەوەی هێشتا هیچ رێبوارێك رێی تێنەکەوتبێتو سیحری ئەو فوارەو درەختانەی نەبینیبێت کە تەنها لە خەون دەکەن، بەدیار ئەو گوڵە بۆنخۆشو رەنگاورەنگانەوە تا مردن دانەنیشتبێت. پاش ئەوەی لەبەردەم یەکێك لە حەوزەکان دانیشتن، سلێمان رەشماڵێکی گەورەی بینی.

کاتێك بەرەو رەشماڵەکە چوون، پیاوێکی پیریان بینی لە گۆشەیەکی رەشماڵەکەدا دانیشتبوو. پیرەمێردەکە کتێبێکی نائاسایی کە پەڕەکانی لە نوور



بوو، لەبەردەمدا کرابووەوە بە قەڵەمێکیش لێیدەنووسی کە لە پەڕی تاووس بوو.
سلێمان، ئەگەر پیرەمێردەکە خۆی پێینەوتایە، ئەوا هەرگیز نەیدەتوانی وێنای ئەوە بکات کە ئەم پیرە لەم بیابانە سامناکەدا بوونەوەرێکی کوێرەو لە رێگای ئەندێشەیەوە بەردەوامی بە ژیان دەدات. کە گەشتنە بەردەم رەشماڵەکە، بە هێواشی سەری لەسەر پەرتووکەکە هەڵبڕیو وتی:

-زۆر دواکەوتن، چاوەڕوانیی ئاستەمە.

ئەگەرچی سلێمان بەتەواوی لە مەبەستی پیرەکە نەگەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی بە شڵەژانێکی نائاساییانەکرد کە بێویستی خۆی لە سڵاوکردنەکەیدا رەنگی دایەوە. هەرچەندە بڕینی ئەو هەموو شارو چیاو بیابانو رێکەوتە سەیرانەی دەهاتە رێگایو زۆر مەشەقەتی ویست، کەچی پیرەکە چاوەڕوانی ئەمانە. ئەمە شتێك بوو سلێمان نەیدەزانی چۆن لێکیبداتەوە تا لە لایەکی رەشماڵەکەدا ئەو کەناریەی بینی، بە خۆیو قەفەزەکەیەوە، لە رۆژێکی گەرمدا رێگای سەفەری نیشاندا. مەولاناشی بەهەمان جلوبەرگەوە بینی لە نزیك ئەو جادووگەرەوە وەستابوو کە بست بە بستی جیهان، وەك خۆی بە سلێمانی وت، بەدوای ئەمدا گەڕابوو. پیرەکە ئاماژەی بۆ کردن دانیشن. پاشان وتی:

-گوناهی ئێوە نەبوو کاروانەکانی من لە هێنانتان دواکەوتن. چونکە دەبوو زووتر ئاماژەی رێگات نیشان بدەن. تۆ دێتەوە یادت کە چۆن کەوتیت بەسەر ئەو دەستنووسەدا کە باسی فڕینی تێدابوو، شێوەی ئەو پیاوە دەکەیتەوە؟

سلێمان هەوڵیدا بەوردی ئەو ساتە بێنێتەوە یادی کە هەمووی بە گەمەیەك دەچوو و ئەم غافڵانە کەوتۆتە ناوی. لەناکاو بیری هاتەوە کە ئەو رۆژەی لای جوولەکە پیرەکە گەڕایەوە، پیاوێك ئەو کتێبەی بۆ هێنا کە باسی فڕینی تێدا بوو، پیاوێکی نامۆ.. ئا جادوگەرەکەی بیابان بوو.

سلێمان هاواری کردو بەسەرسامیەوە لە جادووگەرەکەی روانی.

-بەڵێ ئەو بوو کە بەدرێژایی سەفەر وەك سێبەر لێتان نەدەبووەوە. لەیادتە ئەو پیاوەی پێش تۆ هەوڵی فڕینیدا سەرکەوتوونەبوو. بەڵام ئەوکاتەی تۆ چەند جارێك هەوڵتدا، هەستت کرد دەستێك بەرزی کردیتەوە.

سلێمان سەرسام بوو لەوەی ئەم حەکیمە ئاگاداری هەموو شتێکە، وەك ئەوەی ئامادەیی لە شتەکاندا هەبێت. هەوڵیدا سیمای ئەوانە بەیادی خۆی بهێنێتەوە کە تا ئێستا وایزانیبوو رێکەوت هێناونیەتیە سەر رێگای. هەستی کرد هەریەکێکیان بەشێك لە سیمای ئەوی تری لە خۆگرتووە. تەنانەت شێوەی فەرەیدونو جادووگەرەکەو حەکیمەکەی لە خۆیدا بینی. وەك لە وێڵگەیەکدا بێت کە دەموچاوەکان بیخولقێنن، بە سەرسامیەوە وتی:

-باشە هەموو ئەمانە بۆ روودەدەن؟

حەکیمەکە دوای بێدەنگیەکی کەم، بە دەنگێك کە هەموو دەنگەکانی تێکەڵبوو، وتی:

-دەبێت ئەو نهێنیەت پێبڵێم کە من بەم چاوە کوێرانەمەوە لەوە شەکەت ترم پاسەوانیی ئەم دەستنووسە بکەم کە لە پشت ئەم جیهانەوە وەستاوە. زەمانێکە من چاودێریی ژیان دەکەم کە لەوە درێژترە ئەندێشەی بکەیت. لەوانەیە تۆ پێت وابێت کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ چەند ساتێك چێژ لە دیمەنی خۆرئاوابوون ببینێت. بەڵام ئەگەر ئەو دیمەنە چەند جارێك دووبارە بووەوە ئەوا نائاسایی بوونی خۆی لەدەست دەدات. هەرچۆن ئێستا من لەبەردەم وەرسیەکی کوشندەی ئەو دووبارە بوونەوەیەدام. بۆ ئەوەی چێژ لە شتەکان وەرگرین، دەبێت بەردەوام نائاسایی بن. بەڵام گەمەکەی من ئاسایی بوون کوشتیو دەبێت بۆ رێگایەك بگەڕێم تا لێی دەربازبم.

-بەڵام هەموو ئەم شتانەی تۆ پەیوەندیان بەمنەوە چیە؟



-لەو سەردەمەوە لە پاسەوانی ئەم کتێبە بێزاربووم کە شتێك مابوو هەرگیز بۆم ئەندێشە نەدەکرا ئەویش مردن بوو، نەمدەزانی خەونو مردن چێژیان چۆنە. ئەوە تەنها شتێکە لەسەرو ئەندێشەمەوە.

پاشان بە چپەوە وتی:

-ئەوەندە دەزانم کە لە خەونو مردنەوە رێگای گەڕانەوەم نیە بۆ ئەم بێزاریە، ئەم سەفەری چێژەش بە تۆ دەکرێت.

سلێمان بیری لەو ساتانەی خۆی دەکردەوە کە لەبەردەم ئەندێشەکردنی مردنی خۆیدا بێتوانابوو، ئەمەش خاڵی هاوبەشی نێوان خۆیو حەکیمەکە بوو. بەسەرسامیەوە وتی:

-من هەموو ئەو زەمانو شوێنەم بڕی تا بەدوای چارەنووسمدا بڕۆم، کەچی وادەردەکەوێت من بۆ رزگارکردنی یەکێکی تر هاتبم. ئەویش تۆیتو تۆش بۆ خۆت ئەم گەمەیەت بەڕێوە بردووە.

-دەشێت وانەبێت. دەمەوێت شتێکت پێبڵێم کە تۆ هەرگیز بە خەیاڵتدا نەهاتووەو ناشتوانیت وێنای بکەیت. ئەویش ئەوەیە کە لەوانەیە منو هەموو ئەم سەفەرەی تۆ دەیکەیت، یەکێك بێت لە داڵغە قوڵەکانی خۆت یاخود حیکایەتێك بێت کە فەرەیدون دەینووسێتەوە. منیش بۆخۆم بەگومانم.

ناوی فەرەیدون جارێکی تر سلێمانی لەبەردەم نهێنیەکدا راگرت. نهێنی ئەوەی رویداو ئەوەش روودەدات. بە حەکیمەکەی وت:

-بەڵام من بە دەستنووسەکەی ئەودا گەشتمە ئێرە.

-تۆ وای بۆ دەچیت. بەڵام گریمانی ئەوە ناکەیت کە سەفەرەکەت رۆشتنێك بێت لە ئەندێشەی من یاخود بەرجەستەبوونی ئەو دێڕانە بێت کە فەرەیدون دەیانووسێتەوە.

-من ناتوانم بە هیچ شتێك لەوانە باوەڕ بکەم. بەلاّم دەکرێت پێمبلّێیت ئێرە کوێیەو تۆ چەندێکە لێرە دەژیت؟

-لێرەدا کەسێك پرسیاری واناکات. چونکە لە بنچینەوە بوونیان نیە. هەربۆیە دەمەوێت لەم وەڕسیە دەربازبم.

-کەواتە ئێرە مردنە یاخود هاومانایەکی مردنە. بەلاّم تۆ دەلّێیت کوێرم؟

-بینین بەواتای سنووردار کردنی تێڕوانینە. بەلاّم خەیالّ کرانەوەیە بەسەر زۆرترین وێنەدا. گولّ لەلای تۆ لە رەنگو بۆنێکی دیاریکراودا سنووردار دەبێت. بەلاّم تۆ ناتوانیت ئەو گولاّنە بژمێریت کە لە ئەندێشەی مندان.

-بەلاّم منیش توانای ئەندێشە کردنم هەیەو چێژو جوانی..

حەکیمەکە قسەکانی پێبڕیو وتی: هەمیشە لەیادتان دەچێتو دەتانەوێت بە زمانی خواکان بدوێن، بێئەوەی بزانیت کە هێشتا نەگەشتوویت بە خۆت تا بە قولّی باس لە چێژو جوانی بکەیت. پاشان تۆ دەرك بە جیاوازی نێوان خۆتو هیچ بوونەوەرێکی تر ناکەیت، مەبەستم لەو جیاوازیە نیە کە تۆ پێتوایە لە بیرکردنەوەدایە. بەلّکو لە ئەندێشەو چێژی مردندایە.

پاش کەمێك بێدەنگ بوون سلێمان وتی:

-من دەموویست خۆم خاوەنی چارەنووسم بم.

-دەزانم هەردووکمان بەدوای شتێکی ونو نادیاردا دەگەڕێین، تۆ بەدوای کتێبێکدا دەگەڕێیت تا ژیان بگۆڕی. لەکاتێکدا من بەدوای مردندا وێلّم. دوای ئەوەی چارەنووسی ئافرەتە ئەتکراوەکان، مندالّە برسیو سۆزانیە چارەرەشەکان، ئەو شارانەم بینی بەدەم گەردەلولی شەڕو ئافاتەوە خاپوور دەبوون، دلّنیا بووم کە هیچ حیکمەتێك رێگا لە وێران بوونی جیهان ناگرێت.



ئەو رۆژە زۆر قسەیان کرد بێئەوەی مەستوورە بەشدارییان بکات. کاتێك سلێمان جیابوەوە، بەوردی بیری لە قسەی حەکیمە پیرەکە کردەوە. بەلایەوە سەیربوو کە وا بە ئارەزوویەکی زۆرەوە لەبارەی مردنەوە دەدواو دەیوت:

-ئیتر من لەوە پیرتربووم توانای راگرتنی ئەم جیهانەم هەبێت.

زۆرجار سلێمان بە دزیەوە چاودێری پیرەکەی دەکرد کە بە شارەزاییەکی زۆرەوە کاری دەکرد.

رۆژێك سلێمانی بانگ کردو پێیوت:

-هەستدەکەم کاتی ئەوە هاتووە سەبارەت دەستنووسەکە راستیەکت پێبلّێم کە تۆ بە دەستنووسی شەیتان ناوت دەبردو دەروازەکانی ئەم سەفەرەی لێکردیتەوە، ئەویش ئەوەیە کە من لە رێگای پیاوە جادوگەرەکەوە گەیاندمە دەست جوولەکەکە تا لەویشەوە بگاتە دەستی فەرەیدون. مەولاناو جادووگەرو کەناریەکەو هەموو ئەوانەی هاتبوونە سەر رێگای جارێکی تر لە مێرگەکەد نەیبینینەوە.

سلێمان بە بێزاریەوە وتی:

-کەواتە تۆ کوێرت کرد تا ئەو سەفەرە بەدوای چاکردنەوەی چاویدا بکاتو بگاتە دەستنووسەکە.

ئەو وەلاّمی نەدایەوەو سەری بەسەر کتێبەکەی بەردەمیدا شۆڕکردەوە. سلێمانیش لە سیمای رامابوو، لەویدا هەستی کرد پێشتر ئەوەندە لێکچونی لە نێوان ئەمو فەرەیدوندا نەبینیبوو.

ئێستا لە نهێنی ئەو سەفەرە پڕ لە مەشەقەتەی خۆی تێگەیشت.

حەکیمەکە لە بێدەنگی دەریهێناو وتی:

-دەزانم هەموومان لە کۆنیو پیری ئەم ژیانە بێزاربووین. بەلاّم هەردەم حیکمەتێك بۆ ژیان پێویستەو ژیان بێحیکمەت مەحالّە.

-بەلاّم دەكرێت خۆمان دانەری حیكمەتەكانمان بین.

سلێمان بە نائارامیەوە بە مێرگەكەدا دەگەڕا. چونكە ئەو نەیزانیبوو كە لە سەرەتاوە هەموو شتێك لە سەر ڕێگای دانراوەو دەبێت ئەم حەكیمەكە رزگار بكات نەوەك خۆی. كاتێكیش هەموو ئەم شتانەی بۆ مەستوورە باسكرد، ئەو پێیوت:

-دەزانی منیش وەك كەناریو جادوگەرو هەموو ئەو شتانەی بینیوتە لەسەر ڕێگات دانرام. بەلاّم هەر زوو گرفتارت بوومو لە ڕێرەوی یاریەكە دەرچووم. هەر بۆیە دەبێت چاوەڕوانی سزابم، سزای منیش ژیانە.

-بەلاّم كە ئەم یاریە كۆتایی هات، هەریەكەو بەو ڕێگایەدا دەڕوات كە بۆی دانراوە.

سلێمان بە بێزاریەوە وایوت. بەلاّم مەستوورە بە هێمنیەوە وتی:

-هێشتا تۆ كۆتایی ئەم یاریە نازانیت چۆنە كە لەوانەیە هەلّهاتن یاریەكە بە جۆرێكی تر تەواوبكات. سلێمان بە شەوقەوە بیری لە دەرباز بوون دەكردەوە. ئەگەرچی هەستی دەكرد لە سەرابێكی بێكۆتایدا وێلّبووەو ڕێگاكان حەشاردراون. ئەو كاتە حەزی دەكرد هەمووئەم شتانەی ڕوویاندا دالّغەیەكی قولّی خۆی یاخود خەونێكی دژواربێت نەوەك ڕاستی.

⋆ ⋆ ⋆



لەگەلّ ئەوەی سلێمان نەیدەزانی ڕێگای دەرباز بوون لەم هێمنیە بێكۆتاییەی مێرگەكەدا كە كاروانی ڕەشەبا هێنانی بۆی، دەكەوێتە كوێوە. بەلاّم هەلّهاتن ئەو دەروازە بە ئازارو جادوویە بوو كە دەبوایە بیدۆزێتەوە. ئەگەرچی هیچ ئاماژەیەك بەدەرنەدەكەوت. ناچار ڕۆژەكانی بە گەڕان دەبردەسەر، بێئەوەی كۆتایی مێرگەكە ببینێت. ئەمەش وایدەكرد بە سەرسامیەوە بلّێت ئەی ئێمە لە كوێوە هاتینە ناویەوە.

ڕۆژێك سلێمان لە ژێر دارسێوێك دانیشتبوو، بیری لە چارەنووسی ڕەشی خۆیو بنەمالّەكەیو ئەم سەفەرەی دەكردەوە كە بێئاكامی لێدەڕژا. مەستوورە پێیوت:

-پێموایە تەنها ڕێگا بتوانین لێیەوە هەلّبێین، ئەو مافوورە جادوییەی حەكیمەكەیە كە دەتوانێت دوورتر لە خەیالّ بمانبات.

-من دەمەوێت كۆتاییەك بۆ ئەم سەفەرەم بدۆزمەوە ئەویش لە ڕێگای بەدەست خستنی ئەو كتێبەوە..

-بەلاّم چۆن ئەوە بەدەست دەخەیت كە هەموو نهێنیەكانی تێدایە؟

-نازانم، بەلاّم دەبێت خۆمان خاوەنی زەمەنی خۆمان بین. ئەمەش لە ڕێگای كتێبی چارەنووسەوە دەبێت.

-پێموایە ئەو كارە تەنها بە دزینی دەستنووسەكە دەبێت، ئەویش بە فریودانی حەكیمەكە.

-بەلاّم ئەوە چۆن دەكرێت لە كاتێكدا ئەو هەموو شتێك دەزانێت. تەنانەت لەوانەیە ئاگای لەم بیركردنەوانەشمان بێت.

-لەوانەیە. بەلاّم ئەویش بۆ كۆتایی دەگەڕێت. ئەوە بزانە ئەو تا ئێستا ئەندێشەی شتەكانی كردووەو چێژی نەكردوون، تەنانەت چێژیشی ئەندێشە كردووە.

هەربۆیە دەبێت کارێك بکەین کە ئەو تووشی ئازار یاخود خۆشی ببێت. چونکە ئەوە دەبێتە هۆی خزانی بۆ ناو مێژو، هەرچۆن مێژو لە ئازارەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو تا ئێستا لە دەرەوەی مێژو یاخود زەمەندایە.

-ئەی ئەم کارە چۆن بکەین؟

مەستوورە بە پێکەنینەوە وتی:

-من دەتوانم ئەو کارە بکەم ئەویش بە نووستن لەگەڵیدا.

-بەڵام ئەو کارە مەحاڵە، تۆ..

مەستوورە قسەکانی پێبڕیو وتی:

-دەزانم دەتەوێت چی بڵێیت، بەڵام رێگایەکی تر نیە. پاشان من لەگەڵ ئەودا دەنووم ئەندێشەی تۆ دەکەم. ئەوەش بزانە کە من جگە لە خەیاڵێکی رووت هیچی ترنیم. پاشان پێش ئەوەی تۆ بدۆزمەوە، لەگەڵ زۆریتر نووستم کەوامدەزانی رێگای تۆ لە رێگای ئەوانەوە دەستپێدەکات.

دوای ئەوەی مەستوورە سلێمانی رازی کرد، ئەگەرچی زۆری ویست، سلێمان بە ئارامیەوە وتی:

-لە زەمانی مندا ئەو مافوورە وەك حیکایەتێکی ئەفسانەیی سەیر دەکرا.

-تۆ خۆت بوویتەتە ئەفسانە، ئەویش بە گەڕانەوەت بۆ ناو ئەفسانەکان.

کاتێك مەستوورە سلێمانی بەجێهێشت، رووەو رەشماڵەکە چوو. حەکیمەکە بەدیار دەستنووسەکەوە دانیشتبوو. مەستوورە بە نازێکەوە کە پێشتر نەینواندبوو، چووە ژوورەوە. بێئەوەی سەر لەسەر دەستنووسەکە بەرزبکاتەوە، وتی:

-بڵێ بزانم تووشی وەڕسی نەبوویت لەم بێکۆتاییەدا؟

مەستوورە بەدەم وەڵامدانەیەوە کە وتی ناکرێت ژیان هەر رۆژ بێت. بەڵکو دەبێت ئازار هەبێت تا هەست بە خۆشی بکەین. دەستی کرد بەداکەندنی جلەکانی



تا رەشماڵەکە پڕ لە بۆنی مێیایەتی بکات. زرنگەی بازنو گوارەکانی بە رەشماڵەکەدا بڵاودەبووەوە بەرووتی خۆیدایە دەست شنەیبا تا بۆنی جەستەی بەرێت.

بێدەنگی قوڵی حەکیمەکە ناچاری کرد لەسەرخۆ بچێتە پێشەوە تا لە تەنیشتیەوە وەستا. ئەو کاتە بۆنی لەزەت سەراپای رەشماڵەکەی داگیرکردبوو. دەستی بردو بەهێواشی دەستی حەکیمەکەی گرت کە لەسەر کتێبەکە دانابوو تا بیخاتە سەر مەمکی. گەرمی لەشی، مووچرکێکی پڕ لە خۆشی بە دەستەکەدا بڵاوکردەوەو خستیە جووڵە. مەستوورە چاوی نوقاندو ئەندێشەی سلێمانی دەکرد. بەچپە وتی:

-دەی من دەتبەمە سەر یەکەم گوناه کە گوناهی چێژە..

لێوی خستە سەر لێوی حەکیمە پیرەکە کە لەرزینێکی کەمی تیابوو. جەستەی وەك دەروازەیەك لە بەردەمیدا کردەوەو خۆشی کەوتە یاریکردن بە لەشی حەکیمەکە کە هەستی دەکرد گۆڕانێك لە لەشیدا رویداوە. تا گەشتە ئەوەی پاڵکەوتو مەستوورە لەسەری راکشا.

ئیدی چێژی یەکەمین جووت بوون رژایە دەمارەکانیەوەو بەدەم هاوارێکی بەرزەوە بۆ یەکەمینجار خەوت.

لەوماوەیەدا کە حەکیمەکە یەکەمین گوشینی مەمکی هەستپێکرد تا مەستوورە هەستاو ئەو دڵۆپە خوێنەی ناوڕانی سڕی کە خوێنی کچێنی بوو، مەستوورە چاوی نوقاندبوو تا ئەندێشەی سلێمان بکات.

لەبەرخۆیەوەو بەدەم لەبەرکردنەوەی جلەکانیەوە وتی:

-جیهان چێژێکی لەبن نەهاتووە کە بە گوناه پێیگەشتیت.

لەوکاتەدا سلێمان بەدەرکەوتو سەیری خۆگۆڕینی پڕ لە نەزاکەتی مەستوورەی دەکرد.

-ئەوە دەستنووس‌و مافوورەکەیەو دەبێت بڕۆین.

-پەلەمەکە چونکە یەکەمین خەونی ئەو زۆر قوڵ دەبێت.

سلێمان ئەگەرچی ئەوەی رویدا ئازاری دەدا، بەلاّم مەستوورە دڵنیای دەکردەوە کە هەموو ساتەکان بە خەیاڵ لەگەڵ ئەمدا بووەو ئەمەش لە موعجیزەکانی خەیاڵە.

حەکیمەکە لەو سکونە بێپایانەی تیای دەژیا، چووە ساتێکەوە کە مێژوو بوو.

* * *

**ئاکام**



جارێکی تر بە مافوورە ئەفسانەییەکەوە چوونەوە ناو سیحری فڕین، کە بە چێژێکی زۆرەوە ئاسمانیان دەبڕی. سلێمان دەستنووسەکەی کردەوەو کەوتە هەڵدانەوەی پەڕەکانی کە بۆی دەرکەوت بەپێی رژێمێکی سەیر ریزکراوەو یارمەتی دۆزینەوەی هەموو ناوێ دەدات. کاتێك ناوی خۆی دۆزییەوە، بینی هەموو ئەو شتانەی تێدا نووسراوە کە ئەم لە ژیانیدا بینیویەتی تا دەگاتە مێرگەکە. دەستنووسەکەی داخستەوەو رووی لە مەستوورە کرد، پێیوت:

-کتێبەکە منداڵێکی لە چارەنووسیوم کە پاش لە دایك بوونی وردە وردە دیار نامێنێت. بەلاّم چۆن نەهێڵین ئەمە رووبدات.

-ئەمە کارێکی مەحاڵە، بەوەی ئەوکاتە تۆش دەبیتە نووسەرێکی تری چارەنووسەکان کە وادەکات ئەم حیکایەتە هەربەردەوام بێت.

-کەواتە دەبێت بیر لە فەوتاندنی کتێبەکە بکەینەوە؟

-بەلاّم ئەمە چۆن لەگەڵ کتێبێکدا دەکەیت کە هەموو شتێکی لەخۆگرتووە؟

-بەفرێدانی بۆناو دەریا. ئەگەرچی ئارەزووم بوو چارەنووسەکان بگۆڕم‌و پێش رووداوو کارەساتەکان بکەوم، رێڕەوی ئەو شەقامانە بگۆڕم کە تیربارانی خەڵکی لەسەر دەکرێت، بە فریای ئافرەتە پەژموردەو غەمبارەکان بکەوم کە لە بێدەنگیدا دەکوژرێن‌و خۆیان دەکوژن، بەفریای زۆرشت بکەوم.

مەستوورە قسەکانی پێبڕی‌و وتی:

-تۆ ئەگەر بتەوێت بە فریای ئەشکەنجەدراوو ئەتککراوەکان بکەویت، ئەوا دەبێت بیر لە کوێرکردنەوەی وەجاخی ئینسان خۆی بکەیتەوە. چونکە ئەو سەرچاوەی جوانی‌و ناشرینی، چاکەو خراپەیە. هەربۆیە دەبێت لێگەڕێیت شتەکان بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

سلێمان بە حەسرەتەوە وتی:

-من نازانم بۆدەبوایە ئەو سەفەرە جادووییە بکەم..

-ئەوە چارەنووسی تۆ بوو. خۆ هەر کەسێکی تر لە جێگای تۆ بوایە هەمان پرسیاری دەکرد، بێئەوەی بزانێت بۆچی ئەو هەڵبژێردا. وەك سەربڕینی قوربانیەك کە گرنگ نیە بەدەستی کام قەساب یاخود بە کام چەقۆ سەردەبڕدرێت. هەرچەندە دەکرێت بەشێکی نهێنیەکان لای فەرەیدون بن.

-من تا ئێستا لەوە دڵنیا نیم کە هەموو ئەم شتانەی روودەدەن ئەو حیکایەتە نەفرەتیەی ئەوبێت کە لە ئەندێشەیدایە یاخود یەکێك بێت لەو بەسەرهاتە بێکۆتاییانەی کتێبە شەیتانیەکە ئەو لە خۆیدا حەشاریداوە. باشتر وایە بەرەو دەریا بڕۆین.

ڕێگای دەریا رامانبوو لە شارو چیاو بیابانەکان، بینینی زەوی بوو لە چەشنی کتێبێکدا کە خوێندنەوەی تەواو نەبێت. سلێمان بۆ یەکەمجار هەستی کرد زۆر بە زەوی دەچێت، خۆی بەم ئەستێرە پیرە دەهاتە بەرچاو کە لە قوڵاییی گەردوندا وێڵانە دەسووڕێتەوە، ئەو لە خۆی لە هەموو شتێك رامابوو کە بینینو ئەندێشە دەرکی پێبکەن؛ ئاژەڵ، گیا، کان، بەرد، خاك، ئاو، هەڵم، هەورەبرووسکە،تەرزە، دوکەڵو شەونم. پێکەوە بەراوردی دەکردن، دیتی هەرکامە تایبەتمەندی خۆیان هەیەو کردەوەو بزوتنیان جار یەکەو جارجارەش دژ بە یەکن. جار بەجار ئەوانەی لە هەندێك شتدا هاوبەش ئەدیو جاریواش هەبوو لێك جیاواز بوون، لەبەر خۆیەوە وتی: هەرچەندە ئەمانە بوونەوەرگەلێکی جیان بەلاّم جیاش نین، لە حوکمی یەکدان، جیایی ئەوان لە کردەوەیاندایە، رۆحی بوون لە تاکە تاکی هەرجۆرێکدا یەك شتەو هۆی جیاوازی ئەوەیە کە بەسەر دڵگەلی جیاجیادا دابەشکراوە..ئەگەر بتوانرێت لە شوێنێکدا کۆبکرێنەوەو بیانرێژنە نێو شتێکەوە هەموو دەبنە تاکە شتێك، هەروەکو ئاوێك کە لە کاسەو گڵێنەی جیاجیادا بێ،



ئەگەر هەموو لە گۆزەڵەیەك بکرێت تێدەگەین کە ئاوەکە چ جیابن یاخود پێکەوە بن یەك شتن.. ئەمەشە رۆحی جیهانو لێرەشەوە ناسینی جیهان دەست پێدەکات[‡].

ئەوان چوونەوە سەر ئەو کانیاوانەی سازگاریی لێهەڵدەقوڵاو ئەو میوانەی گەین باوەشی پیاکردبوون. سیحری هەڵهاتنو ئاوا بوون، بینینی سامی چۆڵەوانیو رۆچوون بە ریتمی سروشتدا.. دەستیان لە گەرمایی ژیان دەدا.. ئەمان هەموو شتێك بوون.

کاتێك لە سەفەری دەریا گەڕانەوە، مەستوورە لە نزیك شارێکەوە کە بە خامۆشی دەکردو بە(بیت لحم) ناودەبرا، ژان گرتی. لەوێدا هەور بوو بەسایەو باڵندەکان بە براو درەختەکانیش بە خوشکی ئەو منداڵەی لە ژانی ئافرەتێکی تەنیاوە لە دایك بوو کە دوا نەوەی بنەماڵەیەك بوو، سیمایان بە فەنابوون دەچێتو ئازاری تەنیایی دەچێژن. سلێمان چاوەڕوانی منداڵێك بوو، وەك دواتر بینی، کەدەرنەکەوتنو دیارنەمان لە خوێنیدا دەگەڕاو هەستی بە گوناهێکی گەورە دەکرد لەبەردەم ئەو منداڵەی کە منداڵیش نەبوو. گوناهی خستنەوەی یاخود نەتوانینی گۆڕینی قەدەری ئەو منداڵەی دەبوو عەزابەکان بچێژێت.

دوو رۆژ دوای ئەوە مەستوورە وتی:

-ئێستا بەرەو کوێ؟

-بەرەو سلێمانی.

-جارێکی تر؟

-گرنگ نیە چەند جاری تر. بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی زەمانو شوێنی خۆمانین.

[‡] زیندووی کوڕی بێداری ئیبن طفیل

لەرێگا سلێمان چیرۆکی ئەو پەیکەرتاشەی هاتەوە یاد کە پاش تەواوبوونی لە تاشینی پەیکەرەکەی، بەدیار جوانیو سیحری پەیکەرەکەوە خۆی لەیاد کردو مرد. لەوێدا بڕیاریدا هەموو ئەو سەفەرەی بنووسێتەوە کە رۆشتنبوو بە ئەفسانەدا. سەفەری ئەو پیاوەی لە رابردوودا بە سلێمان ناسرابوو، ئێستا نامۆیە پێیو لە خۆیدا نێژراوە. قەڵەمی هەڵگرت تا بەسەرهاتی سلێمان بنووسێتەوە کە بەدوای دەستنووسی جیهاندا رۆشت.

دەستی بە نووسینی یەکەم دێڕ کرد: من سلێمان،وەجاخزادەی ئەو بنەماڵە پیرو کەنەفتەم کە خوا بۆ هەتا هەتا لێی زویر بوو..

*     *     *